تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (7047) یەك شەممە 31ی ئابی 2025 | "16" لاپەرە | "500" دینار

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

هەڵەبجە یەکەم پارێزگەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە تەواوی کارەبای 24 کاتژمێری هەیە

پێش وادەی خۆی کارەبای 24 کاتژمێری گەیشتووەتە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پێشکەوتنەکانی پڕۆژەی ڕووناکی پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: نزیکەی 4 ملیۆن هاوڵاتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و زیاتر لە 115 هەزار شوێنی بازرگانی ئێستا لەڕێی پڕۆژەی ڕووناکیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کارەبای 24 کاتژمێرییان هەیە. هەروەها دەشڵێت: خۆشحاڵم ڕایدەگەیەنم کە هەڵەبجە یەکەم پارێزگەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە بە تەواوی کارەبای 24 کاتژمێریی هەیە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

نزیکەی 4 ملیۆن هاوڵاتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و زیاتر لە 115 هەزار شوێنی بازرگانی، ئێستا لە ڕێی پڕۆژەی ڕووناکیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کارەبای 24 کاتژمێرییان هەیە. ئەمەش زیاترە لە 50%ی دانیشتووان کە دەستکەوتی کەمتر لە ساڵێکە لە دوای ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە لە تشرینی یەکەمی 2024ەوە.

هەروەک بەڵێنمان دابوو پێش وادەی خۆی، کارەبای 24 کاتژمێری گەیشتووەتە ناوەندی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە. خۆشحاڵم ڕایدەگەیەنم کە هەڵەبجە یەکەم پارێزگایە لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە بە تەواوی کارەبای 24 کاتژمێریی هەیە.

ڕووناکی تەنیا کارەبای بەردەوام و جێی متمانە نییە، بەڵکوو بەشێکی سەرەکیی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەیە. تا ئێستا، زیاتر لە 3,200 موەلیدەی گازوایلی گەڕەکەکان کۆژێنراونەتەوە، ئەمەش وایکردووە گەڕەکەکانمان پاکتر و تەندروستتر و سەلامەتتر بن بۆ منداڵەکانمان.

ئامارەکان دەریدەخەن کە ماڵەکان و بازرگانانیش مامەڵەیان لەگەڵ کارەبا گۆڕاوە: کەمتر بەکار دەهێنن و لە پڕۆژەی ڕووناکیدا، نزیکەی 80%ی خەڵک پارەی کەمتر دەدەن بە بەراورد بەو بڕەی کە پێشتر بە موەلیدەکانیان داوە.

هێشتا کارمان ماوە. بەڵێنەکەمان لەجێی خۆیەتی، هەموو ماڵ و شوێنێکی بازرگانی تا کۆتایی ساڵی 2026، کارەبای 24 کاتژمێریی دەبێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئانۆ جەوهەر، وەزیری گواستنەوە:

لە داهاتوویەکی نزیکدا کار لە دروستکردنی فڕۆکەخانەی دهۆک دەکرێت

وەزیری گواستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، دیزاینێکی تازە و سەردەمیانە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی دهۆك ئامادە کراوە و بڕیارە لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی ناسراو بە قۆناغ لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە دروستکردنی بکەین.

ئانۆ جەوهەر، وەزیری گواستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی دهۆك پێش زیاتر لە 10 ساڵ دیزاینێکی بۆ ئامادە کرابوو و ئەو دیزاینە بۆ ئێستای فڕۆکەخانەکان پێویست بوو گۆڕانکاریی تێدا بکرێت بەهۆی پێشکەوتنەکانەوە، کە زۆرێك لەو وڵاتانەی فڕۆکەخانەشیان هەبوو، فڕۆکەخانەی تازەیان دروست کرد، بۆیە فڕۆکەخانە و شێوەی دروستکردنیان ساڵ دوای ساڵ دەگۆڕدرێت.

هەر سەبارەت بە دیزاینی فڕۆکەخانەکە، وەزیری گواستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات، لە ساڵی 2023دا ئێمە دیزاینێکی تازەمان بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی دهۆك ئامادە کرد و ئێستاش لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی ناسراو سەرقاڵی بابەتی شێوازی دروستکردنی فڕۆکەخانەکەین و لە داهاتوویەکی نزیکدا کار دەکەین بۆ ئەوەی بە قۆناغ دەست بە دروستکردنی فڕۆکەخانەکە بکرێت و دوای تەواوبوونیشی بکەوێتە خزمەت هاوڵاتیانی خۆشەویستەوە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە یانەکانی سەنحاریب و ئەکاد و بەخدێدا دەکات



دوێنێ، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی یانەکانی سەنحاریب و ئەکاد و بەخدێدا کرد، ئەمە دەقەکەیەتی: گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک و ڕاهێنەر و یاریزانانی یانەکانی سەنحاریب لە دهۆک و ئەکاد لە عەنکاوە و یانەی قەرەقۆش/بەخدێدا دەکەم بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمی پاڵەوانێتی بالەی خانمانی عێراق. هیوای پێشکەوتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازم و پشتیوانیی خۆمان بۆ وەرزشوانان و بزاڤی وەرزشی لە کوردستان دووپات دەکەینەوە.

پڕۆژەی ڕووناکی هەڵەبجە وەک یەکەمین پارێزگە بە تەواوەتی ڕووناک دەکاتەوە

پارێزگەی هەڵەبجە:

سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین

کارەبای بەردەوام پیرۆزە لە هەڵەبجەییەکان و هیوادارین بەرپرسیارانە کارەبا و ئاو بەکار بهێنرێن

پارێزگای هەڵەبجە لەبارەی دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هەڵەبجە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش وەك یەکەم پارێزگە کارەبای 24 کاتژمێری بۆ دابینکراوە، لە ڕاگەیەندراوێکدا سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هەڵەبجە دابینکراوە، هەروەها پارێزگەی هەڵەبجە داوا لە هاوڵاتیانی شارەکە دەکات هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی کارەبادا بکەن و بەپێی ڕێنماییەکان بجوڵێنەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)


فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا:

بەغدا وەکو هاوڵاتیی پلە دوو تەماشای کورد دەکات

فارس عیسا، دەڵێت: کێشەی گەورەی ئێمە لەگەڵ بەغدا عەقڵییەتە، ئەوان دەیانەوێت بڕیار بدەن و ئێمەش جێبەجێی بکەین، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێن، پێویستە کورد یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بێت، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دەستکەوتەکانی ڕابردوو لە بەغدا بە یەکدەنگی بەدەست هاتوون.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لە سنووری ناحیەی خانکێ گۆڕستانێکی 2 هەزار و 300 ساڵەیی دۆزرایەوە



بەهۆی دابەزینی ئاوی بەنداوی موسڵ، لە ناحیەی خانکێ سەر بە پارێزگەی دهۆک گۆڕستانێک دۆزرایەوە کە زیاتر لە نیو سەدەیە ژێر ئاو کەوتبوو، تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ گۆڕ تێدا دۆزراوەتەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دکتۆر محێدین محەمەد خانی:

هاتنی هەر ئەپێک دەتوانێت هەم دەرفەت بێت هەم هەڕەشە، چونکە ئێمە بڕیار دەدەین نەک ئەوان



زیرەکی دەستکرد AI ئەو بابەتەی ئەمڕۆتەواوی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و پەروەردەش لێی بەدەر نییە، لەبارەی ئەوەی کە ئایا زیرەکی دەستکرد چۆن دەتوانرێت بێتە ناو کایەی پەروەردەو بە سوودی گشتی بۆ پڕۆسەکە بشکێتەوەو زمانی تیا پارێزراو بێت؟ دکتۆر محێدین محەمەد خانی لە پانێلێکدا بە ناونیشانی (زیرەکی دەستکردوپاراستنی زمانی کوردی) بابەتێکی لە کۆڕبەندی پەروەردەیی پیشکەشکرد.لەبەر گرنگی بابەتەکە لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن ئەم ڕاپۆرتەی لەسەروتەکانی ئامادەکردووە.

(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)

پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی:

ئاگرەکەی پێنجوێن کۆنترۆڵ کراو کەسێکیش دەستگیرکراوە

7

---

65 مۆلیدەی گەڕەکەکان دەکۆژێنرێتەوە

15 هەزار تۆن دوانۆکسیدی کاربۆن لە هەوا کەم دەبێتەوە





د. سالار عوسمان

گۆڕینی چاویلکە!..

نەتەوە چییە؟.. بیری نەتەوەیی چییە؟.. کورد و بیری نەتەوەیی و پێوەندیی نێوانیان؟.. ئەمانە کۆمەڵێك پرسیاری کۆن و تازەن، کە دەبێ بەردەوام قسەیان لە بارەوە بکەین و بۆ هەر دەور و زەمانێکیش گۆڕانی بەسەردا دێت، کەواتە ئێمە لەسەر چەمکگەلێکی بزۆز و ناجێگیر دەدوێین و دەئاخفین، جارێ هەر بۆخۆی تێگەیشتن لە چەمکە ناجێگیر و بزۆزەکان پرسێکی قسەهەڵگرە و، لێیان دەخوازێت لە ڕوانگای کۆنەوە قسە لە نوێ، یا ڕاستتر بڵێین قسە لە چەمکە بزۆز و ناجێگیرەکان نەکەین، کە پێموایە تا ئێستێ بەشێك لە ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە چاویلکە بگۆڕن، بۆیە قسە و نووسین و ئارگۆمێنتەکانمان هەم کۆنن، هەم دووبارە و هەم کەم کاریگەریی و، هەمیش شتێك ناگۆڕن.

بەپێی ئەم دەرازینگە کورتە، وا نزیك دەبینەوە لە بابەتێك، کە پێی دەگوترێ قسەکردنی نوێ، کە بەندە لێرەدا و لەڕێی هەردوو گرفتی: (قسەکردنی کۆن لە نوێ و، نەگۆڕینی چاویلەکە) دەمەوێت خوێنەران بخەمە نێو بیرکردنەوەیەکی قوڵترەوە، بەڵێ دەمەوێت بڵێم پێویستمان بە قسەکردنی نوێ هەیە، ئەم قسەکردنەیش لەبەردەم چەمکی بیرمەند ڕامانەدگرێت، کە ئاخۆ بیرمەندەکانی کورد لە کوێن و چەند توانیویانە بیرمەندیی وەك پرۆسەیەکی مەعریفی ــ کولتووری بخەنە نێو ژیانەوە و بەشدار بن لە گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ؟

من لاگیریی لەوانە ناکەم کە پێبانوایە کورد بیرمەندی نییە، بەڵام لاگیریی لەوە دەکەم کە بەرهەمەکانیان نەبۆتە بەشێك لە پرۆسە و کاریگەریی و گۆڕینی ژیان بەرەو باشتر، کە ئەم بابەتەش بۆخۆی قسە هەڵدەگرێ و بێگومان هەموو ئۆباڵەکەیشی بۆ بیرمەندانی کورد ناگەڕێتەوە!

نەتەوە چییە؟

قسەلێکرنی نوێ پێیان دەڵێت، نەتەوە واتە هەموو ئەو جۆرە خەڵکانەی دەیانەوێت پێکەوە بژین، کەواتە زمان، خاك، ئایین، مێژوو و کولتووری هاوبەشیش، گەر ئیرادەی پێکەوەژیانیان نەبێت، نابن بە نەتەوە، بەڵکوو دەبن بە کۆمەڵێك پارچەی پێکناکۆکی گرژ و ڕقن و، هەمیشە نزیك لە شەڕ!..

بیری نەتەوەیی چییە؟

بیری نەتەوەیی بەرلەوەی بیر و ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندیی هاوبەش بێت، ڕۆحە، واتە دەبێ لە ڕۆحەوە ئەم بیرە چەکەرە بکات و، هەرگیز دوو گروپ، دوو عەشیرەت، دوو ئایین و دوو حزب ناتوانن پێکەوە بژین، گەر ڕۆحی پێکەوەژیانیان نەبێت، کەواتە ئەوە ڕۆحە بیری نەتەوەیی دروست دەکات، ئەو ڕۆحەی دەیەوێت پەروەردە، باوەڕ، بەها، ئایینە و مێژوو دروست و لێك گرێ بدات، گەر ئەو ڕۆحە نەبێت، لە هەر لەحزەیەکدا ئەگەری پێکدادان لە ئارادایە و، چیرۆکی تاڵی پێکدادانە نێوخۆییەکانی کورد، گەلانی ناوچەکە و جیهانیش لەبەر چاوانن و حەوجە بە میناك هێنانەوە ناکات.

کورد و بیری نەتەوەیی؟

دەتوانین سەدان نموونە و سەدان چیرۆك و سەدان خوێن و سەدان نموونە و میناکی سەلێنراو بهێنینەوە، کە هەموو خاڵە هاوبەشەکانی کورد، لە نموونەی: (زمان، مێژوو، جوگرافیا، کولتوور، ئایین و داب ونەریت)، نەیانتوانیووە بیری نەتەوەیی کوردی بەرهەمدار بکەن تا ئەو ئاستەی کورد ببێت بە خاوەن و خودان دەوڵەت، قەوارەی بێ هەڕەشە، پێکەوەژیانیی ڕۆحیی بێ ئاریشە، ئەمە لە کاتێکدایە، کە کورد نەتەوە و گەلێکی فرە و فرەوانە، زەنگین و سەنگینە، خودان و خاوەن خوێنە، بەواتایەکی تر، بیری نەتەوەیی کوردی لە ئاستی خودی کورددا نییە و، ئێستا زۆربەمان بە دیار ئینتیما بچووکەکانەوە لە ناکاملیی بیری نەتەوەیی کوردی ڕادەمێنین و ناتوانین پێنگاقی مەزن بنێین!

د. هێمن هەورامی لەگەڵ جێگرانی سەرۆکی جەهەپە و فراکسیۆنی دەم پارتی کۆدەبێتەوە

ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بەرز دەنرخێنرێت





خەبات/ ئێوارەی ڕۆژی 29/8/2025، لە ئەنقەرە، هێمن هەورامی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ جێگری سەرۆکی جەهەپە و هاوکات لەگەڵ جیگری سەرۆکی فراکسیۆنی دەم پارتی و ئەندامی کۆمسیۆنی تایبەتی پەرلەمانی تورکیا بۆ پرسی چارەسەری و ئاشتی کۆبوونەوە.


لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، هێمن هەورامی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٩ ی ٨ لە ئەنقەرە سەردانی بارەگای سەرەکی پارتی گەلی کۆماری ــ جەهەپەی کرد و لەگەڵ نامق تان جێگری سەرۆکی جەهەپە و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و پەرلەمانتار سەزگین تانریکولو پەرلەمانتار و نوێنەری جەهەپە لە کۆمسیۆنی تایبەتی پەرلەمانی تورکیا بۆ چارەسەری پرسی کورد کۆبوونەوەکەدا هێمن هەورامی سڵاو و ڕێزی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێگەیاندوون و لەسەر دواین پەرەسەندنەکانی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری دیموکراسییانەی پرسی کورد لە تورکیا و چەکدانانی پەکەکە و وردەکاریی پشتیوانی و هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی بۆ شاندی جەهەپە ڕوونکردووەتەوە. هەروەها هێمن هەورامی ئاماژەی بەوەش کردووە کە نامق تان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ پێشوازی و دیدارەکە، ڕۆڵی گەورە و دیاری سەرۆك بارزانی و پارتی و هەرێمی کوردستان لە پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری دیموکراسییانەی پرسی کورد بەرز نرخاندووە و هەڵوێستی حزبەکەیان بۆ هەنگاوەکانی ئێستا و داهاتوو شیکردەوە و هەنگاوەکانی بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا تاوتوێ کران.

هاوکات هەر هەمان ڕۆژ هێمن هەورامی سەردانی ئۆفیسی سەرەکی دەم پارتی لە ئەنقەرە کرد و لەگەڵ گولستان کیلیچ، جیگری سەرۆکی فراکسیۆنی دەم پارتی و ئەندامی کۆمسیۆنی تایبەتی پەرلەمانی تورکیا بۆ پرسی چارەسەری و ئاشتی و پەرلەمانتاری وان زولکوف ئوجار کۆبوونەتەوە و لە دیدارەکەدا بە وردی ڕاوسەرنج و سیاسەتی پارتی لەسەر پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتی و گفتوگۆکانی ئەم قۆناغە و هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی کۆتاییهێنان بە شەڕ و تۆندوتیژی و کرانەوەی سیاسی و یاسایی بۆ چارەسەری ڕیشەیی پرسی کورد لە تورکیا خرایەڕوو و هەروەها بیروڕا لەسەر هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونەکان و ئاستەنگەکان و هەنگاوەکانی داهاتوو ئاڵوگۆڕ کران. گولستان کیلیچ هەنگاو و کارەکانی کۆمسیۆنە پەرلەمانییەکەی خستەڕوو و ڕۆڵ سوپاسگوزاری ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و پارتی بوو بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا:

بەغدا وەکو هاوڕێتیی پلە دوو تەماشای کورد دەکات

هەندێک لایەنی عێراق نایانەوێت هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن



سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێت: کێشەی گەورەی ئێمە لەگەڵ بەغدا عەقڵییەتە، ئەوان دەیانەوێت بڕیار بدەن و ئێمەش جێبەجێی بکەین، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێن، پێویستە کورد یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بێت، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دەستکەوتەکانی ڕابردوو لە بەغدا بە یەکدەنگی بەدەست هاتوون.

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: کێشەی ئێمە لە بەغدا کێشەی عەقڵییەتە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی هەرێمی کوردستان بەرەوپێش ڕۆیشتووە و متمانەیان بە وڵاتێکی دیموکراسی و فیدراڵی نییە، بەپێی دەستووریش ئێمە وڵاتێکی دیموکراسین، بەڵام مامەڵەی ئەوان مەرکەزییە، ئێمە دەستکەوتەکانمان بە یەکڕیزی پاراستووە، لە ڕابردوو و لە حکوومەتیش بە یەک تیم کار کراوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵیداوە کێشەکانی هەرێم نەگەنە بەغدا، بۆیە بۆ کشانەوەش پێویستە هەموو فراکسیۆنەکان پێکەوە بکشێنەوە نەک یەک فراکسیۆن.

فارس عیسا گوتیشی: بەغدا وەکو هاوڕێتیی دەرجە دوو تەماشای کورد دەکات و پێی وایە پێویستە ئەوان بڕیار بدەن و ئێمە جێبەجێی بکەین، بۆ پرسی نەوتیش، پێشتر ڕێککەوتن لەنێوان هەرێم و بەغدا هەبووە بۆ ئەوەی ڕەشنوسێک ئامادە بکرێت و یاسای نەوت و غاز دەربچێت، عێراق لێی پەشیمان بووەوە، لە مانگی شەش کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئێمە ئەنجام دا و بڕیار درا ئەو نەوتەی بەردەستە لە سەرەتای مانگی حەوت ڕادەستی بەغدا بکرێت، ئێمەش بەغدامان ئاگادارکردەوە، بەڵام عێراق وەری نەگرت، گوایە کێشەی تەکنیکی هەیە، بۆیە جێگەی داخە عێراق مامەڵەی جیا لەگەڵ ئێمە دەکەن.

فارس عیسا باسی لەوەش کرد: هەندێک لایەن لە عێراق نایانەوێت هەرێم و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بە درۆن هێرش بکرێتە سەر کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کێشەکان هەر وا بەردەوام بن، ئەوانەی درۆنیان ئاراستەی هەرێم کردووە دیارن، ئەوانەی درۆنمان ئاراستە دەکەن بەشەو و بەڕۆژ، سەرەخۆشیان لێ دەکەن، ئەوەی کرا بۆ ئەوە بوو هەرێم و بەغدا نەگەنە ڕێککەوتن. دەشڵێت: وڵاتانیش لەگەڵ ئەوەدا نین کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام بن، ئەوانیش هەوڵ دەدەن چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەگەر ئێمە لە بەغدا یەکدەنگ و یەکڕەنگ بین کێشەکان باشتر چارەسەر دەکرێن، یەکڕیزیی کورد دەبێتە فاکتەرێک کێشەکان بەیەکجاری چارەسەر بکرێن، چونکە لە عێراق وا بیر دەکەنەوە چەند لە هەرێمی کوردستان بەدەن پێگەی ئەوان بەهێز دەبێت.

بژار حەکیم، چاودێری سیاسی بۆ (خەبات):

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کاریگەریی نەرێنی لەسەر دۆخی ئەمنی دروست دەکات



خەبات- پەری محەمەد

نووسەر و چاودێرێکی سیاسی دەڵێت: چوونە دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق لەڕووی سەربازییەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە عێراقی بێ هێزی ئەمەریکا ئایندەیەکی ترسناکی بۆ خەڵکی عێراق دەبێت و گرووپی میلیشیای زۆر سەرهەڵدەدەن. دەشڵێت: چونکە ئەمەریکا لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، بە ملیاران دۆلاری لەڕووی سەربازی لە عێراق خەرج کردووە. بژار حەکیم ڕاشیگەیاند: هەروەها پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، هەژموونی سەربازیی وڵاتانی ئیقلیمی لەسەر عێراق بەشێوەیەکی نەرێنی و خراپ دەرهاوێشتەکانی تۆختر دەبنەوە. بەتایبەت لایەنە توندڕۆکان و گرووپە چەکدارەکانی عێراق کە لایەنگیری وڵاتانی ئیقلیمی دەکەن، هەژموونی خۆیان زیاتر بۆ تێکدانی سەقامگیریی عێراق دادەڕێژن.

هێزەکانی ئەمەریکا لە فڕۆکەخانەی بەغدا و بنکەی عەین ئەسەد و چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراق دەکشێنەوە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا: کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق بە ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا



وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێت: کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق هەنگاوێکی سروشتییە و بە ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا و ئەرکی هاوپەیمانان لە عێراق بۆ پەیوەندییەکی ئاسایشی دوولایەنەی نەریتی دەگۆڕێت.

دوێنێ شەممە 30/8/2025، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ ڕووداو لەبارەی کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق، ڕایگەیاندووە: بەپێی ئەو ڕاگەیێندراوە هاوبەشەی ئەیلوولی ڕابردوو بڵاوکرایەوە و تێیدا خشتەی کۆتاییهێنان بە ئەرکی سەربازیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە عێراق ڕاگەیێندرا، هێزی هاوپەیمانان بەپێی ئەو خشتە کاتییەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە کار بۆ گواستنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکرێت، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە عێراق. دەشڵێت: وەک لە بەیاننامە هاوبەشەکەدا ئاماژەی پێدراوە، کۆتاییهێنان بە ئەرکی سەربازیی هێزەکانیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی سروشتییە، چونکە ئەرکی هاوپەیمانان لە عێراق بۆ پەیوەندییەکی ئاسایشی دوولایەنەی نەریتی دەگۆڕێت.

پێشتر دوو سەرچاوەی باڵای ئەمنیی عێراق ڕایگەیاند: لە ڕۆژی شەممەوە هێزەکانی ئەمەریکا لە چەند ناوچەیەکی بەغدا دەست بە کشانەوە دەکەن. ڕاوێژکاری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنباریش گوتی: لە عەین ئەسەدیش دەکشێنەوە. بەگوێرەی ئەو دوو سەرچاوەیە کشانەوەکە لە ناوچەی سەوزی بەغدا، فڕۆکەخانەی بەغدا و بنکەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە بەغدا دەبێت. هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2014ـەوە لەسەر داوای فەرمیی حکومەتی عێراق و بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی داعش لە عێراق جێگیرن و پێکهێنەری سەرەکی ئەو هێزەش ئەمەریکایە.

www.xebat.net
یەك شەممە 31ی ئابی 2025 ژمارە(7047)
خەبات

پڕۆژەی ڕووناکی هەڵەبجە وەک یەکەمین پارێزگە بە تەواوەتی ڕووناک دەکاتەوە

هاوواڵتیان بە کارەبای 24 کاتژمێری دڵخۆشن و سوپاسی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی دەکەن

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەرۆشی خزمەتکردنی هەڵەبجەییەکانە

هەنگاوەکانی پڕۆژەی ڕووناکی لە کوردستان خێران و 4 ملیۆن هاوواڵتی و 115 هەزار شوێنی بازرگانی، کارەبای 24 کاتژمێریان پێگەیشتووە، هاوواڵتیان دڵخۆشن و سوپاسی سەرۆکی حکوومەت دەکەن و دەڵێن، ئیدی ژینگە پاك دەبێتەوە و دەنگی مۆلیدە لە کۆڵانەکان نامێنێت.

مامۆستا ئەنوەر هەورامی، پەیوەست بە پڕۆژەی کارەبای 24 کاتژمێری بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: من وەك هاوواڵتییەك دەستخۆشیم بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە کە سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی ڕاسپارد کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هەڵەبجە پێشبخات و وەک یەکەم پارێزگای کوردستان و عێراق ببێتە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری، بەڕاستی کارێکی جوانە و پێیان دەڵێت حکوومەت پەرۆشی خزمەتکردنی هەڵەبجەییەکانە.

دایە حەمدییە بەکر، لەبارەی کارەبای 24 کاتژمێرییەوە گوتی: سەرۆکوەزیران مەسروور بارزانی، خەمخۆر و دڵسۆزی گەلەکەیەتی، بۆیە سوپاسی دەکەین بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی کارەبا و ئێستا ئێمە بوینەتە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری، بەڕاستی کارێکی باشە، چونکە مۆلیدە ژینگەی وڵاتی پیس دەکرد و ژاوەژاوی هەبوو کە ئێمە 2 ئەمپێر کارەبامان هەبوو و جگە لەوەی نرخەکەی گران بوو، نەماندەتوانی وەك پێویست پێداویستییەکانمانی پێ دابگیرسێنین، بۆیە پڕۆژەی ڕووناکی زۆر دڵخۆشی کردووین.

لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕووناکی، ئێستا 4 ملیۆن هاوواڵتی و 115 شوێنی بازرگانی سوودمەندن لە کارەبای 24 کاتژمێری، بڕیارە تا کۆتایی ساڵی 2026یش کوردستان بە گشتی ببێتە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری.

عەرەب محەمەد، هاوواڵتییەکی تری سوودمەندی کارەبای 24 کاتژمێری، لای خۆیەوە ڕایگەیاند: دەمەوێت بڵێم کارەبای 24 کاتژمێری جێگای شانازییە و ئەوە دوو هەنگاوی گرینگی سەرۆك بارزانی بوون بۆ هەڵەبجە، یەکەم لە بەغداوە هەڵەبجەی کردە پارێزگا، دووەمیش وەك یەکەم پارێزگای سەر ئاستی عێراق و کوردستان کردنییە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری. دەشڵێت، من کە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووم بۆ ئازادی و خۆشبەختیی گەلەکەم، پێموایە کارەبای 24 کاتژمێری هەنگاوێکی گرینگی حکوومەتەکەمانە بۆ گەلەکەی، ئێمە چاوەڕێ زیاتریش لە حکوومەتی خۆمان دەکەین.





وەزارەتی کارەبا:

لە پڕۆژەی ڕووناکیدا 4 ملیۆن هاوواڵتی کارەبای 24 کاتژمێرییان بۆ دابین کراوە

تا ئێستا 3 هەزار و 200 مۆلیدە کوژاونەتەوە و کۆتایی 2026یش زیاتر لە 7 هەزار مۆلیدەی کارەبا دەکوژێنرێنەوە

لە٨٠٪ی هاوبەشانمان پارەیەکی کەمتر لە کارەبای نیشتمانی و کارەبای مۆلیدەیان داوە

وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنێت کارەبای 24 کاتژمێری بۆ نزیکەی 4 ملیۆن هاوواڵتی دابینکراوە کە دەکاتە زیاتر لە 50%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕووناکیدا.

وەزارەتی کارەبا دەشڵێت: ئەم هەنگاوە هەڵەبجە دەکاتە یەکەمین پارێزگە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان کە کارەبای 24 کاتژمێری هەبێت لە ڕێگەی پڕۆژەی ڕووناکییەوە و ئەم فراوانبوونەش هاوواڵتیان لەسەر ئاستی ناوەندی شارەکانی هەولێر و دەروروبەری، دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە دەستییان دەگات بە کارەبای 24 کاتژمێری و زووتر لە پلانی داڕێژراو. بەپێی وەزارەتی کارەبا، زیاتر لە 3,200 مۆلیدەی گازوایل لە گەرەکەکان کوژێنراونەتەوە و تا کۆتایی ساڵی 2026یش، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پلانیدایە زیاتر لە 7,000 مۆلیدە بکوژێنێتەوە.

وەزارەتی کارەبا ئاماژەی بەوەش کردووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشووتر ڕایگەیاندبوو: هاوواڵتیان کەمترین پارەی کارەبایان دابوو لە پسوولەکانی مانگی شەش. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نرخە نوێیەکان کە بۆ پاراستنی خێزانە کەمدەرامەتەکان و هاندانی هاوواڵتیان بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی کارەباوە دانراون. لەژێر نرخە نوێکاندا، 80%ی هاوواڵتییان پارەیەکی کەمتر دەدەن بە کارەبا بە بەراورد بەو پارەیەی دەیاندا بە هەردوو کارەبای نیشتمانی و کارەبای مۆلیدە گازوایلەکان.

جێگەی باسە، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2024، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی ڕووناکی ڕاگەیاند بەمەبەستی گەیاندنی کارەبای 24 کاتژمێری بۆ سەرجەم ماڵ و شوێنە بازرگانییەکان تاوەکو کۆتایی ساڵی 2026. لە ئایاریش ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەکۆی دەنگ بڕیاری پەسەندکردنی پڕۆژەکەی دەرکرد.



پارێزگەی هەڵەبجە:

سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین

پارێزگای هەڵەبجە لەبارەی دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هەڵەبجە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش وەك یەکەم پارێزگە کارەبای 24 کاتژمێری بۆ دابینکراوە، لە ڕاگەیەندراوێکدا سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هەڵەبجە دابینکراوە، هەروەها پارێزگەی هەڵەبجە داوا لە هاوواڵتیانی شارەکە دەکات هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی کارەبادا بکەن و بەپێی ڕێنماییەکان بجوولێنەوە.

دوێنێ شەممە 30/8/2025، لەبارەی دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: پارێزگەی هەڵەبجە بووە یەکەمین پارێزگا لەسەر ئاستی عێراق کە کارەبای ٢٤ کاتژمێری پڕۆژەی ڕووناکی، هەڵەبجە ڕووناک دەکاتەوە.

پارێزگەی هەڵەبجە ڕاشیگەیاندووە: پاش ئەوەی پڕۆژەی ڕووناکیی دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری گەیشتە پارێزگەی هەڵەبجە، بەمەش بووە یەکەمین پارێزگە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان کە بە تەواوەتی لەم پڕۆژەیە سوودمەند دەبێت و هاوواڵتییان و خاوەنکاران دەبنە خاوەن کارەبای بەردەوام، لەم چوارچێوەیەدا، ئیدارەی پارێزگەی هەڵەبجە سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە هەڵەبجە وەک یەکەمین پارێزگا بە تەواوەتی ڕووناک دەکاتەوە، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی پارێزگەکەمان، ئەم تایبەتمەندییەی پێدراوە و ئەمەیش بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پارێزگەکە و هاوواڵتیانمان.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە: ئاگاداری هاوواڵتیانمان دەکەین کە وەکوو پارێزگەی هەڵەبجە لەسەر داواکارییتان نامەی فەرمیی پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کراوە دەربارەی نرخی کارەبا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەڵەبجە پارێزگەیەکی نوێیە و ژمارەی دانیشتووانەکەی کەمە، داوامان کردووە جیاکارییەک بۆ پارێزگاکە لە نرخی کارەبادا بکرێت، هیوامان خواستووە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا و لە دۆخێکی دارایی گونجاودا بە نرخی پاڵپشتیکراوی زیاتر گۆرانکاری لە نرخدا بکات.

پارێزگاری هەڵەبجە لە بەشێکی تری ڕاگەیەندراوەکەیدا ئاماژەی بەوەش کردووە: لەکاتێکدا کە کارەبا و نەبوونی وزە کێشەیەکی گەورەیە لە هەموو عێراق و هاوواڵتییان بە دەستییەوە دەنالێنن، ئیدارەی پارێزگەی هەڵەبجە داوا لە هاوواڵتیانی خۆشەویست دەکات هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی کارەبادا بکەن و بەپێی ڕێنماییەکان بجوولێنەوە و بەکارهێنانی کارەبا بەشێوەی پێویست و بەرپرسیارانە و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی، دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی پسوڵەکان گونجاو بێت و با---ری سەرشانی هاوواڵتییان قورس نەبێت و زامنی دابینکردنی کارەبای بەردەوامە بۆ هەموان. ڕاشیگەیاندووە: ئامانجی پڕۆژەی ڕووناکی ئەوەیە هاوواڵتییان بتوانن لە کارەبای بەردەوام سوودێکی زیاتر وەربگرن و لە هەمانکاتدا نرخی کارەباکەیان لەوەی پێشووش کەمتر بۆ بگەڕێتەوە. ئاماژە بەوەش کراوە: پیرۆزە لە هەڵەبجەییەکان و هیوادارین هەموومان بە بەرپرسیارانە کارەبا و ئاو و و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکە بەکار بهێنین.



تەواوی گەڕەکەکانی سەنتەری سلێمانی و سیتییەکان کارەبایان بووە 24 کاتژمێری

وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند: لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 28ی ئابی 2025 تەواوی ئەو گەڕەکانەی ناو سەنتەری سلێمانی کە (5) زۆنە و ژمارەیان (32) گەڕەکە لەگەڵ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، کارەباکەیان بووەتە 24 کاتژمێری، بەمەش کۆی گەڕەکەکانی سەنتەری شاری سلێمانی کارەبایان بووەتە بەردەوام. هەروەها ڕایگەیاند: هەر هەمان ڕۆژ کارەبای شارۆچکەی قەرەداغ و گوندەکانی دەوروبەری و هەردوو شارەدێی عەرەبەت و بەرزنجە و گوندەکانی دەوروبەری کارەبایان دەبێت بە 24 کاتژمێری. وەزارەتی کارەبا ئاماژە بەوەش دەکات: بە گشتی لە پارێزگای سلێمانی 351 هەزار هاوبەشی کارەبا و ملیۆنێك و 450 هەزار هاوواڵتی سلێمانی لە پڕۆژەی ڕووناکی سوودەمەند بوون و کارەبایان بووەتە بە 24 کاتژمێری.

جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی 602 مۆلیدە کوژاوەتەوە.

ناوی ئەو گەڕەکانەی سلێمانی کە کارەبایان بووەتە 24 کاتژمێری (تانجەرۆ، ناوگردان، ئاڵیاوای خوارەوە، بەردەکەڕ، زرگوێز، کانی شاسوار، زرگوێزەڵە، هوانە، ژاڵەی سەروو، ژاڵەی خوارەوو، فەرەج ئاوا، ڕازیانە، کانی شینکە، قلیاسان، قولەڕەیسی، شاهین ستی، سایە ستی، نالی ستی، ڕاپەڕین، ڕاپەڕین/شوقەکان، ڕاپەڕین/باوەمردە، ڕاپەڕین/29 کان، ڕاپەڕین/117 کان، کۆبانێ ستی، ڕاپەڕین/گەڕەکی زانکۆ، ڕاپەڕین، تاسلوجە/سەردارئاوا، تاسلوجە، کەنەکەوە، تاسلوجە/سەردەم، تاسلوجە/دارتوو).

بەهۆی کارەبای 24 سەعاتی لە هەڵەبجە

65 مۆلیدەی گەڕەکەکان دەکوژێنرێتەوە

15 هەزار تۆن دوانۆکسیدی کاربۆن لە هەوا کەم دەبێتەوە



www.xebat.net
یەك شەممە 31ی ئابی 2025 ژمارە(7047)
خەبات



چیا هەرکی*

باغی بێ داد!

جاران لێرە و لەوێ گوێیان لێ دەبوو کە گوایە ناوی (بەغداد) کوردییە و لە (باغی داد)ەوە هاتووە، بەمەش ناڕاستەوخۆ مەبەستیان بوو بڵێن کە بەغدا بە گوێرەی ناوەکەی، وەک جوگرافیا، ڕۆژگارێک مۆڵکی کورد بووە!

نازانم ئەم بۆچوونە لە دەمارگیرییەوە سەرچاوەی گرتبوو یان هەر بۆ خۆشی و گاڵتە و دڵدانەوە دەیانگوتەوە، بەڵام لە یەک شت دڵنیام، ئەویش ئەوەیە کە بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو، بەغدا بۆ کورد نە باغی داد بووە و نە ئێستاش باغی دادە!

لەم نووسینەدا سەرنجی خوێنەر دەبەمەوە سەر دووانەی بەغدا و داد، بۆ ئەوەی هەر دیوە دوژمنکارییە سیاسییەکەی ئەو پایتەختە بۆ هەرێمی کوردستان نەبینێت، بەڵکوو دیوە دوژمنکارییەکەشی لەبواری یاسا و دادگاکانیشیدا ببینێت. بەوپێیەی بە درێژایی ساڵانی دوای ڕووخانی بەعس و بەتایبەتی لەم دە ساڵەی دواییدا، بەغدا لە ڕێی دادگاوە ڕەوایەتییەکی نایاسایی و نادابەڕوەرانەی بە گوتاری سیاسیی دژە کورد، داوە!

بۆ نموونە، بەغدا لەبری ئەوەی لە ڕێی دادگاوە داکۆکیی لە مافی یەکسان و وەک یەکی خەڵکی عێراق بە جیاوازیی پێکهاتەکانی بکەنەوە و زامنی مافەکانیان بن، کەچی دادگای کردووەتە چەک و ئامرازێک بۆ دژایەتیکردنی ماف و ئیرادەی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

نموونەیەکی زەق و زیندووی ئەم بواڕە، دادگای باڵای فیدراڵییە کە لە کێشەی دارایی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵدا، تەواو سەنگەری دژایەتیی هەرێمی کوردستان و کوردستانیانی گرتووە. لەکاتێکدا پرسی بوودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان، ماف و شایستە و بەرکەوتەی یاسایی و ڕەوای خەڵکی هەرێمی کوردستانە، کەچی بەغدا کردوویەتییە کارتێکی فشاری سیاسی و لە ڕێی دادگاشەوە ڕەوایەتی بەو ناڕەوایی و بێدادییە داوە.

بیانوو و پاساوی گوتاری سیاسی و دادگا لە بەغدا بۆ ئەم دژایەتییەی مافی کوردستانیان، ئەوەیە کە گوایە هەرێم پابەندی یاسا و بڕیارەکان نەبووە، لەکاتێکدا پرسیاری جیددی ئەوەیە، کە ئاخۆ بڕیار و یاساکان لەم ڕووەوە ڕەوا و دادپەروەرانەن و مافی وەک یەکی هەمووان بێ جیاوازی دابین کردووە و دەکەن؟ گرفتی ئێمە هەر تەنیا مووچە نییە کە مافێکی یاسایی و ئاسایی هەر فەرمانبەرێکە و بەغدا ئەوە بە مووچەخۆرانی کوردستانی ڕەوا نابینێت، بەڵکوو گرفتە سەرەکییەکە ئەوەیە کە زیاتر لە یازدە ساڵە بەغدا هەرێمی کوردستانی لە بوودجە و بەرکەوتە و شایستە داراییەکانی بێبەش کردووە و بۆ ڕەوایەتیدانیش بەم بێدادی و ناڕەوایەی، بابەتی ڕادەستکردنەوەی داهاتی نەوتی و نانەوتی کردۆتە بیانوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەموو ڕێکارەکانی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ لە پرسی مووچە و تەنانەت هێنانەناوەوەی دادگاش بۆ ناو هاوکێشەکە، پێچەوانەی دەستوورن.

ئەگەرچی عێراقی دوای بەعس تا ئێستاش لە حاڵەتی نادەوڵەتدایە و هێزگەلی سیاسیی هەژموونگەرا ئیرادەی سیاسیی خۆیان بەسەر بڕیارەکانیدا سەپاندووە، بەڵام ئەوە گریمان دەوڵەتێکی دامەزراوەییە، ئێ خۆ یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت؛ پاراستنی ئاسایشی خێزانە، کۆڵگەیەکی ئەم ئاسایشەش مسۆگەرکردنی سەرچاوەی بژێوی و گوزەرانە، کە مووچە بەشێکیەتی.

بۆیە کاتێک دەوڵەت پرسی ژیان و قووتی خەڵک تێکەڵ بە کێشەی سیاسی دەکات و فەرمانبەران دەکاتە بارمتە و لەسەرووی ئەمەشەوە دادگا دەکاتە ئامراز و دەسکەلای دەستی، جگە لەوەی ئەمە نیشانەی نائامادەیی دەوڵەتە وەک دامەزراوە و ئەوەی کە بە ناوی بڕیار و یاساشەوە دەیکات، ئەوپەڕی ناڕەوایی و لووتکەی نایاسایی و ترۆپکی بێدادییە. بەوپێیەی هیچ یاسایەک ئەو ماف و ڕەوایەتییە نادات دەوڵەت دەست بنێتە بیناقاقای خەڵک.

کاتێک لە نائامادەیی دەوڵەت وەک دامەزراوە و لە نەبوونی ئیرادەی سیاسیی بەرپرسیاردا، دادگا دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی بەرێوەبردنی ناکۆکییەکان و بە پێشێلکردنی دەستوور و بەپێی ویست و مەیلی لایەنێکی کێشەکە تەفسیر و تەئویل بۆ دەقەکان دەکات، ئەوکات دادپەروەری دەبێتە نوکتە. ئیدی هەر ئەم ڕاستییە بەڵگەدار و سەلێندراوەیە کە وا دەکات بڵێین: هەر بە ڕاستی ئەم (بەغداد) بۆ کورد، پایتەختی پێشێلکاری و ناوەندی ناڕەوایی و باغی بێ داددییە!

* ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی.

لە سنووری ناحیەی خانکێ گۆڕستانێکی 2 هەزار و 300 ساڵەیی دۆزرایەوە

بێکەس بریفکانی، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری دهۆک:

ئێستا کنەوپشکنینی گۆڕەکان دەکرێت و پاشان بۆ مۆزەخانەی دهۆک دەگوازرێنەوە



بەهۆی دابەزینی ئاوی بەنداوی مووسڵ، لە ناحیەی خانکێ سەر بە پارێزگەی دهۆک گۆڕستانێک دۆزرایەوە کە زیاتر لە نیو سەدەیە ژێر ئاو کەوتبوو، تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ گۆڕ تێدا دۆزراوەتەوە.

بێکەس بریفکانی، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری پارێزگەی دهۆک گوتی: دوای دابەزینی ئاستی ئاوی بەنداوی مووسڵ، لە ساڵی ٢٠٢٣ێ ڕووپێویکی شوێنەواریان لە ناوچەکە کرد، شارێکی مێژوویی دۆزییەوە و ئەم ساڵیش کە ئاستی بەنداوی مووسڵ زیاتر دابەزی گۆڕستانێک دەرکەوت کە تا ئێستا ٤٠ گۆڕ تێدا دۆزراوەتەوە، لە ئێستادا دەستکراوە بە کنەوپشکنینی گۆڕەکان و پاشان دەگوازرێنەوە بۆ مۆزەخانەی دهۆک.

بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری پارێزگەی دهۆک گوتیشی: گۆڕەکان بە شێوازێکی سەیر نێژدراون، گۆڕەکان لە دوو بەش پێکدێن، بەشی سەرەوە و بەشی خوارەوە، تابووتیان بە فوخار دروستکراوە و لەسەر شێوازی هێلکەیی دروست کراون، وەکو ئەوەی چوون کۆرپەلە لەسکی دایکدا بووە بە شێوازی هێلکەیی، ئەوهاش دوای مردنی گەراندووتەوە سەر شێوازی جارانی و نێژراون.



بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەوار و کەلەپووری پارێزگەی دهۆک، هەزار و ٤٠٠ ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری لە سنووری پارێزگەکە تۆمار کراون.

ئافرەتێکی ئاوارەی نیشتەجێی ئاکرێ نزیکەی 100 ئاڵای کوردستان دەداتە شاندی وڵاتان

کوردستان عەلی چالاکوان بۆ (خەبات):

ئافرەتانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بەشێکن لە بەرگریکردن لە دۆزی کورد و کوردستان



خەبات - ساسان دەرۆیش

ئافرەتانی ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ تێکچوونی ڕەوشی سووریا بەهۆی جەنگ و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارەبوون بۆ باشووری کوردستان و لەکەمپەکاندا نیشتەجێبوون، وێڕای سەختی ژیان و گوزەرانیان توانیویانە ڕۆڵی گرنگ ببین بۆ بژێویی ژیانیان و ماڵ و منداڵیان و خزمەتکردنی کورد و کوردستان، لەمبارەیەوە کوردستان عەلی چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەڵمانیا بۆ خەبات قسەی کرد.



سەرەتا کوردستان عەلی دەربارەی ئافرەتی کورد و هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانیان گوتی: لە کوێی دونیادا هەیە بە ئەندازەی ئافرەتی کورد ئازار درابێت بەدەست داگیرکارانی کوردستان و زوڵم و زۆرداریان و سەختییەکانی ژیانیان تێپەڕاند بێت و سەربەرزانە لە پەروەردەی منداڵ و لە دەرەوە وەک فەرمانبەر و پێشمەرگە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە، یەکێک لەو نموونانە خاتوو مونا سلێمان خەڵکی گوندی دوگیرێی ڕۆژئاوای کوردستانە کە زۆربەی تەمەنی لە دیمەشق بەسەر بردووە و بەهۆی کارکردن و پێویستی بژێویی ژیانی، نزیکەی 20 ساڵە لە هەولێر لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکەیدا دەژی، ئەو کۆچەش چارەنووسی بەشێکی نەتەوەی کوردیش بووە دەرئەنجامی پلانەکانی سیاسەتی شۆڤێنیستی ئەسەد و بەعس بوو کە بە شێوەیەکی سیستماتیک لەسەر گەلی کورد جێبەجێ کرا، سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی ژیان، هێشتا وەک کورد دەژین، پەروەردەی بنەماڵەکەیان کوردی بووە و زمانەکەیان کوردی بووە.

کوردستان عەلی دەڵێت: دوای ئەوەی قەیرانی سووریا چووە قۆناغێکی تووندوتیژی، خاتوو مونا لەگەڵ منداڵەکانی و هاوسەرەکەی بەرەو باشووری کوردستان ڕۆیشتن، لەوێ لە ئاکرێ نیشتەجێبوون و هەروەها دەستیان کرد بە کاری دەستی، وەک دروستکردنی جلوبەرگی نەریتی و کوردەواری و چنین، لە کەمپی ئاکرێ دەرفەتی بۆ کچان و ئافرەتانی ناوچەکە ڕەخساند بۆ فێربوونی پیشەی نەریتی لە چنین و دووریتی جلوبەرگی کوردەواری و زۆرکاری دەستی.

کوردستان عەلی ڕاشیگەیاند: لەگەڵ هاتنی ڕێککەراوی نێودەوڵەتی بۆ نیو کەمپەکەیان، خاتوو مونا بە مۆرالێکی بەرزتر هاوکاریکردن و جێگە دەستی خۆی نیشاندان، نزیکەی 100 ئاڵای کوردستانی بەدەست لەگەڵ ئاڵای وڵاتانی وەک بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، وەک دیاری گەیاندە شاندەکانی ئەو وڵاتانە، بەڵام دیسانەوە پابەند بوو بە چالاکییە سیاسییەکانی و دڵسۆزانە پەیوەندی بە تۆڕی بارزانییەکانەوە کرد میتۆدیستەکان و بەردەوام بوو لە کارەکانی، بەڵام شایەنی باسە هاوسەرەکەی لە هەموو جوواڵە و جووڵەکانیدا یارمەتی دەستی داوە. لەو کاتەوە لۆگۆی حزبی بە مۆری حزب هەڵکەندراوە، هەروەها دیاریەکی پێشکەش بە شێخ خەڵات بارزانی کردووە لەسەر گڵکۆی بارزانیی نەمر. ئەمساڵ لۆگۆی تۆڕی دڵسۆزانی بارزانی لەسەر دەستی خۆی دروستکردووە و دیاریەکەی پێشکەش بە بەرپرسی تۆڕەکە کردووە، سەید عەبدولعەزیز موحسین بارزانی.

ئەم ژنە کوردە ڕۆڵێکی بە نرخ و گرنگی کۆمەڵایەتی و هونەری لە دەوروبەری خۆیدا گێڕاوە، تا ئەوکاتەی بووەتە مۆدێلی ژیانی سەرکەوتوو، لە ناوچەی ئاکرێ، هەرچەندە ژنانی کورد چەندین نموونەی ئازایەتی و پێشکەوتنیان خستووەتەڕوو، بەڵام ئەم مۆدێلە قوتابخانەی کاری ئافرەتانی کورد دەوڵەمەندتر دەکات. شانبەشانی ئافرەتانی کورد بۆ ئایندەیەکی گەش.



تۆماس باراك، نێردەی ئەمەریکا لە سووریا:

سەقامگیریی سووریا پێویستی بە بەهێزکردنی ئابووری هەیە

نێردەی ئەمەریکا بۆ سووریا، تۆماس باراک ڕایگەیاند: جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکی وڵاتەکەی، دۆناڵد ترەمپ بۆ سووککردنی سزاکانی سەر سووریا بەردەوامە. گوتیشی: سەقامگیریی سووریا پێویستی بە بەهێزکردنی ئابووری هەیە.

تۆماس باراک لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس نووسیوویەتی: جێبەجێکردنی بڕیاری بۆیرانەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بۆ سووککردنی سزاکانی سەر سووریا بەردەوامە کە ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ سووکردنی کۆنترۆڵی هەناردەکردن بۆ سووریا لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی ئەمەریکاوە. هەروەها ڕاشیگەیاندووە: سەقامگیریی سووریا پێویستی بە بەهێزکردنی ئابووری هەیە.



سووریا دەبێتە وڵاتێکی ترانزێت بۆ بازرگانی

وەزیری بازرگانیی تورکیا، عومەر بۆڵات ڕایگەیاند: پەیوەندییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی قووڵمان لەگەڵ گەلی سووریادا هەیە و دووبارە سووریا دەبێتە وڵاتێکی ترانزێت بۆ بازرگانی وەک پێش ساڵی ٢٠١١.

عومەر بۆڵات لەمیانی کردنەوەی ٦٢هەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی دیمەشق ئاماژەی بەوەدا کە ئازادیی جموجۆڵی ترانزیت لەگەڵ سووریا لە ڕۆژی پێنجشەممەوە دەستپێکرد و ئەوەش لە ڕووی زیادبوونی بازرگانیی نێودەوڵەتی، سوودی بۆ سووریا، تورکیا و ناوچەکە دەبێت. هەروەها وەزیری بازرگانیی تورکیا گوتی: پەیوەندییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی قووڵمان لەگەڵ گەلی سووریادا هەیە. جەختی لەوەش کردەوەك تورکیا بەردەم دەبێت لە پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتی بە حکوومەتی سووریا لە سەرجەم بواڕەکاندا. باس لەوەش کرد: تورکیا و سووریا هەوڵدەدەن هاریکارییە هاوبەشەکانی نێوانیان لە بواڕە جیاجیاکاندا زیاد بکەن بەتایبەتیش لە بواڕەکانی دیپلۆماسی، بەرگری، بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵ، گواستنەوە و وزە، گوتیشی: دووبارە سووریا دەبێتە وڵاتێکی ترانزێت بۆ بازرگانی وەک پێش ساڵی ٢٠١١.

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا:

تەواوی بازرگانیمان لەگەڵ ئیسرائیلدا پچڕاندووە

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت بە تەواوی بازرگانییان لەگەڵ ئیسرائیلدا پچڕاندووە و ڕێگە نادەین کەشتییە تورکییەکان بچنە بەندەرەکانی ئیسرائیل و ڕێگەش نادەین فڕۆکەکانی ئیسرائیل بێنە کایەی ئاسمانی تورکیاوە.

هاکات فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا لەمیانەی بەشداریکردنی لە دانیشتنی ئەنجوومەنی گشتیی پەرلەمانی تورکیا، ڕایگەیاند: دژی ئەو پلانەین کە پێشنیاری دەرکردنی گەلی فەڵەستین دەکات لە غەزە، لەلایەن هەرکەسێکەوە پێشکەش دەکرێت با بکرێت، پلانێکی لەو شێوەیە بەلای ئێمەوە هیچ بەهایەکی نییە. گوتیشی: تورکیا تەواوی بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیل پچڕاندووە، لەمبارەیەوە گوتی: بە تەواوی بازرگانییان لەگەڵ ئیسرائیل پچڕاندووە و ڕێگە نادەین کەشتییە تورکییەکان بچنە بەندەرەکانی ئیسرائیل و ڕێگەش نادەین فڕۆکەکانی ئیسرائیل بێنە کایەی ئاسمانییانەوە.

لە بیرەوەرییەکانی عەبدولخالق بابیری

شۆڕشی گوڵان تەواوکەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو؛ بە قوربانیدانی پێشمەرگە و خەباتی ڕێکخستنە نهێنییەکان دەستپێکرد



زێوکا شکان_بارەگای لقی(1) 1985 لە دەستی ڕاستەوە_ ڕزگار کیستەیی_ عەبدلخالق بابیری_ ئەمین حەجی عەلی بێدەی(ئەبو کاوە)_ ئیحسان ئامێدی

خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی
فۆتۆ: ئەکرەم هەسنی (بەشی سێیەم)

بەبۆنەی 37ساڵیادی (ئەنفالی بادینان)، ڕۆژنامەی خەبات سەردانی عەبدولخالق بابیری بریکاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەوەی هەندێک لە یادەوەرییەکانی خۆی لە شۆڕشی گوڵاندا لە ناوچەی ئامێدی و دەڤەری بادینان بەگشتی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات بخاتەڕوو.

دەڤەری بادینان یەکێکە لەو دەڤەرە چالاک و قارەمانانەی پارتی کە هەرگیز چۆکی بۆ دوژمن دانەداوە و چقڵێکی تیژ و کاریگەربوو لە جەرگی دوژمن و داگیرکەر. جێگای شانازییە کە تەنانەت دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولیش (1975) گڕی شۆڕش لە دەڤەری بادینان خامۆش نەبووە و لقی(1)ی پارتی ئەگەرچی چالاکییەکانی سست ببوو؛ بەڵام بەشێوازی (پارتیزانی) بوونی پێشمەرگە و بارەگای لق لە دەڤەری بادینان بەردەوام بوو کە وەکو سەرکردایەتێکی کاتی شۆڕش لە دەڤەرەکەدا خۆڕاگربوو تاکو دووبارە خۆڕێکخستنەوەی پارتی و دەسپێکردنی قۆناغی دووەمی شۆڕشی ئەیلوول کە بە شۆڕشی (گوڵان) ناو برا و تەواکەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو.

*** ئەگەر بکرێ باسی هەندێک شەڕ و چالاکیەکانی شۆڕشی گوڵان بکەی؟**

- لە شۆڕشی گوڵاندا لە دەڤەری بادینان بریاروا بوو کە هەر (سێ کادیر) دەبوونە لیژنەیەك بۆ (60 هەتا70) گوند بۆ هۆشیارکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵك و بونیادنانی ئینتیا و هەستی نیشتیمانپەروەری و گێڕانی کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری سیاسی و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و بڕیار و بیروڕای جەنابی سەرۆک و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەڕووی هۆشیاری نەتەوەیی، ئازادی و خەبات و چالاکییەکانی پێشمەرگە بوون. هەر شەوێك لە گوندێکی ناوچە ئازادکراوەکان کۆڕ و سیمینارێکمان پێشکەش دەکرد.

هەموو ئەو بەرپرس و پێشمەرگانەی لە پێش ڕاپەڕینەوە لە شەڕەکانی ناوچەی بادینان بریندار دەبوون، من چارەسەرم دەکردن و کاری نوژداریشم دەکرد لەنێو ریزەکانی شۆڕشدا. من پەرستار بووم و کاری نوژداریشم دەکرد.

*** کێ بوون ئەو پێشمەرگانەی لەو سەردەمە چارەسەرت کردوونە، ئەگەر لەبیرت ماوە؟**

- لەوانە (سەعید کێستەیی) دوو جار چارەسەرم کردووە. (ئەحمەد میرزا) دووجار چارەسەرم کردووە. (ئەحمەد تروانشی، حاجی خدر دوو جار، سەید نایف، عومەر تروانشی، ئەحمەد چەڵکی، سەعید، بورهان) و..هتد، ئەوانە چارەسەرم کردوونەو وێنەکانیش ماون. لە سنووری دهۆك و زاخۆ تانزیکی گوندەکەی ئێمە برینداروە نەخۆشەکان بۆ چارەسەرکردن سەردانیان دەکردم. من کادیرو نوژدارو پێشمەرگە بووم. نەخۆش و برینداران چارەسەر دەکرد و خەڵکم هۆشیار دەکردەوەو لە شەڕەکانی ناوچەکەشدا بەشدار دەبووم... دەزانی هەموو شتێك ئەزموونە، کاتێك تۆ برینداریك دەرمان و چارەسەردەکەی، بۆ جاری دووەم بە شێوەیەکی باشتر دەرمانی دەکەی. یەکێك لەبرینداراکان کە بەسەختی برندار ببوو خەڵکی گوندی (سەرافکێ)ی دۆسکی ژێری بوو لەسەر ڕووباری (خابوور). (تی ئێن تی) پیادا تەقی بوویەوە و هەردوو دەستی پەڕی بوو، سکیشی شەق ببوو. هێنایانە لام و بۆ ماوەی (7) کاتژمێر خەریکی چارەسەرکردنی بووم، پێمگوت: مام داوای لێبوردن دەکەم زۆر ئازارم دای. گوتی : جگارەیەکم بدەرێ هیچ نیە. (3-4) ڕۆژ لەوێ مایەوە، پاشان ناردمانە نەخۆشخانەی لیژنەی ناوچە و جێگری نوژدارێکی دیکە لەوێ بوو چارەسەری دەکرد.

لە شەڕێکی دیکەی ناوچەکەدا لە ساڵی (1987) پێشمەرگەی (لیژنەی ناوچەی زاخۆ) هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی فەوجی دوژمن و ڕەبیەکانی دەڤەری زاخۆ، (114) سەربازی ڕژێم بەدیل گیران.

پێشمەرگەیەکی قارەمان ناوەکەیم لە بیر چووەوە، هێنایانە لام کە ساچمەیەکی گوللەی (ئار پی جی) لەنێو لاشەی مابوویەوە. ڕۆیشتبووە نێو دەمارەکانی. بۆ هەڵێنانی ئەو ساچمەیە کە لەنێو دەمارەکانی بوو و مەترسی زۆر لەسە ژیانی هەبوو، بۆ دەرهێنانی ئەو ساچمەیە ناچار پێستی ئەو بەشەی لەشیم (گوررو) واتا پیستەکەیم لە گۆشت و دەمارەکانی داماڵی تا گەیشمە ساچمەکە و دەرمهێنا، ئەو نەشتەرگەرییە زۆر زەحمەت و ترسناک بوو. دوای دەرهێنانی ساچمەکە و چارەسەری سەرەتایی و ڕەوشی تەندروسی جێگیر و باشتر بوو، ینجا ناردمانە ئێران بۆ چارەسەری کۆتایی.

لە ئێران نوژدارەکە پێی گوتبوو: ئەمە کام نوژدار ئەم نەشتەرگەریەی بۆ تۆ ئەنجام داوە؟. ئەویش گوتبووی پەرستارێکی شۆڕش بۆی کردووم. نوژدارەکە گوتبووی: ئەمە کاری پشپۆرێکی نەشتەرگەریە، نەك پەرستارێك.

*** ئاستی ڕۆشنبیری کادیرانی پارتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان لەدەڤەری بادینان چۆن بوو؟**

- کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی لە شۆڕشی گوڵاندا لە بادینان، زنجیرەی ڕۆشنبیریشمان هەبوو، شەو (ئەگەر دەرچوون و چالاکی پێشمەرگایەتی نەبوایە) پێکەوە دادەنیشتین و هەر جارە و لەسەر بابەتێك؛ کتێبێکمان دەخوێندەوە و بۆ شەوی دواتر. بۆ نمونە دەبووایە من نێوەڕۆکی ئەو کتێبەی خوێندوومەتەوە، وەکو سیمینار پێشکەشی ئامادەبووان بکەم. بابەتەکان تایبەت بوون لەسەر (شەڕی پارتیزانی، شەڕی لاوازەکان، شۆڕش لەنێو شۆڕشدا و بەڕەڤانی کردن لە شۆڕشگێڕی). هەروەها بابەتەکان (فەلسەفی و سیاسی و ئابوری)...هتد بوون.

لەو ماوەیەدا لە چەند چالاکیەکی سەربازیش بەشدابووم وەکو تۆپ بارانکردنی ڕەبیەکانی (ئینشکێ)، کە لە پشتی گوندی(ئەرەدنا) واتا لە چیای (مەتین)ەوە ڕەبیەکانی (ئینشکێ)مان بۆردومان کرد.

*** دەکرێ باسی ئەو چالاکیەمان بۆ بکەیت؟**

- ئەوەدەمە حەمدی بەگ بەرپرسی ڕێکخراو، نەجمەدین کێستەی جێگرو من ئەندامی ڕێکخراوەکە بووم. ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوی (ئیسناد) ڕۆیشتین کە (سەید نوری) بەرپرسی ئەو دەستەی(ئیسناد) بوو. تۆپی (80) ملم و (60) ملم یان پێبوو، بە وڵاغ گواستمانەوە بۆ ئەو ناوچەیە. بارەگای فەوجێکی سەربازی لە (ئەنیشکێ) بوو نزیک لە کۆشکی (سەدام حوسێن)ی دکتاتۆر. لەلایەکی دیکەوە گەشتیارێکی زۆریش دەهاتنە ئەو ناوچەیە. نیازمان وابوو وەکو دەنگدانەوەیەك و پرۆپاگەندەیەکی ڕاگەیاندنی بۆ شۆڕش، بارەگای فەوجەکە و دەوروبەری تۆپ باران بکەین، بۆ سەڵماندن و بوونی پێشمەرگە لەو ناوچەیە. تۆپ و دۆشکەمان پێبوو، هێزەکانی ڕژێم چەکی مۆدێرن و قورسی پێبوو. چەکە قورسەکانمان لەژێر بەردەڵانێکی گەورە دانا و لێنادان. بەخۆت دەزانی سوپای عێراق دونیایەك چەك و تەقەمەنی پێشکەوتووی هەبوو. دوای تۆپ باران وەڵامیان داینەوە و بە جارێك ئەو هەموو چیایەی کرە ئاگر. بۆ ماوەی (3) کاتژمێر نەمانتوانی لە شوێنی خۆمان بجوڵێینەوە.

وەکو ئەرک من نوژدارو کادیرو ڕۆشنبیر بووم، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەی من چۆن چومە نێو شەڕەکان؟... لە ڕاستیدا ئێمە ئەو کادیرە حزبیانە کە بەرپرسی ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەش بووین. ئەرکی ئێمە ئەوە بوو لەو ڕێکخراوانەدا پێشمەرگە بۆ مردن، شەڕی بەرگری، شەڕی مان و نەمان و خەبات تێکۆشان ئامادە بکەین و پێیان بگەیێنین. ئێمە بەردەوام لەگەڵیاندا لە کۆبوونەوەو کۆڕو سیمینار دابووین. ڕێنمایمان ئەوەبوو کە دەبێت خوێن بڕێژین بۆ ئازادی ئەم خاکە. دەبێت بە خەبات و تێکۆشان مافی خۆمان وەرگرین. **دەمانگوت:** شۆڕش پێویستی بە قوربانیدانە، بۆ ئەوەی ئەم دوژمنە دڕندەیە لەنێو خۆمان دەربکەین. ئەوان مافمان پێنادەن، ئەگەر ناچاریان نەکەین و لێیان نەستێنین. تێیان دەگەیاندن کە بە شەڕی چەکداری و تێکۆشان دەتوانین ئەم دەسکەوتانە بەدەستەوە بێنین. بەردەوام ئەم شیرەت و ڕێنمایانەمان دەئاخنیە مێشکی پێشمەرگەوە.شەڕو مێرخاسی و شەهیدبوون لە لای ئەوان شتێکی پیرۆز بوو. بۆیە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ پێشمەرگە، مەفرەزەیان دەردەکرد و لە مۆڵگەو ڕەبیەکانە دوژمنیان دەدا، بۆ ئەوەی نەڵێن ئەوە (واتا بەرپرسی و کادیر حزب) کادیرێکی ترسنۆکە. هەروەها ئێمە وەکو کاردر؛ کاتێك پێشمەرگە دەگەڕانەوە شەهیدو بریندارین هەبووایە، ئێمە وەکو کادیر پێشوازیمان دەکردن و شەهیدەکانمان بەخاك دەسپاردن و بریندارەکانمان دەگواستەوە بۆ نەخۆشخانە و لەسەر گۆڕستان و شوێنەکانی دیکە بۆیان دەدواین.

ئێمەی کادیر لەو ڕاستیە گەیشتبووین، مادام پێیان دەگووت: شەڕکردن و بەرگری و تێکۆشان و شەهیدبوون شتێکی پیرۆزە، ئەی باشە پێشمەرگەش ئەو پرسیارەی لا دروست نابێت کە بڵێت کەواتە بۆچی ئەم کادیرانەش لەگەڵمان لە شەڕەکاندا بەژدار نابن؟... ئەو کادیرەی غیرەتی هەبووایە، دەبووایە دەست بداتە تفەنگەکەی و لە پێش پێشمەرگەوە بڕوات بۆ شەڕکردنی دوژمن. ئەگەر کادیرێکی خوێندەوار ئەو جورئەتەی بەخۆی دابووایە لەگەڵ پێشمەرگە لەنێو ئاگری شەڕدابێت، ئەوا دەتوانێت میرخاسی و جەسارەت و مۆراڵێکی زیاتر بە پێشمەرگە ببەخشێت. بەم شێوەیە ئەو کادیرانە توانیان سەرکردایەتی شەڕەکان بکەن؛ بوونە خۆشەویستی جەماوەرو پێشمەرگە. بە مانای وشە کادیر ئەمەیە!.بەڵام گرنگە کادیرێکی ڕۆشنبیر سەرکردایەتی شەڕەکە بکات. ئێمە بەم شێوەیە تێکۆشان و شەڕی پارتیزانیمان دەگێڕا و پێشخست.

دروشمی ئەو سەردەمە ئەوە بوو: لقی (1) بڕبڕەی پشتی پارتیە. بە بڕوای من (لیژنەی ناوچەی ئامێدی)ش، بڕبڕەی پشتی لقی (1) بوو لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە، کە کادیرەکانی خاوەنی نواندنی قارەمانیەت بوون لە کاتی چالاکیەکاندا.

بەشداریم لە دەیان شەڕی ڕەبیەکان و مۆڵگەی بچووکەکان کردووە، بەڵام شەڕەگەورەکان بۆ نموونە: شەڕی (کانی ماسێ) لە ئەیلوڵی (1987) کە (6) مەفرەزەی پارتیزانیمان لەگەڵ دابوو یەکێك بوو لەشەڕە بەناوبانگەکانی ناوچەی بادینان.

*** ئەگەر بەدرێژی باسی ئەو شەڕەمان بۆ بکەیت؟**

- پێش ئەو شەڕە من هێشتا نەببومە ئەندامی لیژنەی ناوچە، بەڵام چاویان لەمن بوو کە هەڵمبژێرن و ببمە ئەندامی لیژنەی ناوچەکە (لیژنەی ناوچەی ئامێدی). هەریەك لە: د. ڕۆژ نوری شاوەیس وزەعیم عەلی لەوێ بوون.

محەمەد ساڵح بەرپرسی لیژنەی ناوچە بوو. ئەحمەد ساڵح بۆتی و کاك تەمەر ڕەمەزان و سەید نایف لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لیژنەی ناوچەکە و هەندێك ڕێکخراوی دیکەی سەر بە لقی (1) تیایدا بەشدار بوون. دەزانی من بۆ لەوێ نەبووم... هێزەکان هەمووی ئامادەبوون بۆ (شەڕی کانی ماسێ). هێزەکانی (لیژنەی ناوچەی ئامێدی، لیژنەی ناوچەی دهۆك، لیژنەی ناوچەی زاخۆ و هەندێك هێزی لیژنەی ناوچەی شێخان). زانیاری بە دوژمن گەیشتبوو کە ئەو هەموو هێزانە لەو ناوچەیە کۆبوونەتەوە، دەیانزانی چالاکیەکی گەورە لەلایەن پێشمەرگەوە لە ناوچەکە ئەنجام دەدرێت.

د. ڕۆژ و زەعیم عەلی و ئەوان پلانی شەڕەکەیان دانابوو. بڕیاردرا (وەکو تاکتیک) چالاکیەکی دیکەی بچووکتر ئەنجام بدەین، بۆ سەر لێ شێواندنی و بەهەڵە بردنی دوژمن، بۆ ئەوەی بڕوایان وابێت ئەم هێزانە تەنیا بۆ ئەو چالاکیە لەوێ کۆکراونەتەوە.



شەهید خەسرۆ بامەڕنی، بەرپرسی ڕێکخراوی (شرین)سەر بە لیژنەی ناوچەی ئامێدی 1988 چیای ملەخت

دروشمی ئەو سەردەمە؛ دەگوترا: لقی (1) بڕبڕەی پشتی پارتییە؛ ئەمەش ڕاست بوو.... بە بڕوای من لیژنەی ناوچەی ئامێدیش، بڕبڕەی پشتی لقی (1) بوو لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە، کادیرەکانی قارەمان و چاونەترس بوون لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەك کە پێیان دەسپێردرا



پەیامنێری (خەبات) لەگەڵ بەڕێز (عەبدولخالق بابیری)

بۆیە لەنێوان دوو ڕۆژدا زانیاریمان کۆکردەوە لەسەر فەوجی سەربازی ناوچەی (بێباد). فەوجێکی جاشە چەتەکان بوو لە قەراغی گوندەکە بوو، بەلای (بامەڕنێ)یەوە.هێزەکە لە (12-13)ڕەبیە و بارەگای فەوج پێکهاتبوو. دوای پشکنینی ناوچەکە لە ماوەی (4-5) ڕۆژدا ئەو چالاکیەمان ئەنجامدا. ڕێکخراوی ئێمە (11ی ئادار) هێرشی کردە سەر ڕەبیەی کۆتای بەلای فەوجەکەوە. هێزەکان دابەشکران و د. ڕۆژ لەگەڵ ئەو هێزە دابوو کە بۆ هێرشی سەر بارەگای فەوجەکە دەستنیشان کرابوو.

ئێمە لە شۆڕشی گوڵاندا... لە هێرش و شەڕ و کۆڕ و سیمینار هەر چالاکییەکی پێشمەرگایەتی بە تەواوەتی بنەماکانی شەڕی پارتیزانیمان جێبەجێ دەکرد. بۆ نموونە ئەمە دوو بەنەمای سەرەکی بوون لە هێرش بردندا:

1- کاتێك هێرش دەکەیتە سەر هێزەکانی دوژمن، دەبێت گورزی یەکەم لەهێزە سەرەکیەکە بووەشێنی، بۆ ئەوەی هێزەی دوژمن بەبێ سەرکردایەتی بمێنێتەوە.

2- لە هەمان کاتدا لە کاژێری دیاریکراودا دەبێت گورز لە هەموو مۆڵگەکانی دیکەش بووەشێنی، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بە هانای ئەوی ترەوە بچێت. ئەمە هۆکارێکە بۆ شکاندنی مۆراڵی دوژمن و دەنگی شەڕەکە خۆی بەیەکەوە هۆکارێکە بۆ ترس و تۆقاندنی دوژمن.

لەوهێرشەدا؛ دوو پێشمەرگەی ئێمە برینداربوون، یەکێك ناوی (عوزێر) بوو، ژمارەیەکی زۆری چەتەکان و ئامر فەوجە کەش کوژرا و ژمارەیەکی گەلێك زۆریش برینداربوون و بە دیلگیران.

دوای ئەنجامدانی چالاکیەکە هاتینەوە بۆ ناوچەی (بەرواری باڵا). ئێمە (3) ڕێکخراو لە گوندەکانی (خانکێ و ئاسەێ) بووین. لەگەڵ بەری بەیانی دەنگی تەقە لە چیای مەتینان دەهات.

ماوەی (2-3) کاژێر لە شوێنەکە دوور بووین، بەڵام لەگەڵ تەقەکردنەوە زانیمان کە هێزی دوژمن هێرشی کردۆتە سەر ئەو ناوچەیە، چونکە ئەو شوێنانە ناوچەی ئازادکراو بوون.

بەرپرسی سەربازی ئەو ناوچەیەی ڕژێم (جیش الشعبی) ناوی (مانع التکریتی) بوو، کە یەکێك بوو لە خزمەکانی (سەدام حوسێن). هێرشەکە بۆ سەر گوندی (ئەرەدنا) بوو، بۆ ئەوەی دۆرپێچ بخەنە سەر گوندەکە و مالْ و خێزانەکە ڕادەستی ڕژێمی بەعس بکەن. (2) ڕێکخراوی دیکەی ئێمەش لە (کانی مەزنێ) بوون، واتە (5) ڕێکخراومان لەوێ بوون.

ڕێکخراوی (شرین) کە بەرپرسەکەی (خەسرۆ بامەڕنی) بوو، زۆربەی پێشمەرگەکانی خەڵکی گوندی ناوبراو (ئەرەدنا) بوون و بەرپرسی حزبیش (رزگار کێستەی) بوو. ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا سەرکەوتین، چیای مەتینان چیایەکی هەڵدێرو زنجیرەیەکی دوورو درێژە، ئیتر لەوێوە (3-4) کاژێری دەویست تاکو سەردەکەوتیە سەرەوە. تەنیا (9-10) پێشمەرگەو بەرگری میللی لەنێو گوندەکە بوون و شەڕێکی قارەمانانەیان دەکردو نەیاندەهێشت هێزی دوژمن بگاتە نێو گوندەکە، بەڵام هەموو لایەکیان لێ گرتبوو.

داوایان لێدەکردین بەپەلە بگەینە ئەوێ. پێمگووتن: تەنیا خۆتان ڕابگرن و بەرگری بکەن، تاکو (40-50) پێشمەرگە سەردەکەوێت، ئەوجا دەتوانین (1000) سەبازی دوژمن لە چیای مەتینان بکوژین. ئێمە لەدوو بەرەوە هێرشمان کردە سەریان و لەدوایان ڕۆیشتین تاکو نزیك کۆشکی سەدام و نزیکەی (9-10) کەلەخی سەربازانی دوژمن کەوتە بەردەستمان. ئێمە لەخوارەوە بووین و سەربازەکانیش لەسەرەوەی چیایەکە بوون. زیاتر لە (70) سەربازو ئەفسەری دوژمن هەر بە تۆپبارانی خۆیان کوژران و بریندار بوون. محەمەد ساڵح نامەیەکی بۆ ناردم، بۆ ئەوەی من لە ڕێکخراوی ئێمە لەگەڵ (خالد ساڵح) بەرپرسی ڕێکخراوی (تیاری) و کادیرەکانیان سەرپەرشتی ئەو شەڕە بکەین. پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی (ئادارو شیرین) قارەمانیەتی خۆیان لەو شەڕەدا نیشاندا. ئەرەدنیەکان هەر یەکێکیان لە ئەوەی دیکە ڕەشید ترو مێرخاستر بوو. (80%) خەڵکی ئەو گوندە کەسانی تێکۆشەرو مێرخاس بوون. ئەوان سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمارکردو دوژمنیش ڕووبەڕووی شکستێکی ئابڕووبەر بووەوە. من لەوێ مامەوە تا شەڕەکە کۆتاییهات و ئەوانەی دیکەش خۆیان ئامادە دەکردەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی (داستانی کانی ماسێ).

پشتیوان سادق بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی لە پارێزگای هەولێر بەشداریی لە بەخاکسپاردنی خوالێخۆشبووان خاتوو فاتمە حەمەد باوە و خاتوو قەدریە حەمەدەمین دزەیی کرد





سەروەت محەمەد

دوێنێ بە ئامادەبوونی دکتۆر پشتیوان سادق ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو چیا هەرکی یاریدەدەری مەکتەبی ڕێکخستن و هەردوو بەرپرسی لقی دوو و بیست و سێی قەرەچوغی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و سەربازی و خانەوادەو کەسوکاری بەشداربوون لە ناشتنی تەرمی خوالێخۆشبێت "فاتمە حەمەد باوە" خوشکی فەرماندەی ناسراوی دەشتی هەولێر فارس باوە و خەجە باوە و خێزانی شەهیدی قارەمان کاکل باداوەیی.

لە وتەیەکدا دکتۆر پشتیوان سادق بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دڵتەنگییەوە پرسە و سەرەخۆشی جەنابی سەرۆک بارزانی لە خانەوادەو کەسوکارو بنەماڵە تێکۆشەرو نیشیمانپەروەرەکەی کردو رایگەیاند ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە لە قۆناخەکانی خەباتی رزگاریخوازی کوردستان ڕۆڵی شیاو دڵسۆزانەی خۆیان گیراوە، لە ماوەی خەباتی بێوچانیان چەندین شەهیدیان لەو پێناوە بەخشیوە. دووبارە بەناوی هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان پرسەو سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوەو ئومێدەوارین خانەوادەی خوالێخۆشبوو لە خەم و کۆستی دیکە بەدوورین و لە خوای گەورە داواکارین روحی پاکی کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

هەر دوێنێ بەئامادەبوونی دکتۆر پشتیوان سادق ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو چیا هەرکی یاریدەدەری مەکتەبی ڕێکخستن و سەنگەر کانەبی بەرپرسی لقی بیست و سێی قەرەچوغی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و سەربازی و خانەوادەو کەسوکاری خوالێخۆشبوو بەشداربوون لە مەراسیمێکی ناشتنی تەرمی خوالێخۆشبوو خاتوو قەدریە حەمەدەمین دزەیی خوشکی سیاسەتمەدارو کەسایەتی ناسراوی کوردستان موحسین دزەیی و خێزانی هاوار ئاغا دزەیی. لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی خوالێخۆشبوو قەدریە حەمەدەمین دزەیی دکتۆر پشتیوان سادق بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای هەولێری هاوخەمی بۆ کاک موحسین دزەیی و بنەماڵەو کەس و کارو ئامادەبووان نیشاندا، داواکاربوو لە خوای گەورە پێگەی خوالێخۆشبێت بەبەهەشتی خۆی شاد بکات .

بەڕێوەبەری کۆمپانیای جێبەجێکار:

تا مانگی 10ی ئەمساڵ سایدێکی تونێڵی ماوەران دەکرێتەوە



کارکردن لە پڕۆژەی ستراتیژیی تونێلی ماوەران و دووسایدکردنی ڕێگەی کۆڕێ - شەقڵاوە بەردەوامە، کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی قەرەباڵخیی سەر ڕێگەی شەقڵاوەیە. بڕیارە لە مانگی 10ی ئەمسااڵدا سایدێکی ڕێگاکە بەڕووی شۆفێراندا بکرێتەوە.

پڕۆژەکە بریتییە لە دروستکردنی تونێلی ماوەران و دووسایدکردنی 10 کیلۆمەتر لە ڕێگەی هاملتۆن، کە ڕێگەیەکی نێودەوڵەتیی بازرگانی و گەشتیارییە. تێچووی گشتیی پڕۆژەکە 90 ملیار دینارە و بڕیارە کۆتایی ساڵی داهاتوو تەواو بکرێت.

ئاکۆ زاهیر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای جێبەجێکار، ڕایگەیاند: بۆ مانگی 10ی ئەمسااڵ سایدێکی تونێلەکە بەردەست دەبێت. سەرنجام خستووەتە سەر ئەو شوێنانەی کە مەترسیی دارمانیان لەسەر بوو، بۆیە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو دیاردەیە، بەشی پێشەوەی تونێلەکە بە درێژایی 247 مەتر درێژکراوەتەوە و بە ستانداردێك کارمان کردووە کە چیتر دارمان روونەداتەوە. لە پڕۆژەکە دوو یەکتربڕ بە شێوەی ئۆقەرپاس و ئەندەرپاس بۆ ئاسانکاریی هاتووچۆ دروستەدکرێن.

کارکردن لە پڕۆژەکە لە ساڵی 2012 دەستپێکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە ڕاگیرا. ماوەی سێ ساڵە لەلایەن کۆمپانیا و ئەندازیار و کرێکاری خۆماڵییەوە دەست بە کارکردن کراوەتەوە و کۆمپانیای جێبەجێکار بەڵێنیداوە پێش وادەی دیاریکراو پڕۆژەکە تەواو بکات. بە تەواوبوونی پڕۆژەکە، جەنجاڵی و قەرەباڵخی لە ڕێگەی هەولێر-ئیدارەی سۆران کەمدەبێتەوە. ئامانجی حکومەتی هەرێم ئەوەیە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا، ماوەی گەیشتن لە هەولێرەوە بۆ دەروازەی حاجی ئۆمەران بۆ کەمتر لە دوو کاژێر کەمبکرێتەوە.

وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە:

بە بەهای پێنج ملیار دینار کارەبای هەموو قوتابخانەکان دەکرێتە وزەی خۆر

وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم دەڵێت، بڕیارە بە بەهای پێنج ملیار دینار کارەبای هەموو قوتابخانەکان بکرێتە وزەی خۆر، بەڵام چەند ڕێکارێکی ئیداری ماوە بۆ خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە. سامان سیوەیلی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاڤا میدیای ڕاگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە بە بەهای پێنج ملیار دینار لە داهاتوو کارەبای هەموو قوتابخانەکان بکرێنە سیستمی وزەی خۆر. بەڵام هەندێ ڕێکاری کارگێڕی ماوە بۆ خەرجکردنی پارەکە و قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێت.

وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە گوتیشی: لەم چەند ڕۆژە بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی یونسێف، حەوت قوتابخانەی دیکە وزەی خۆریان بۆ دابینکرا، بەمەش کۆی ئەو قوتابخانانەی پشت بە وزەی خۆر دەبەستن دەبێتە 127 قوتابخانەی حکوومی.

بەرگریی شارستانی:


لە سەرەتای ئەمساڵەوە 46 کەس لە هەرێمی کوردستان خنکاون

وتەبێژی بەرگریی شارستانیی هەرێمی کوردستان، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتایی ئەمساڵەوە خنکاون ئاشکرا دەکات و دەڵێت، زۆربەی حاڵەتەکان لە هەولێر بوون.

ساڵانە بەهۆی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ئەو شوێنانەی کە ڕووباریان هەیە بەتایبەتی لە وەرزی هاوین ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بوونەتە قوربانی ئەمەش بەهۆی پەیڕەونەکردنی ڕێنماییەکانی بەرگریی شارستانی و شارەزانەبوونییان بە سرووشتی ئەو ناوچانە.

مقدم سەرکەوت کارەش، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگریی شارستانیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە سەرەتایی ئەم ساڵەوە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان 46 کەس خنکاون کە 14حاڵەتیان لە هەولێربوون، ئەمەش بەهۆی فراوانی سنووری هەولێر و بوونی زێی گەورە و ڕووباری قەزای خەبات. مقەدەم سەرکەوت ئاماژەی بەوەش کرد، تیمەکانیان بە یارمەتیی خەڵکی خۆبەخشی ناوچەکە توانیویانە 130 کەس لە خنکان ڕزگار بکەن، هاوکات گوتیشی، زۆربەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەست داوە لە شوێنە دوورەدەستەکان بوون، کە تیمەکانیان بنکەیان لە نزیك ئەو شوێنانە نەبووە.

کۆبوونەوەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی بایۆلۆجی بەڕێوەچوو



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

بە ئامادەبوونی د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی و د. عەبدلحەکیم خەسرۆ بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و سەرۆکی دەستەی ژینگە بە وەکالەت، سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی ئاسایی لێژنەی بااڵی هەرێم بۆ بەڕێوەبردن و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی بایۆلۆجی یان کرد، لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان بەشداربوون، گفتوگۆ لەسەر پەیرەو و میکانیزم و ستراتیجیەتی بەرەنگاربووەوەی ترسناکی بایۆلۆجی و ڕێکارەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ترسناکیی بایۆلۆجی و کیمیایی و تیشکدەر و ناوکییەکان کرا لەهەرێمی کوردستان.

37 گوندی پارێزگای دهۆك كەرەنتینە كراون

وەزارەتی تەندروستی: گۆشتی سووری بێ مۆری لێژنە تەندروستییەکان مەکڕن



گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، داوا لە هاووڵاتیان دەکات، گۆشتی سوور لەو شوێنانە بکڕن، کە ناسراون و مۆری لێژنە تەندروستییەکانیان هەیە، داواش لە کابان و خانمانی ماڵ دەکات، بەبێ دەستکێش دەستکاری گۆشت نەکەن.

سەرکار سورچی، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕۆژی هەینی، 29ی ئابی 2025، ڕایگەیاند: بۆ ڕێگری لە زیاتر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تای خوێنبەربوون، 37 گوندی پارێزگای دهۆك كەرەنتینە كراون و داوا لە هاووڵاتیانی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەکەم بە بەرپرسیارێتییەوە لە دۆخەکە بڕوانن و لە شوێنێك سەرچاوەکەی نەناسراو بێت، گۆشت نەکڕن؛ بەتایبەت ئەو شوێنانەی لە قەراغ شەقام و ڕێگەی دەرەکییەکان خەڵکانێك بەبێ بوونی مۆڵەتی تەندروستی گۆشتی سوور دەفرۆشن.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتیشی: داوا لە کابانەکانی ماڵەوە دەکەین بەبێ دەستکێش، دەستکاری گۆشت نەکەن، ئەو چەقۆ و کەلوپەلانەشی بۆ وردکردنی گۆشت بەکاری دەهێنن، لە کەلوپەلەکانی دیکەی چێشتخانەکانیان جیای بکەنەوە و بۆ هیچ خواردن و پێویستییەکی دیکە بەکاری نەهێننەوە. سەرکار سورچی ڕاشیگەیاند، بۆ بەدواداچوون لێژنەکانی تەندروستی زیاد کراون و لە هەر دوکان و شوێنێك گۆشتی سوور بەبێ مۆری کوشتارگە و تەندروستی هەبێت، دەستی بەسەردا دەگرن، هەربۆیە باشترواید هاووڵاتیان لە کڕینی گۆشت لە شوێنە نەناسراو بێ مۆڵەت و ڕێگە پێنەدراوەکان، نەیکڕن.

جەختیشی کردەوە، هەرکەسێك سەرپێچی بکات لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان، ڕێکاریی توندی یاسایی بەرانبەر دەگیرێتەبەر.

ئەمە لە کاتێکدایە لە دوو مانگی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ، شەش حاڵەتی تووشبوو بە تای خوێنبەربوون تۆمارکراون و یەکێك لەوان ئافرەتێکی شاری دهۆك بەهۆی خراپی دۆخی تەندروستییەوە گیانی لەدەستدا، ئێستا بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تای خوێنبەربوون، 37 گوندی سنووری پارێزگای دهۆك کەرەنتین کراون.



www.xebat.net
یەك شەممە 31ی ئابی 2025 ژمارە(7047) | خەبات

تا ئێستا نزیکەی 900 هەزار گەشتیار سەردانی سنووری کەیان کردووە

ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئامادەکاری بۆ پێشوازی لە گەشتیاریی پاییزە دەکات



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئاماژەی دا، ئامادەکارییەکانیان بۆ پێشوازی لە وەرزی گەشتیاریی پاییز دەستپێکردووە و پلانی تایبەتیان هەیە بۆ پەرەپێدانی زیاتری کەرتی گەشتیاری لە سنووری کەدا.

فەیسەڵ سادق، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران گوتی: سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەهۆی سروشتە جیاوازەکەیەوە، ناوچەیەکی گەشتیاریی چوار وەرزیە و لە هەموو وەرزەکاندا پێشوازی لە گەشتیاران دەکات.

ئاماژەشی دا، وەرزی گەشتیاریی هاوین بە سەرکەوتوویی بەڕێکرا و ڕێژەیەکی بەرچاو گەشتیار ڕوویان لە ناوچەکە کرد. لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا نزیکەی 800 بۆ 900 هەزار گەشتیار سەردانی سنووری ئیدارەی سۆرانیان کردووە، کە 70%یان گەشتیاری ناوەڕاست و باشووری عێراق بوون.

سەبارەت بە پلانی پاییزە، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری سۆران ڕایگەیاند، کە چەندین چالاکییان لەبەرچاو گرتووە، لەوانە، فیستیڤاڵی ساڵانەی گەشتی پاییزە، کە لە ناوچەی چۆمان بەڕێوەدەچێت و تایبەت کراوە بە گرووپە شاخەوانییەکان، هاوکات پێشبڕکێی فۆتۆگرافی، بۆ وێنەگرتنی جوانترین دیمەنەکانی سروشتی پاییز لە ناوچەکە و هەڵبژاردنی باشترین وێنەکان.

جەختیشی کردەوە کە "ماستەرپلانی گەشتیاری" کە لەلایەن مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیران، سەرپەرشتی دەکرێت، کاریگەرییەکی ئەرێنی و گەورەی دەبێت لەسەر پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە سۆران و تەواوی هەرێمی کوردستان، چونکە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی پلانەکە پاراستنی ژینگە و سروشتی ناوچەکەیە.

ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری ئیدارەی سۆران، وەك جوندیان، باڵەکایەتی، سیدەکان و خەلیفان، بەهۆی کەشوهەوا فێنك و سروشتە دڵرفێنەکەیانەوە، بوونەتە مەڵبەندێکی گرنگی گەشتیاری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق.

حاجی سەعید سلێمان پێشمەرگەی ناسراوی دەڤەری بارزان کۆچی دوایی کرد



حاجی سەعید سلێمان، کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی گوڵان و ئەیلوول، کۆچی دوایی کرد.

دوێنێ شەممە 30ی ئاب، حاجی سەعید سلێمان، پێشمەرگەی خەباتکار لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانیی نەمر، لە ناحیەی پیرانی سەر بە دەڤەری بارزان بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

حاجی سەعید سلێمان پیرانی - شێروانی، کەسایەتییەکی ناسراوی دەڤەری بارزان بوو و بە یەکێك لە خەباتکار و شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی ئەو دەڤەرە ناسرابوو، بەهۆی شۆڕشەوە ساڵێنیك ئاوارەی ئێران بوو.

زاخۆ... یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بازارێکی کاری دەستیی بۆ ژنان کردەوە



لقی زاخۆی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە هەنگاوێکی نوێدا بۆ پشتگیریکردنی ئافرەتان و تواناکانیان، بازارێکی دوو ڕۆژەی بۆ نمایشکردن و فرۆشتنی بەرهەمە دەستییەکانیان کردەوە. ئەم بازارە، کە لە ناوەندی شارەکەدا کراوەتەوە، میوانداریی 22 ئافرەتی بەهرەمەندی کردووە تا بەرهەمە دەستییەکانی خۆیان نمایش بکەن.

ئەم بازارە بەشێکە لە هەوڵە بەردەوامەکانی یەکێتیی ئافرەتان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و پشتگیریکردنی ئابووریی ئافرەتان لە ناوچەکەدا، بەرهەمە نمایشکراوەکان بریتی بوون لە خواردنی کوردەواری، کاری دەستی، شیرینی، جلوبەرگی نەخشێنراو و چەندین بابەتی دیکەی کولتووری.

تەنیا فرۆشتنی بەرهەمەکانە، بەڵکوو هاندانی ئافرەتانە بۆ ئەوەی بێنە نێو بازاڕی کار و تواناکانی خۆیان نیشان بدەن، هەروەها ناساندنی کولتوور و کەلەپووری کوردییە بە سەردانکەران.

یەکێك لە بەشداربووان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەم بازارە زۆر گرنگە بۆ ئافرەتانی دەست ڕەنگین، چونکە دەرفەتێکی باشە بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان و پەیداکردنی داهات. هەروەها ژنێکی دیکە کە کاری چنین دەکات، گوتی: ئێمە لێرە بەرهەمەکانمان دەفرۆشین و خەڵکێکی زۆر سەردانمان دەکەن، ئەمەش هانمان دەدات کە بەردەوام بین.

سیهام سەڵاح، سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لقی زاخۆ، گوتی، ئامانج لەم چالاکییە، نەك تەنیا ئەوە بێت کە ژنان بەرهەمەکانیان بفرۆشن، بەڵکو دەشیانەوێت ببنە بەشێك لە بازاڕی کار و ئابووری هەرێمی کوردستان.

ڕێکارەکانی کردنەوەی سەنتەری بانکی خوێن لە گەرمیان لە تەواوبوونداید

لەسەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی گەرمیان، لێژنەیەکی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەو دەڤەرەیان کرد، بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی بانکی خوێن لە سنووردا کە.

د.سانع ئەبابەکر، بەڕێوەبەری بانکی خوێنی هەولێر، ڕۆژی پێنجشەمە، 28ی ئابی 2025، بە ماڵپەڕی کوردستان24ی ڕاگەیاند: لە ئایندەیەکی نزیکدا سەنتەری بانکی خوێن لە گەرمیان دەکرێتەوە، چونکە تاوەکوو ئێستا نەکراوەتەوە، بەڵام کارەکانی نێو سەنتەرەکە تەواوکراون و خولێکی تایبەت بە کارمەندانی دەکەین.

بەڕێوەبەری بانکی خوێنی هەولێر ئاماژەی بەوە دا، کردنەوەی سەنتەرێکی بانکی خوێن لەوو سنوورە زۆر پێویستە، چونکە 120 تووشبووی تالاسیما لە ناوچەکە هەن، ئەو نەخۆشانە بۆ وەرگرتنی دەرمان دوو کاتژمێر ڕێگا دەبڕن تاوەکوو دەچنە سلێمانی، ئەمەش ئاستەنگی زۆری بۆ دروست کردوون.

هەروەها باسی لەوە کرد، لەسەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی گەرمیان وەك لێژنە سەردانیان کردوون.

لە هەرێمی کوردستان حەوت سەنتەر و بەڕێوەبەرایەتیی بانکی خوێن هەن، چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا سەنتەری بانکی خوێن لە گەرمیانیش بکرێتەوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەوڵدابووە بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی تەندروستی و هەروەها پێشتریش، دلۆڤان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ڕاگەیاندبوو: بڕوانامەی ئایزۆ، پێشکەشی بانکی خوێنی هەولێرکراوە، ئەمەش هاوواڵتییان و کاربەدەستانی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە کە کارەکانی بانکی خوێن لە تاقیگەکان بەشێوەیەکی کوالێتی باش بەڕێوە دەچێت، چونکە ئەو بڕوانامەیە دەدرێت بە پرۆسەیەکی درێژدا دەڕوات.

سیستەمی بانکی خوێن لە هەولێر بە ئەلیکترۆنی کراوە

د. دلۆڤان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ڕایگەیاند: زیاتر لە ساڵێکە پلانیان بۆ ئەوە داڕشتووە، لە نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی تەندروستی و هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، کاری دیجیتاڵی و بەدیجیتاڵکردنی سیستەمەکان جێبەجێ بکرێت، دەشڵێت: ماوەی زیاتر لە ساڵێکە کاروباری بەڕێوەبەرایەتیی بانکی خوێن لە هەولێر کراوەتە سیستەمی دیجیتاڵی، تەواوی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی(حکوومی)، نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتیش، لەڕێگەی ئەو سیستەمە دیجیتاڵییە بە بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێن بەستراونەتەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر ئاماژەی بەوە کرد، سیستەمە دیجیتاڵییەکە ئاسانکارییەکی زۆری لە پەیوەندییەکانی نێوان نەخۆشخانەکان و بانکی خوێن دروستکردووە، گوتیشی: هەر کەسێك خوێن دەبەخشێت، لە سیستەمەکە، هاوکات لەڕێگەی سیستەمەکەوە دەزاندرێت چەند بڕە خوێن لە بانکەکەدا هەیە، چونکە لەو کاتەی ڕێژەکە دادەبەزێت، دەتوانین بانگەواز بکەین بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان و خۆبەخشەکان بێن خوێن ببەخشن. د. دلۆڤان محەممەد ڕاشیگەیاند: ڕۆژانە 250 بوتڵ خوێن لە بەڕێوەبەرایەتیی بانکی خوێن بۆ تەواوی نەخۆشخانەکان ئامادە دەکرێت، بەتایبەتیش بۆ نەخۆشانی توشبوو بە تالاسیمیا، هەروەها ئەو نەخۆشانەی نەشتەرگەریان بۆ دەکرێت. ڕاشیگەیاند: سەدا 50 بڕی خوێنی بانکی خوێن لەڕێگەی خۆبەخشەکانەوە دابین دەکرێت، سەدا 50ی دیکەش لەڕێگەی لەجێدانانەوە دابین دەکرێت. ئامادەی بەوشدا، نەخۆشخانەی پیرمام، نەخۆشخانەی ڕزگاری، سەنتەری تالاسیمیا سیستەمیان بە دیجیتاڵی کراوە، نەخۆشانەی منداڵان و لەدایکبوونیش لە ئایندەیەکی نزیکدا سیستەمەکەی دەکرێتە دیجیتاڵی، دووپاتی ئەوەی کردەوە، سیستەمەکە ئاسانکاریی زۆر لە ڕێکخستنی کاروبارەکان و وەرگرتنی داتای ورد دەکات، لەگەڵ کەمکردنەوەی تێچووی نێو نەخۆشخانەکان کە چیتر پێویست بە بەکارهێنانی کاغەز و پرێنت و مەرەکەب نابێت، سەرباری ئەوەی ڕۆتین کەم دەکاتەوە.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئاشکرای کرد، هەوڵ دەدەن لەڕێگەی دروستکردنی ئەکاونتێك بۆ هەر نەخۆشێك، وا دەکەن هەموو زانیاریی نەخۆشی تێدا تۆماربکەن لەهەر نەخۆشخانەیەك کە نەخۆشەکە سەردانی دەکات.

پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی:

ئاگرەکەی پێنجوێن کۆنترۆڵ کراو کەسێکیش دەستگیرکراوە



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی ڕایگەیاند، بەهۆی گەمان و تێوەگلان لە کەوتنەوەی ئاگرەکەی پێنجوین، کەسێکیان دەستگیر کردووە.

دوێنێ شەممە 30ی ئابی 2025، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەیان داوە، ئاگرەکەی سنووری قەزای پێنجوێن کۆنترۆڵ کراوە، کە سنووری چەند گوندێکی وەك هەڵاڵاوا، مەسۆ، کێلو، نزارە و دەرەگورگانی گرتبووەوە، هاوکات کەسێك بە تۆمەتی هۆکار بۆ کەوتنەوەی ئاگرەکە دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بەردەوامە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی باسی لەوەش کرد، تیمەکانی بەرگری شارستانی و تیمی خۆبەخشی ڕێکخراوی ملەکەوە و گوندنشینان توانیان کۆنترۆڵی ئاگرەکە بکەن، کە بەهۆی سەختی ناوچەکە و مەترسی هەبوونی مین کاری تەواوی تیمەکان سەخت بووە. ئەوەشی خستووەتەڕوو، بەهۆی ئاگرەکەوە چەندین کەس بریندار بوونە، لە نێوانیاندا دوو هاوواڵتی خۆبەخش هەن و چارەسەریان بۆ دەکرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە شەوی 17 لەسەر 18ی ئابی 2025، ئاگر لە پووش و پاوانی گوندی چنار و مۆردینی سەر بە هەڵەبجە کەوتەوە، بەهۆیەوە گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بە ناوی ئاری موختار، لەگەڵ پۆلیسێك گیانیان لەدەست دا، دوو کەسی دیکەش بریندار بوون، نزیکەی پێنج هەزار دۆنم پووش و پاوەن و ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی کێوی سووتان و شەش گوندیش لە ناوچەکە زیانی زۆریان بەرکەوت.

پرسەنامە



بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی ئەحمەد قامیشی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دڵسۆزی شۆڕشی ئەیلوول (ئەحمەد عومەر ئەحمەد) ناسراو بە (ئەحمەد قامیشی)مان پێگەیشت.سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین، هاوبەشی خەمی هەموو لایەکین. لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی بە خانەوادەتان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

* * *

بەڕێزان لە خانەوادەی عەبدولعەزیز یوسف تەمر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرۆك هۆزی موسا ڕەش کاك (عەبدولعەزیز یوسف تەمر)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خوشك و برایانی هۆزی موسا ڕەش دەکەین، هاوبەشی خەمی هەموو لایەکین. لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی بە خانەوادەکەتان و دۆستانتان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو بەر دلۆقانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

إنا لله وإنا اليه راجعون

بارەگای بارزانی



پرسەنامە

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بۆ ماڵباتی خوالێخۆشبوو (عەلی ئەحمەد مام عەباس)

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (عەلی ئەحمەد مام عەباس) ناسراو بە (عەریف عەلی سەرگەڵوویی)مان بیست، بە خەمناکییەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی هێژا و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. ئومێدەوارین دڵنەوایی و هاوخەمی هەڤاڵ و دۆست و ئازیز و خزمانی خوالێخۆشبوو ببێتە مایەی سەبووری و ئارامگرتنتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە و لە کۆستی دیکە بە دوور بن.

* * *

بۆ بەڕێز (هیوا حەمە سەعید)

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خوالێخۆشبوو خاتوو(حەلاوەخان حاجی حەسەن ئاغای مێرگان)مان بیست، بە خەمناکییەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی هێژا و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. ئومێدەوارین دڵنەوایی و هاوخەمی هەڤاڵ و دۆست و ئازیز و خزمانی خوالێخۆشبوو ببێتە مایەی سەبووری و ئارامگرتنتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە و لە کۆستی دیکە بە دوور بن.

إنا لله وإنا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پرسەنامە

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سیاسەتمەدار و تێکۆشەر بەڕێز موحسین دزەیی

بەخەم و پەژارەوە، هەواڵی کۆچی دوایی (حاجی قەدریەخانی حەمەدەمیناغای دزەیی)ی خوشکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشت شادی بکات و سەبر و ئارامیتان بدات، دوا ناخۆشیتان بێت.

تێبینی: ئەمڕۆ یەک شەممە 2025/8/31 پرسەی پیاوان لە (مزگەفتی صەواف) و پرسەی ئافرەتان لە هۆڵی حاجی مەکیە) دەبێت.

إنا لله وإنا اليه راجعون

خەبات



ساڵی ڕابردوو ٧٠٠ هەزار تۆن گەنم لە جوتیارانی کوردستان وەرگیراوە و ئەمسال ٤٠٠ هەزار تۆن وەرگیراوە



لە مانگی١١ـی داهاتوودا چیتر ڕێگەپێدراو نییە ئۆتۆمبێلی مۆدێل ٢٠٢٢ هاوردەی کوردستان بکرێت

جموجۆڵی بازرگانی لە چوار مەرزە نێودەوڵەتییەکەدا گەرموگوڕی پێوە دیارە

نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان بۆ (خەبات):

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی خۆراك، گرنگیی بە دروستکردنی سایلۆ داوە

لە پێناو بە بازاڕکردنی گەنمی جوتیاران ژمارەی سایلۆکان زیاتر کراوە



خەبات - سەید فاتیح بەرزنجی

لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی دواییدا لە پێناو بەرژەوەندی گشتی جوتیارانی کوردستان یەکێك لە پرۆژە گرنگەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردنی سایلۆ بووە لە شارەکانی کوردستان، کە پێشتر هەشت سایلۆ هەبوون، بەڵام لەکابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ژمارەی سایلۆکان زیادیان کردو سێ سایلۆی دیکەیش دروستکران، ئەوانیش بریتین لە سایلۆکانی قوشتەپە و ڕۆڤیا و سایلۆی کەلار، دوای تەواوبوونی ئەو سایلۆیانە ئەمساڵ توانیان گەنمی جوتیاران وەربگرن و ستافیشیان بۆ دابینکرا. دەربارەی چەند پرسێکی گشتی و پەیوەست بە جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا، نەوزاد شێخ کامل بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەی خەبات دەداتەوە:

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە دروستکردنی سایلۆ و بەبازاڕکردنی گەنم دەدات

دەربارەی زیادکردنی ژمارەی سایلۆکان لە کوردستان نەوزاد شێخ کامیل ڕوونیکردەوە: ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئەو گلەییانەبووین کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەگاتە لامان، بەدڵنیاییەوە لە ڕابردوودا لەسەر جۆری برنجەکە و لەسەر دۆشاوەکە و هەندێ جاریش لەسەر ئالێنۆکەکە ئەو پەیامەمان بەردەوام گەیاندۆتە وەزارەتی بازرگانی عێراق و خۆشم لەگەڵ شاندێك سەردانی وڵاتی تایلاندم کردو برنجی بایەعم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ ئەو وڵاتەو کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی تایلاند کرد، قسەمان کردو پێمانگوتن کە ئەو برنجە جۆرەکەی باش نییەو لە کوردستان نرخێکی کەم دەکات و کوالیتییەکەی باش نییە، بۆیە ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەبڕی بۆ باشترکردنی جۆری برنجەکەو لەگەڵ باڵیۆزەکەیان لە عێراق و لە وڵاتی ئەردەن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق قسە بکەن کاتێك، کە برنج لە وڵاتی تایلاند دەکرێ ئەو برنجە دابەش بکەن، ئەوانیش نیگەران بوون لەو بارودۆخەو زۆر حەزیان کرد، کە ئەو کاڵایەی دەینێرنە دەرەوە کوالیتیەکەی باش بێت و بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق لەسەر هێڵین و نیگەرانی هاووڵاتیانمان گەیاندۆتە ئەوان تاچارەسەری ئەو کێشەیە بکەن لێرەوە بەهاووڵاتیانی ڕادەگەیەنێنین کە دابەشکردنی سەبەتی خۆراك کاریگەری لەسەر بازاڕ هەیەو ناهێڵێت نرخی خۆراك لەبازاڕدا گران بێت.

لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق هەمیشە لەسەر هێڵین بۆ باشترکردنی خۆراك

دواتر دەربارەی باشترکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە: ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئەو گلەییانەبووین کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەگاتە لامان، بەدڵنیاییەوە لە ڕابردوودا لەسەر جۆری برنجەکە و لەسەر دۆشاوەکە و هەندێ جاریش لەسەر ئالێنۆکەکە ئەو پەیامەمان بەردەوام گەیاندۆتە وەزارەتی بازرگانی عێراق و خۆشم لەگەڵ شاندێك سەردانی وڵاتی تایلاندم کردو برنجی بایەعم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ ئەو وڵاتەو کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی تایلاند کرد، قسەمان کردو پێمانگوتن کە ئەو برنجە جۆرەکەی باش نییەو لە کوردستان نرخێکی کەم دەکات و کوالیتییەکەی باش نییە، بۆیە ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەبڕی بۆ باشترکردنی جۆری برنجەکەو لەگەڵ باڵیۆزەکەیان لە عێراق و لە وڵاتی ئەردەن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق قسە بکەن کاتێك، کە برنج لە وڵاتی تایلاند دەکرێ ئەو برنجە دابەش بکەن، ئەوانیش نیگەران بوون لەو بارودۆخەو زۆر حەزیان کرد، کە ئەو کاڵایەی دەینێرنە دەرەوە کوالیتیەکەی باش بێت و بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق لەسەر هێڵین و نیگەرانی هاووڵاتیانمان گەیاندۆتە ئەوان تاچارەسەری ئەو کێشەیە بکەن لێرەوە بەهاووڵاتیانی ڕادەگەیەنێنین کە دابەشکردنی سەبەتی خۆراك کاریگەری لەسەر بازاڕ هەیەو ناهێڵێت نرخی خۆراك لەبازاڕدا گران بێت.

جموجۆڵی بازرگانی لە مەرزەکان گەرموگوڕی پێوە دیارە

دەربارەی جموجۆڵی بازرگانی لەمەرزەکان نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژ هەرێمی کوردستان فراوانتر دەبێت و بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و برا جووتیارەکانیش بەرهەمەکانیان ڕوولە زیاد بوون دەکات.

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەشڵێت: پرۆژەی دروستکردنی سایلۆ بەردەوامی دەبێت و لەهەر شوێنێك بزانین سایلۆ نییە و پێویستە سایلۆی بۆ دروست بکەین، دەربخی ناکەین، هەربۆیە لەو ڕوانگەیەوە خودی ڕێزدار مەسرور بارزانی فەرمووی پارێزگای هەڵەبجە وەك پارێزگایەکی تازە پێویستە سایلۆیەکی هەبێت ئەو پرۆژەیە کاری بۆ کراو لە ئێستادا ٧٥٪ـی ئەو سایلۆیە تەواو بووە و لەئایندەدا بە زووی تەواو دەبێت و ستافیشی بۆ دادەنرێت، دوای تەواوبوونی پێویستە هەوڵبدرێ لەوێش گەنم وەربگیرێت، دواتریش لە پلانماندا هەیە سایلۆیەکی دیکە لە زاخۆ دروست بکەین، ئەگەرچی هەرلەوێ سایلۆیەکی لێ هەیە، بەڵام ئەویش بچووکەو نزیکەی ١٥هەزار تۆن گەنم دەگرێت و کەمە، کە بەشی ئەو شوێنە ناکات، بۆیە بیر لە دروستکردنی سایلۆیەکی دیکە کراوە هەر لە پلانماندایە لەئایندە لە شارۆچکەکانی کفری و کۆیەو هەرێر سایلۆ بۆ ئەو شوێنانە دروست بکەین و ئامادەسازیمان کردووە وەکو وەزارەتی بازرگانی لە ئایندە کار بۆ دروستکردنی سایلۆ بکەین بۆ ئەو شوێنانەو بەگرنگی دەزانین سایلۆی زیاتر دروست بکەین بۆ پارستنی ئاسایشی



بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بەخەباتی ڕاگەیاند: سایلۆ بە یەکێك لە بنەماکانی ژێرخانی ئاسایشی خۆراك و بەهێزکردنی دادەنرێت، جگە لەوەش خودی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە هەوڵیداوە گرنگی بە دروستکردنی سایلۆ بدات تا ئاسایشی خۆراك زیاتر بەهێز بێت، لە ڕابردوودا هەشت سایلۆمان هەبوو، بەڵام لە کابینەی نۆیەمدا سێ سایلۆی دیکە دروستکران وەك سایلۆی قوشتەپە و ڕۆڤیا و سایلۆی کەلار لە گەرمیان، ئەو سێ سایلۆیە دوای ئەوەی کە تەواوبوون لە ساڵی ٢٠٢٥ گەنمیان تێدا وەرگیراو ستافیشیان بۆ دانراو لە ئێستاشدا گەنمی تێدایە، بەدەر لەوەش بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دروستکردنی سایلۆ سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئابووری کوردستان و لە چوارچێوەی پرۆژە ستراتیژییەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستکردنی سایلۆ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان زۆر گرنگی پێ دراوە، لەبەر ئەوەی ڕۆژ لەدوای

کوردستان دەڵێت: جموجۆڵی بازرگانی لەو چوارمەرزە نێو دەوڵەتییە باشە و بەردەوام مۆڵەتی بازرگانی بە بازرگانان دەدەین، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە حکوومەتی عێراق دروستی کردووە لە ئێستادا لەسەر بازرگانەکان کیوئارِ دادەنێن، کۆدێکە ئەو بازرگانەی کە لەدەرەوەی کوردستان شت دێنێت، دەبێ ئەو کیوئارە قوفڵ بدرێ لەبارەکەی و نەکرێتەوە لە هەرێمی کوردستان و ڕاستەوخۆ بڕوات بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دواتر لەوێوە جارێکی دیکە بێتەوە بۆ کوردستان، ئەو کارەش تێچوونێکی زۆر و کاتێکی زۆری دەوێت و بارەکەیان دوا دەکەوێت و ماوەی چەند ڕۆژێك سەرە دەگرن، بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر هێڵین و لیژنەیەکی باڵا پێکهاتووە و لیژنەکە بەردەوام لەگەڵ بەغدا لەسەر هێڵن، کە بەهەر شێوازێك بازرگانەکانی هەرێم زەرەرمەند نەبن و تا ئێستا ئەو کێشەیە هەر ماوەو کاتی دەوێ تا چارەسەر دەبێت.

زیاتر لە ٤٠٠ مۆڵەت بەکۆمپانیاکانی بازرگانی ئوتومبێل دراوە

لەکۆتاییدا دەربارەی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی بە کۆمپانیاکانی بازرگانی ئوتومبێل نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان گوتی: زیاتر لە ٤٠٠ مۆڵەتمان داوەتە ئەو کۆمپانیایانەی کە بازرگانی ئوتومبێل دەکەن تا ئەو مانگە نزیکەی ١٠٠هەزار ئوتومبێل هاتۆتە هەرێمی کوردستان، بەڵام مەرج نییە کە ئەو ١٠٠هەزارە لە کوردستان بمێنێتەوە و ژمارەیەکیان دەچێتە ناوەڕاست و خواروی عێراقیش و ئوتومبێل لە زۆربەی وڵاتانەوە دێت، لە وڵاتی چین و ئەمەریکا و لە ئەڵمانیا و لە ژاپۆنەوە دێت و بازاڕ ئازادە، کە بازرگانان لە کامە وڵات ئوتومبێل دەهێنن و خەڵك بەپێی ئەو پارەیەی کە هەیەتی کار بۆ کرینی ئوتومبێل دەکات، ئێمە بەردەوام بە بازرگانان ڕادەگەیەنین و ڕێنماییەکان وایە ئەو ئوتومبێلەی کە دەیهێنن دەبێ بازرگانان پابەندی ئەو مەرج و ڕێنماییانە بن کە بۆیان دانراوە و دەبێ ئەو ئوتومبێلەی، کە دەیهێنن یەکەم پێویستە نوێ بێت و دووەم بڕاوە نەبێت و سێیەم مەرجیش ئوتومبێلەکە ژێر ئاو نەکەوتبێت، جگە لەوەش لێدراو نەبێت و بەردی ساڵنەی دەرنەهاتبێت و مەرجەکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆشی تیا جێبەجێکرابێت و ئێمە لەناو مۆڵەتەکانیش ئەوانە دەنووسین کوالیتی کۆنترۆڵیش سەرپەرشتی دەکەن و لەهەر ساڵێکیش مۆدیلێك کەم دەکەینەوە، ئێستا ئۆتۆمبێلی مۆدێل ٢٠٢٢ ناتوانێ لە مانگی١١ـەوە زیاتر داخیلی کوردستان بێت، واتا لە مۆدێلی ٢٠٢٣ بەسەرەوە دەبێ داخیل بێت و هەموو مەرجەکان لەناو ئەو ئوتومبیلانەدا هەبێت، کە دێتە کوردستان و کوالیتیشی باش بێت، ئینجا داخیلی کوردستان دەبێت.



www.xebat.net
یەك شەممە 31ی ئابی 2025 ژمارە(7047)
خەبات

لە پانێڵی زیرەکیی دەستکردو پاراستنی زمانی کوردی دا..

دکتۆر محێدین محەمەد خانی: هاتنی هەر ئەپێک بۆ ژیانی مرۆڤ دەتوانێت هەم دەرفەت بێت هەم هەڕەشە، چونکە ئێمە بڕیار دەدەین نەک ئەوان

دانایی AI لە دەرەوە پێی دەدرێت چیمان پێدابێت ئەوە دەتوانین وەردەگرینەوە

گەنجینەی زمانی کوردی لە AI ئەوەندە دەوڵەمەند نییە تا ئێمە بتوانین بۆ وەرگێڕانی تێکستێک بۆ زمانی کوردی بێ هەڵە سوودی لێوەربگرین



خەبات - ڕۆشنا عەلی

زیرەکی دەستکرد AI ئەو بابەتەی ئەمڕۆتەواوی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و پەروەردەش لێی بەدەر نییە، لەبارەی ئەوەی کە ئایا زیرەکی دەستکرد چۆن دەتوانرێت بێتە ناو کایەی پەروەردەو بە سوودی گشتی بۆ پرۆسەکە بشکێتەوەو زمانی تیا پارێزراو بێت؟ دکتۆر محێدین محەمەد خانی لە پانێلێکدا بە ناونیشانی (زیرەکی دەستکردوپاراستنی زمانی کوردی) بابەتێکی لە کۆڕبەندی پەروەردەیی پیشکەشکرد.لەبەر گرنگی بابەتەکە لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن ئەم ڕاپۆرتەی لەسەروتەکانی ئامادەکردووە:

*سەرەتا لەبارەی زاراوەی زیرەکیی دەستکرد ئاماژەی بەوەدا کە ڕەنگە ئەم زاراوەیە هەڵە بەبۆچوونی ئەو زیرەکیی دەستکرد لە ڕووی زمانەوانی ڕاستترە لە زیرەکی دەستکرد،چونکە زیرەکیی دەستکرد کەسێکە دروستکراوە،بەڵام زیرەکیی دەستکرد ئەو ئەپەیە کە ئەمڕۆ هەیە. ئەو گوتی: هاتنی هەرئەپێک بۆ ژیانی مرۆڤ دەتوانێت هەم دەرفەت بێت هەم هەڕەشە بێت،چونکە بڕیارئێمە دەیدەین ئەوان نایدەن ئەوان ناتوانن بەهاو ئاگاییان تێدابێت بۆیە ئەوان نە ئەڕێنین و نەنەڕێنین،بەڵام هەڵسو کەوتی ئێمە دەتوانێت هەم ئەڕێنی بێت و هەم نەڕێنی بۆئەوەش زانستە کە هۆکارە بۆ ناسینی بابەتەکە دوای ناسین دەبێتە هەڵسەنگاندنی بابەتەکە دوای هەڵسەنگاندنیش دەچێتە بواری سوود لێوەرگرتن و دوای ئەویش ئەچێتە بواڕێک کە ژیانی تۆو ئەو هاوبەش دەکرێن .پرسیارەکە لێرەدە ئەوەیە کە ئایا ئەو دێتە پێش تۆ یان تۆ پێش ئەو دەکەوێت ئەو بۆتۆیە یان تۆ بۆ ئەوی.

*دکتۆر خانی لەوەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا نموونەیەك دەهێنێتەوە لەبارەی دروستبوونی پارە ئەو گوتی: کە پارە دروستکرا بازرگانی و ژیانی مرۆڤ ئاسان بوو. هەناردەکردن و هەڵگرتن ئاسان بوو. پارە بەو گرنگییە کە جێگرەوەی زۆر شتە وەك خۆشەویستی خۆراك و بەرگ لەبەر ئەوە خۆشمان دەوێت وهەموویانی پێ دابینەدەکەین،بەڵام هەندیك شتی پێناکرێت بۆ نمونە ئایا من بۆ پارەم یان پارە بۆ منە لێرەدا ئەو شوێنەیە

> **دەبێت وریا بین ئەگەر مامۆستا قوتابی بداتە دەستی AI ئەوە داویەتییە دەستی زانا نەیداوەتە دەستی لێزان**

کە مرۆڤ دەبێتە سەنتەر کە مرۆڤیش بووە سەنتەر دەبێت ئێمە بەهاکان لەبەر چاو بگرین کە ئایا بەهای من لەبەهای پارە زۆرترە کە پارە بێتە خزمەتکاری من یان من بمە خزمەتکاری پارە .ئێستا دەبینین زۆر کەس بوون بە خزمەتکاری پارە تەنیا شتێك کە گلەیی لە مرۆڤەکە نییە پارەکانێتی کە سوپاسگوزارە گلەییە زۆرەکەش لەسەر مرۆڤەکە ئەوەیە کە سوووودی لە پارەکەی وەرنەگرتووە بۆ ژیانی خۆی .

*دکتۆر محێدین ومحمد خانی بابەتی پارە دەبەستێتەوە بە و ئەپەی پێی دەوترێت زیرەکیی دەسنکرد وئەو گوتی:لەم سەردەمدا شتێیەکی زۆر گرنگ هاتۆتە ناو ژیان وەك ئەپێك کە پێی دەڵێن AI ئایا ئەو بۆ منە یان من بۆ ئەوم ؟ئەو بڕیار بۆمن دەدات یان من بڕیار بۆ ئەو دەدەم ؟مرۆڤ هەمیشە بەدوای سێ شتەوەیە ئەوانەش دانایی تەواو ژیانی تەواوی بی مردن وتوانایی تەواو کە بتوانێت هەموو شتێیەك بکات. ئێمە بە خەیاڵ بردوومانەو داومانەتە دەست ئەی ئای وادەزانین ئەو هەموو شت دەزانێت لە کاتێکدا زۆر جار پرسیاری لێدەکەین بە هەڵە وەڵامان دەداتەوە لێی تێناگات دوا پرسیار کە گەشتیارێکی ئەمرێکی لە ئەی ئای دەیکات ویستویەتی بڕواتە وڵاتێك کە ئایا ئەو وڵاتە ڤیزای دەوێت وتویەتی نەخێر،بەڵام دواتر دەبینێت ڤیزای دەوێت بۆیە دانایی ئەی ئای هی خۆی نییە لە دەرەوە پێی دەدرێت ئێمە چیمان پێدابێت ئەوە وەردەگرینەوە .

*بۆیە کاتێك ئەی ئای دەبێتە هەڕەشە لەسەر زمان و کارەکان مرۆڤەکان بەنە دەستی ئەی ئای کە ئەو زانستەکانی بەبەها هەڵناسەنگێنێت هەستی مرۆڤایەتی لەبەر چاو ناگرێت تەنها ئەو داتایەی پێیدراوە دەیداتەوە هەمیشەش داتاکان کەموکوڕییان هەیە بۆنمونە ئێمە تێکستێکی بدەینێ و وەریگێڕێتە سەرزمانی کوردی هەندێك شت بۆ دێتەوە کەهەر لە کلتورمانا نییە خۆشمان تێناگەین چیدەڵێت ئەو زمانەی ئەی ئای قسەی پێدەکات لەکوێوە دێت لە کۆمێنت و قسەکان و گرتە ڤیدۆییەکان دێت ئایا گەنجینەی زمانی کوردی لە ناو ئەی ئای ئەوەنە دەوڵەمەندە کە بتوانێت وەرگێڕانێکی گونجاومان بۆ بکات زمانی کوردی تەنها بۆ چۆلەکە 58 وشەمان هەیە ئایا هەمووی دراوە بە ئەی ئای کاتێك کەسێك لە زمانی کوردی ئەنوسێت چۆلەکە بەحاجی لەقلەق وەرنەگێڕدرێت؟ بۆیە کاتێك ئەی ئای دەبێتە دەرفەت دەکرێت ئێمە لەسەر ئەو بڕیار بدەین نەك ئەو بڕیار بدات،چونکە هەرچی ئەو دەیزانێت ئێمە پێیانداوە.

*د. محێدین محەمەد خانی لەبارەی پڕۆژەی زیرەکیی دەسکردی وەزارەتی پەروەردە کەبە پڕۆژەی زانا ناودەبڕیت ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو زۆر خۆشحاڵە بەو پڕۆژەیە،ئاماژەی بەوەشدا کە ڕۆڵی مامۆستا گرنگە هەرچەندە زیرەکی هەبێت بێ مامۆستا جێگای خۆی ناگرێت. ئەو گوتی : ئەم پڕۆژەیە یەکسانی فێربوون دەهێنیتە ئاراوە لە ڕێگای پڕۆژەیەکەوە کە ئێستا سەردەم و باویەتی،بەڵام دەبێێت ئاگاداری ئەوە بین کە زانا لێزان و ژیرسێ کەسن ئەی ئای زانایە لێزان نییە زانستەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و پێی دەڵێن زانا،لێزان کەسێکە دەتوانێت زانست پراکتیزە بکات بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، ژیر کەسێکە ئەو شتە جێبەجێدەکات بۆ بوارەکانی ئەخلاق و داهێنان و بیری ڕەخنەگرانە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات چاکسازی دەکات بۆ ژیانی داهاتوو بۆیە ئەو ئەپە زۆر جوانە،بەڵام دەبێت وریا بین ئەگەر مامۆستا قوتابی بداتە دەستی ئەم ئەپە ئەوە داویەتییە دەستی زانا نەیداوەتە دەستی لێزان مامۆستا لە هەست و دڵتەنگییەکانی قوتابییەکە تێدەگات ئەبێت مامۆستا ئەوە بکاتە یارمەتیدەری خۆی مامۆستا دەبێت ژیر بێت ئێمە هەندیك کات بە ڕێگای جیاواز قوتابی تێدەگەیەنین،بەڵام ئەی ئای ئەو هەستە تێناگات من ئێستا دەزانم برسیم یان تینوم هەتا نەیڵێم ئێوە نازانن، ئەی ئای نازانێت بۆیە زانا زۆر باشە بە ئەندازەی ئەپێك،بەڵام ناچێتە جێگای مامۆستا دەبێت مامۆستا هەر بمێنێت.





ماموستا فەرسەت ئەحمەد عومەر:

ئەز 22 پێنگاڤێن وانەگوتنێ بکاردهینم

ڕاپۆرت- ڕۆژین ڕەمەزان ئەمین- زاخۆ



ماموستا (فەرسەت ئەحمەد عومەر) ل ٢٠٠٢/١٢/٢٨ وەک ماموستایێ زمانێ کوردییێ هاتەدامەزراندن، هەر ژ ئەوی دەمی وەرە، واتە بۆ ماوەیێ ٢٣ سالانە وەک ماموستایێ زمانێ کوردی ژبۆ قوتابییێن پۆلا ئێکێ وانا دبێژیت، قوتابییێن ماموستا (فەرسەت)ی ژ قوتابییێن دیتر دجیاوازن، چونکی هێشتا ل هەیڤێن دەستپێکێ یێن سالێ ئەوان شیانێن خواندن و نڤیسینا ڕستەیەکا تەمام یێن هەین! هەمی ماموستایێن سەردانا ماموستا (فەرسەت)ی کرین پرسیارەک دئازراندن ئەو ژی ئەوە ئایا بۆچی قوتابییێن ئەوی بەرامبەری قوتابییێن مە د ئاستەکێ هوسا بەرزدانە؟! مە هەمان پرسیار د دیدارەکا تایبەتدا ئارستەیی ماموستا (فەرسەت)ی کر، ژبەرکو ئەم ژی سەرسام ببوین ب قوتابیان.

لێ ب بەرسڤا ماموستای گەلەک خۆشحال بووم دەمێ گۆتی: ((ڕاستە قوتابییێن من پولا ئێکێنە، لێ د وەرزێ ئێکێدا شیانێن خواندن و نڤیسینا زمانێ کوردی هەنە. جیاوازییا قوتابییێن من دزڤڕیت بۆ ئەوێ چەندێ کو ئەز (٢٢) پێنگاڤێن وانەگوتنێ بکاردهینم و هەتا نوکە ژی بەردەوام دویڤچوونێ ژبۆ پێنگاڤێن وانەگوتنێ دکەم))، ئەڤە د دەمەکێدایە کو د نوکەدا ل گەل پتریا گلە و گازندەییێن ئەوان مامۆستایێن قوتابییێن ناڤهاتی دیتین، پرسیارەکا سەرەکی گەلەک دەنگڤەدایە ئەو ژی ئەوە (پێنگاڤێن وانەگۆتنا مامۆستا فەرسەتی چنە؟!) داکو قوتابییێن مە ژی هوسا زوی فێرێ خواندنا زمانێ کوردی بن>

ژبەر ئەڤێ چەندێ دووەم پرسیار پێشکێشی ماموستای کر کو هەر وەکی ئەوی دیارکری ئەو (٢٢) وانەگوتنێ بکاردهیت، ئەو پێنگاڤە چنە؟ کیژ ژ هەمییان کاریگەرە؟ و چاوا دویڤچوونێ بۆ دکەت؟ ئەوی د بەرسڤا خۆدا گۆت: هەر ژ سالا دەستپێکێ ئەز بوویمە ماموستا من هزر د ئەوێ چەندێدا کر کو هندەک ڕێک و پێنگاڤێن وەسا بدانم زارۆک د دەمەکێ کورتدا فێری خواندن و نڤیسینا زمانێ کوردی ببن، هەتا پشتی گوهڕینا پەرتووکا قوتابی یا پولا ئێکێ ژی ئێکسەر من دویڤچوون ژبۆ پەرتووکا کەڤن و نوی کر و هەڤبەرکرنەک د ناڤبەرا ئەواندا کر و من شیا ب ئەڤێ چەندێ پێنگاڤا ل گەل گوهڕینا پەرتووکێ ژیدا بگونجینیم و ب سەرکەفتیانە ئەنجام بدەم و هەتا نوکە ژی یێ بەردەوامم، دیسان ژی هەمی پێنگاڤ ژبۆ فێربوونا زارۆکی پێدڤینە و هەمی کاریگەرن و هەر پێنگاڤەکێ دەمەکێ دیارکری ژبۆ بکارهینانێ یا هەیی))> د سێیەم پرسیاردا مە حەز دکر ژ ماموستایی بزانین ئایا ژبۆ فێربوونا زارۆکی خواندن و نڤیسین گرنگە یان چالاکی؟ ئەوی گۆت:هەردوو گرنگن و هەردوو پێکڤە گرێدایینە، ئەم نەشێین ئەوان ژ ئێک جودا بکەین، چونکی ئەو تەمامکەرێن ئێکن، واتە ل دەستپێکێ زارۆک دێ فێری خواندن و نڤیسنێ بیت و پاشی دێ ب ڕێکا چالاکییان ئەڤێ چەندێ پراکتیک دکەن .

سەبارەت ئەڤێ چەندێ سەرپەرشتیارێ پەروەردەیێ سەرپەشتیار ماموستا (ڕعەد موحەمەد) بەردەوام د کۆمبوونادا و د گێڕانا ئەوان کۆڕ و سمینارێن پەروەردەییدا ژبۆ ماموستایێن زمانێ کوردی دەربارەی ماموستا فەرسەتی دبێژیت: بۆچی ئەم هەمی نەشێن قوتابییێن خۆ وەکی قوتابییێن ماموستا فەرسەتی فێربکەین و د سەر هندێرا کو باوەرنامەییێن گەلەک ژ مە ژ یێن ئەوی بلندترن ؟. هەتا نوکە ئەڤ پرسیارە بێ بەرسڤ هەولاویستی مایە! د ئەڤێ ڕەوشێدا کۆمەکا دی یا پرسیاران ژ ئەوێ پرسیارێ دێ پەیدا بن، ژبەرکو مەترسییا ژناڤچوونا ئەوان پێنگاڤا دبیت مخابینەک ل پشت هەبیت، چونکی ماموستا فەرسەت یێ نێزیکی خانەنشیێ دبیت. باشە ئەگەر خانەنیش بوو پێنگاڤێن ئەوی یێن وانەگوتنێ دێ بەرزە بن یان دێ مفایەک ژێ هێتەوەرگرتن؟! ئەرێ ئەو دەم نەهاتییە کو ب شێوەیەکێ ڕێکوپێک مفا ژ پێنگاڤێن مامۆستا (فەرسەت)ی بهێتەوەرگرتن؟

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٤١٤٩٤ بەرواری ٢٠٢٥/٦/١٩ بەبری ٥٠٠،٠٠٠ بەناوی یادگار عبدالصمد سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێستی ئۆتۆمبێلی جۆری تویوتا های لاندەر ٦ پستون بەناوی کۆمپانیای OSLO RIVER ، ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٧٦٣٤کاتی هەولێر ، مۆدیل ٢٠٢٢، ڕەنگی نەوتی/ صقف رەش ، ژمارەی لاشەی 5TDGZRBH0NS218780 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مدیریە الجنسیة والاحوال المدنیة لمحافظة اربیل
شؤون الاحوال المدنیة
الواقعات
عدد/ ١٦٤٣١
تاریخ/ ٢٠٢٥/٨/٢٦
اعلان
قدم المواطنة (امنه حسن عزیز) دعوی تبدیل اسمها من (امنه) الی (ئەوین) فمن لدیه اعتراض مراجعة خلال ١٥ یوم من تاریخ نشره فی الجریدة و بعکسه فسوف تنظر هذه الدعوی وفق احکام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنیة رقم ٣ لسنة ٢٠١٦.
الفریق الحقوقي
نشأت ابراهیم الخفاجي
المدیر العام

***

مدیریە الجنسیة والاحوال المدنیة لمحافظة اربیل
شؤون الاحوال المدنیة
الواقعات
عدد/ ١٦٥٣٠
تاریخ/ ٢٠٢٥/٨/٢٧
اعلان
قدم المواطن (شیروان عبدالرحمن محمدامین) دعوی تبدیل اسم ابنه القاصر من (ئاڤار) الی (شیان) فمن لدیه اعتراض مراجعة خلال ١٥ یوم من تاریخ نشره فی الجریدة و بعکسه فسوف تنظر هذه الدعوی وفق احکام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنیة رقم ٣ لسنة ٢٠١٦.
الفریق الحقوقي
نشأت ابراهیم الخفاجي
المدیر العام

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر/١
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٦/٤٦٧٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٨/٢٨
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی (هەولێر/١) مولکی ژمارە (١١٧/١٣٨٤ ك ٤٥ وارش) کە کەوتوەتە (ك ٤٥ وارش) دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار (نظیرە امام احمد) کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی (قارین دلێر خضر باوە) بەبڕی (١٤٣,٧٥٠,٠٠٠) دینار, هەر کەسێ ئارەزومەندە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە (١٠ ٪) نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
ادیب حسن رسول
جێ بەجێ کاری دادی هەولێر
ئاکارەکان
١- شوێن و ژمارەی: ١١٧/١٣٨٤ ك ٤٥ وارش.
٢- ڕەگەزو جۆری/مولکی تەواو
٣- سنورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە.
٤- پێکهاتەکەی/ یەك شوقە کە پێکهاتووە لە دوو قات لە خوارەوە دوو شوقە لە سەرەوە.
٥- ڕووبەرەکەی/ ١٦٠.٩١ م٢
٦- نیشتەجێکەی/ کرێچی داوای مانەوە دەکات.
٧- نرخی قرساو/ (٢٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر/١
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٦/٤٦٧٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٨/٢٨
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی (هەولێر/١) مولکی ژمارە (٣٠/١٥٥٢ ك ٩٤ باداوە) کە کەوتوەتە (ك ٩٤ باداوە) دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار (لقمان احمد سلیم) کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی (قارین دلێر خضر باوە) بەبڕی (١٤٣,٧٥٠,٠٠٠) دینار, هەر کەسێ ئارەزومەندە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە (١٠ ٪) نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
ادیب حسن رسول
جێ بەجێ کاری دادی هەولێر
ئاکارەکان
١- شوێن و ژمارەی: ٣٠/١٥٥٢ ك ٩٤ باداوە.
٢- ڕەگەزو جۆری/مولکی تەواو.
٣- سنورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە.
٤- پێکهاتەکەی/ دوو خانوو لە کۆنکریت دروست کراوە وە دەستووری سلێمانی بەردی حلان دوو طابق لە خوارەوە.
٥- ڕووبەرەکەی/ ٢,٢٠٠ م٢.
٦- نیشتەجێکەی/ قەرزار داوای مانەوە دەکات.
٧- نرخی قرساو/ (٢٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

***

وەزارەتی ناوخۆ/ پارێزگای سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی مولکایەتی
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی مولّکەکانی پارێزگای سلێمانی
ژمارە: ٧٥٤١
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٨/٢٧
ئاگاداری
بۆ جاری یەکەم ئاگاداری هاوولّاتیان دەکەین کە لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی مولّکەکانی پارێزگای سلێمانی هەلّدەستێت بە فرۆشتنی چەند کەل و پەلی لەکارکەوتووی (گەنجینەی پارێزگای سلێمانی/ کاروباری هونەری) بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولّك و مالّی دەولّەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ بەزیادکردنی ئاشکرا.
هەر هاوولّاتیەك کە ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکەدا لە دوای (٧) حەوت ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و یاری) کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی لە هۆڵی کۆبوونەوەی پارێزگای سلێمانی ئامادەبن بەم مەرجانەی لای خوارەوە:
١- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٥) پێ بێت.
٢- بارمتەی یاسایی بەپێی چەکی بانکی لە یەکێك لە بانکە حکومیەکان دا بەبڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.
تێبینی/ ئەگەر هاتوو ڕێکەوتی زیادکردنەکە بەر پشووی فەرمی کەوت ئەوا زیادکردنەکە دەکەوێتە ڕۆژی دواتر.
د. هەڤاڵ ئەبوبکر
پارێزگاری سلێمانی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٥٩٣١/ش١/٢٠٢٥
ڕێکەوت:٢٠٢٥/٨/٢٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمد بشیر رمضان یوسف)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (فاطم محمد علی) داوای ژمارە: ٥٩٣١/ش٢٠٢٥/١ سەرەوەی لەم دادگایە تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق قبل الدخول) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری موختاری (قوشتپە / خیوتگای قوشتپە) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت خۆت یان نوێنەرێکی یاسایی خۆت ئامادەبیت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٥/٩/٣٠ کاتژمێر ٩ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
داوەری یەکەم
مسعود سعید صدیق

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣١٦٧/ ب١/ ٢٠٢٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٨/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (المدیر المفوض لشرکة خسوف القمر اضافة لعملة)
لەسەر داوای داواکار (شنه عبدالقادر احمد) لە داوای ژمارە ٣١٦٧/ب١/٢٠٢٥ ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/٢٧ بریاریدا بە پابەندکردنت بەدانی بڕی ٢٨٦,٩٤٤,٠٠٠ دیناری عێراقی کە دەکاتە بڕی ٢٠٤٩٦ دۆلار بەدی بە داوکار (شنه عبدالقادر احمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی گوندی ئیتالی / ١) بۆیە دادگا بریایدا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بریارەکە پاشملەیە و (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز) ە و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم
کاوە صدیق حسین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر / ١
ژمارە: ٨٧٢ / ٢٠٢٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٨/٢٨
ئاگاداری
بۆ/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای خسوف القمر سەرەڕای کارەکەی
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئامادەبن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەمەبەستی گەڕاندنەوەی قەرزی دۆسیە کە بڕەکەی ٣٠,٦٩٤,٤٠٠ دینار.
جێبەجێکاری داد
نسرین رحیم تالە

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٢٠٦/ب٢٠٢٣/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٨/٢٨
جاردان
بۆ داوالێکراو (پخشان لطیف محمد شریف)
داواکار (سامال و سامان و شادیە و سەوزە) کوڕان و کچانی (لطیف محمد شریف) داوای ژمارە (٢٢٠٦/ب٢٠٢٣/٣) لەسەرتان تۆمار کردبوو وە ئەم دادگایە لە بەرواری (٢٠٢٥/٤/٢٨) بڕیاریدا بە نەهێشتنی هاوبەشی (ازالە الشیوع) وە لە بەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری مختاری هەولێر/گەرەکی (مەلایان/ علماء) (٢٠٢٥/٨/٢٧) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنتان بە بریارەکە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بریارەکە پاشملە و مافی تانەدانت هەیە لە بریارەکە لە ماوەی یاساییدا , بە پێچەوانەوە بری

عێراق رووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری دەبێتەوە

هەفتەکانی داهاتوو بۆ عێراق سەخت دەبن

خەبات ـ ئارۆ جاف

دۆخی سیاسی و نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمان، هەروەها کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، هاوڵاتیان و چینی سیاسی ڕووبەڕووی چەند ئاڵنگارییەکی نوێ دەکاتەوە، بەتایبەتیش تائێستا هیچ ئاسۆیەك بۆ ئایندەی سیاسی و ئەمنی عێراق نییە، بەڵەبەرچاوگرتنی کێشە سیاسییەکان و هەڕەشەکانی تیرۆر، هەروەها ئەو شەڕە هەرێمییەی لەناوچەکە هێشتا کەفوکوڵی دانەمرکاوەتەوە، پێناچێت عێراق لە مانگەکانی داهاتوودا ئارامی بەخۆیەوە ببینێت.

پێوەرەکان ئەوە پیشان دەدەن هەفتەکانی داهاتوو بۆ عێراق سەخت دەبن و ڕەنگە تەنانەت کارەساتباریش بن، ئەگەر نوخبەی دەسەڵاتدار بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی نێوخۆ و ناوچەکەدا نەکەن. مەسەلەکە ئێستا پەیوەندی بە مللمانێ سیاسییە ناوخۆییەکان، ڕکابەریی حزبییەکانەوەیە هەیە کە ئەویش هەڵبژاردنە، بەرپرسیارێتی دووەمیش ئەوەیە ڕێگری بکرێت عێراق نەخلسکێتە ناو شەپۆلێکی نوێی مللمانێی ناوچەییەوە، بەتایبەتی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی دووبارەی نێوان ئێران و ئیسرائیل. لەگەڵ ئەمەشدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، مەترسیدارە و عێراق بەرەو ڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری نوێ دەکاتەوە.

بەگوێرەی شیکردنەوەکان، یەکێك لەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمەریکایە بەگوێرەی خشتە و ڕێککەوتنی بەغدا و واشنتۆن لە بنکەی عەین ئەسەدی ئەنبار و قیکتۆریای نزیك فڕۆکەخانەی بەغدا. بەگوێرەی زانیارییەکان ئامانجی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ڕێکخستنەوە و ڕێگرییە لەبەرکەوتنی سەربازەکانی بە هێرشی میلیشیاکان لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ لەگەڵ ئیسرائیلدا.

هەرچی پێشهات و ئاڵنگاریی دووەمە، پێشبینی دەکرێت ڕووبەڕووی عێراق ببێتەوە، کاراکردنەوەی میکانیزمی سناپ باکی وڵاتانی ئەوروپییە بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی سزاکانیان بەسەر ئێران لەسەر پرسی ئەتۆمی، بێگومان عێراقی دراوسێیش بێبەش نابێت لە گەڕانەوەی ئەو سزایانە. ئاڵنگاریی کۆتاییش ئەوەیە، پێشبینی دەکرێت ئیسرائیل گورزێکی سەربازی بوەشێنێت، لەمەشدا گرووپ و میلیشیا چەکدارەکانی عێراق کە خۆیان بە بەرەی مقاومە ناوزەد دەکەن، پێناچێت ئەمجارە بێدەنگی هەڵبژێرن.

بەجۆرێکی دیکە ئەوەی لەناوخۆی عێراقدا دەگوزەرێت ئاماژەکانی دڵخۆشکەر نین، لەوانەش مشتومڕەکان لەسەر لیستی باڵیۆزەکان کە زۆربەیان ناشایستە بوون یان پەیوەندییان بە سەرکردە حزبی و سیاسییەکانەوە هەبوون، بەڵام پەرلەمان بەردەوام بوو لە پەسەندکردنی لیستەکە، ئەمەش پەیامێکی ڕوونی بۆ کۆمەڵگەی عێراق نارد کە پۆستە باڵاکان پاداشتی حزبییە نەک پۆستی خزمەتکردن بە دەوڵەت. لەگەڵ ئەمەشدا، دووڕخستنەوەی زیاتر لە 600 کاندیدی هەڵبژاردنەکان چەند هۆکارێکی لەپشتەوە بوو، کێشەکە بۆ دووڕخستنەوەی کەسایەتییە دژبەرەکانی حزبە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە، نەوەك لەبەر تۆمەتی یاسایی، بۆیە، ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر جۆشوخرۆشی دەنگدەران هەبووە کە دەیانەوێت پەرلەمانی ئێستا بگۆڕن.





جموجۆڵی شانە نووستووەکانی داعش لەو ناوچانەی بۆشایی ئەمنیان هەیە لەزیادبوونداید

عەبدولموتەلب نەجمەدین، بەڕێوەبەری شارەدێی پردێ:

جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە سنووری شارەدێکەمان بەدی دەکرێت

خەبات ـ ئارۆ جاف

جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگەی کەرکووك لە زیادبوونداں، سەرەڕای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دەوروبەری ئەو شارە، بەڵام تادێت ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە چالاکییەکانیان لەزیادبووندان، بەتایبەتیش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا مەترسییەکانی داعش لە کەرکووك و دەوروبەری زیادی کردووە و هەڵدەکەوتنە سەر گوندێکی نزیکی شارەدێی پردێ و داوای خۆراك و کەلوپەلیان لە دانیشتوانی ئەو گوندە کردووە.

بەڕێوەبەری شارەدێی ئاڵتون کۆپری، دەڵێ پشتێنەی سنووریان لەگەڵ قەزای دوبس پێویستی بە چاودێری وردی ئەمنی و بەردەوام هەیە، تاکو ڕێگری لە چالاکی تیرۆریستان و جموجۆڵەکانیان بکرێت.

داعش ماوەیەکە لە سنووری گوند و شارەدێیەکانی کەرکووك دەستی بە چالاکی کردووەتەوە و لەو ناوچانەی بۆشایی ئەمنیان هەیە هاتوچۆ دەکەن، بەگوێرەی زانیارییەکان، ژمارەیەك چەکداری داعش بە سوودوەرگرتن لەو بۆشاییەی ئەمنییەی لەناوچەکە هەیە، هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی دەرماناو لە نزیک شارەدێی پردێی سەر بە پارێزگای کەرکووك و داوای خواردن و پێداویستی دیکەیان لە دانیشتووانی گوندەکە کردووە.

سەبارەت بە زیادبوونی جموجۆڵەکانی داعش لە دەوروبەری کەرکووك بەهۆی بۆشایی ئەمنییەوە، عەبدولموتەلب نەجمەدین، بەڕێوەبەری شارەدێی پردێ ڕایگەیاندووە: ماوەیەکە جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە گوندێکی سەر بە شارەدێکەیان بەدی دەکرێت، بەجۆرێك دانیشتوانی گوندی دەرماناو زانیارییان لەبارەی نزیکەی شەش چەکداری داعش لە یەکێك لە ماڵەکانی گوندەکە داوە کە داوای خۆراك و خواردنەوەیان لە خەڵك کردووە. بەگوتەی بەڕێوەبەری شارەدێی پردێ، سنوورەکەیان تا دەگاتە قەزای دوبس پێویستی بە چاودێری وردی ئەمنی بەردەوام هەیە، تاکو ڕێگری لە چالاکی تیرۆریستان و جموجۆڵەکانیان بکرێت.

بە بڕوای چاودێرانی ئەمنی، ئەوەی لە گوندی دەرماناو ڕوویدا ئاماژەی ڕوونی چالاکبوونەوەی شانە نووستووەکانی داعشە کە تائێستا لەو ناوچەیەی بۆشایی ئەمنی هەیە لە جوڵەدان و گوشار لە خەڵك دەکەن خۆراك و پارەیان پێ بدەن. لەهەمانکاتدا، لە ناوچەی سێگۆشەی ئەمنی کە کەرکووك و سەلاحەدین و دیالە و سنووری کەرکووك و هەولێر پێکەوە دەبەستێتەوە، چەکدارانی داعش بۆشایی ئەمنی بۆ هەڕەشە و هێرشی چەکداری و ڕفاندنی هاوڵاتیان دەقۆزنەوە.

پردێ ڕایگەیاندووە: ماوەیەکە جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە گوندێکی سەر بە شارەدێکەیان بەدی دەکرێت، بەجۆرێك دانیشتوانی گوندی دەرماناو زانیارییان لەبارەی نزیکەی شەش چەکداری داعش لە یەکێك لە ماڵەکانی گوندەکە داوە کە داوای خۆراك و خواردنەوەیان لە خەڵك کردووە. بەگوتەی بەڕێوەبەری شارەدێی پردێ، سنوورەکەیان تا دەگاتە قەزای دوبس پێویستی بە چاودێری وردی ئەمنی و بەردەوام هەیە، تاکو ڕێگری لە چالاکی تیرۆریستان و جموجۆڵەکانیان بکرێت.

داعش ماوەیەکە لە سنووری گوند و شارەدێیەکانی کەرکووك دەستی بە چالاکی کردووەتەوە و لەو ناوچانەی بۆشایی ئەمنیان هەیە هاتوچۆ دەکەن، بەگوێرەی زانیارییەکان، ژمارەیەك چەکداری داعش بە سوودوەرگرتن لەو بۆشاییەی ئەمنییەی لەناوچەکە هەیە، هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی دەرماناو لە نزیک شارەدێی پردێی سەر بە پارێزگای کەرکووك و داوای خواردن و پێداویستی دیکەیان لە دانیشتووانی گوندەکە کردووە.

سەبارەت بە زیادبوونی جموجۆڵەکانی داعش لە دەوروبەری کەرکووك بەهۆی بۆشایی ئەمنییەوە، عەبدولموتەلب نەجمەدین، بەڕێوەبەری شارەدێی



موهەنند مەحمود شەوقی

کابینەی نۆیەم لە پرۆژەی ڕووناکییەوە بۆ چاکسازیيە گشتگیرەکان

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریيەکی جۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە لەلایەن مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانەوە سەرکردایەتی دەکرێت، کابینەی نۆیەم، چاکسازی و گەشەپێدانی بەردەوامی کردووەتە کرۆکی پێشنۆرەکانی. پرۆژەی ڕووناکی، یەکێ لە دیارترین بەرهەمەکانی ئەم دیدگایە، چونکە حکوومەت توانیویەتی، زیاتر لە (٣٢٢٢) مودلیدەی کارەبایی ئەهلی بکۆژێنێتەوە، کە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون و بازاڕەکانیان داگیرکردبوو. ئەم هەنگاوە نەک تەنیا باری قورسی دارایی لەسەر هاوڵاتیان کەم کردەوە، بەڵکو ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی دەرچەی پیسکەری بڕی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار تۆن گازی دووانەی ئۆکسیدی کاربۆنی ساڵانەشدا هەبوو، کە دەستکەوتێکی ژینگەیی و ئابوورییە لە هەمان کاتدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاڕاستەی نوێی هەرێمە بەرەو کارەبای بەردەوام و وزەی پاکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆژەی ڕووناکی، تەنیا بەشێکە لە بەرنامەی فراوانی حکوومەت، کە مەسرور بارزانی سەرکردایەتی دەکات. لەدوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمەوە، حکوومەت ئامانجێکی ستراتیژی خستووتە پێش چاوی، کە بریتییە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت، ئەمەش لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە کەرتە جێگرەوەکانی وەکوو کشتوکاڵ، گەشتوگوزار و پیشەسازی، هاوشان لەگەڵ پشتگیریکردنی پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان، کە دەرفەتی کاری بۆ گەنجان دابین کردووە و ڕۆڵیشی لە بوژاندنەوەی ئابووری ناوخۆدا هەبوو. بە هاوتەریبی ئەمەشدا، حکوومەت بایەخێکی زۆری بە ڕۆژەڤەکانی بەژمارەکردن و بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی داوە، چونکە سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی و چوارچێوەی خزمەتگوزارییەکانی میری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە فراوان کردووە، ئەمەش شەفافیەتی زیاتر کردووە و ڕۆتینی کارگێڕیشی کە سااڵنێکی زۆر بوو هاوڵاتیانی شەکەت کردبوو، کەم کردووەتەوە. لە کەرتی تەندروستیدا، حکوومەتەکەی مەسرور بارزانی توانیویەتی، ژێرخانی نەخۆشخانەکان نوێ بکاتەوە و پەرە بە بەرنامەکانی ڕاهێنان بە کارمەندانی پزیشکی بدات، سەربارى بەڕێوەبردنی پەتای کۆرۆنا بە پلانی پێشوەختە، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییەوە، ستایش کرا. لە کەرتی پەروەردەدا، حکوومەت هاوبەشییەکانی لەگەڵ زانکۆکانی جیهان پتەو کرد و چەندان دامەزراوەی پەروەردەیی نێودەوڵەتیشی بۆ هەرێم ڕاکێشا، ئەمەش ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمی پەروەردە و کردنەوەی ئاسۆی فراوانتر بۆ قوتابیاندا هەبوو. چاکسازی تەنیا لەسەر لایەنەکانی خزمەتگوزارییەوە نەوەستا، بەڵکو ڕۆژەڤی ئاسایش و سەقامگیریشی گرتەوە، دوای ئەوەی کابینەی نۆیەم، کاری لەسەر چاکسازی لە هێزەکانی پێشمەرگە و پەرەپێدانی تواناکانی، لە ڕێگەی بەرنامەکانی ڕاهێنان و چەکدارکردنی نوێ کرد، هاوکات لەسەر بەهێزکردنی هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریش بەردەوام بوو، هەر ئەمەش پێگەی کوردستانی وەکوو باندۆری سەقامگیری هەرێمایەتی و هاوبەشێکی سەرەکیی، لە پرسە تەناهییەکاندا بەهێزتر کرد.

پێشێلکارییە دەستوورییەکانی بەغدا
لە ساڵی ٢٠٠٥ تاکو ٢٠٢٥





ئامادەکردنی: سامان حەمەدەمین عەلی

(بەشی پێنجەم)

هەرێمی کوردستان کە سەرجەم ڕەگەز و بنەماکانی ناسنامەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و سیاسی سەربەخۆی تێدایە و چەندین ساڵە ناسنامەی خۆی پاراستووە، بەهۆی ناکۆکی لەسەر ئیرادەکەی و لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و هاوکێشە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە مەلمانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بە زۆرەملێ بە عێراقەوە لکێنراوە و ڕووبەڕووی سەرکوتکردن بووەتەوە و لەلایەن حکوومەتەکانی عێراقەوە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی کراوە و ماف و ئازادییەکانی پێشێل کراوە، هەروەها کەوتووەتە بەر کۆمەڵکوژی و ئەنفال و چەکی کیمیاویی قەدەغەکراوی لە دژدا بەکارهێنراوە و تووشی کۆچ و کۆچپێکردنی زۆرەملێ کراوەتەوە و سەرجەم جۆرەکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەبەرامبەردا بەکارهێنەدراوە.

٤- ماددەی 32

حکوومەتی عێراق پابەندیی دەستووریی خۆی بەرامبەر کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و دابینکردنی پێویستییەکانیان بۆ تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگە پێشێل کردووە، لە کاتێکدا ماددەی 32ی دەستووری عێراق جەختی لێ کردووەتەوە، بەڵام حکوومەتی ئیتیحادی بەهۆی دروستکردنی قەیرانی دارایی لەڕێگەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار کردووە کە موچوچەکانیان کەم بکاتەوە و نەتوانێت پێویستییە شایستەکانیان بۆ دابین بکات.

٥- هەر سێ بڕگەکەی ماددەی 106

ئەو ماددەیە پێکهێنانی (دەستەی گشتی بۆ چاودێریکردنی تەرخانکردنی داهاتەکانی ئیتیحادی) بە ئەرک داناوە، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنی هاوکاری و قەرزی نێودەوڵەتی بەپێی شایستەی هەرێم و پارێزگاکان، بەڵام عێراق هێشتا یاسای بۆ پێکهێنانی ئەو دەستەیە دەرنەکردووە و تائێستا هیچ یەکێک لە بنەماکانی ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکراون.

٦- لەکۆتاییدا بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق، کاریگەریی نەرێنی لەسەر هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆ جێبەجێکردنی زۆر لە مافە دەستوورییەکانیان کە ئەمانەن:

ا- ماددەی٣٣

تایبەتە بە مافی تاک بۆ ژیان لە ژینگەیەکی تەندروست و پاراستنی ژینگە لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام حکوومەتی ئیتیحادی بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار کردووە کە موچوچەکانیان کەم بکاتەوە و نەتوانێت پێویستییە شایستەکانیان بۆ دابین بکات.

ب- ماددەی 34

تایبەتە بە مافی فێرکردن و بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری، هاندانی تۆژینەوەی زانستنی، چاودێریکردنی لێهاتووان و داهێنان و چەند بواریکی دیکە، بەڵام بڕینی بەشەبودجەی کوردستان وای کردووە هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەو مافانە بێبەش بن.

ج- ماددەی 36

تایبەتە بە مافی تاک بۆ وەرزشکردن و پابەندبوونی دەوڵەت بە هاندان و چاودێریکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی چالاکییەکانی تاک، بەڵام بڕینی بەشەبودجەی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێت ئەو مافانە بۆ تاکەکانی کوردستان دابین بکات.

د- ماددەی 132

تایبەتە بە مافی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و زیانلێکەوتووانی سیاسەتەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری، هەروەها مافی قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان و زیانلێکەوتووانی کردەوەکانی تیرۆرکردن، بەڵام حکوومەتی ئیتیحادی ئەو مافانەی بە هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان نەداوە.

شکستهێنانی حکوومەتی ئیتیحادی لە ئیدارەدانی دۆسیەی نەوت و ئیعتراف نەکردن بە بنەمای هاوبەش:

نەوت پێگەیەکی گرنگی لە ئابووریی عێراقدا هەیە، بەو هۆیەوە دەقی تایبەت و پڕ لە وردەکاری لە دەستووری 2005ی عێراقدا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە، لەنێوایاندا ماددەکانی 111 و 112ی دەستوور.

ماددەی 111

ئەو ماددەیە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو سامانە گرنگە موڵکی گەلە..

ماددەی 112

ئەو ماددەیە وەک بەڵگەنامەیەکی نیشتمانییە کە دابەشکردنی داهاتەکەی لە عێراقی نوێ بەرجەستە دەکات. پێویست بوو ئەو دابەشکردنە لەسەر بنەمای هاوبەشییەکی ڕاستەقینە بێت لە دەسەڵات و سامانە سروشتییەکان. پێویست بوو ئەو ماددەیە، بەتایبەتیش بڕگەی یەکەمی ماددەی 112 لە چوارچێوەی یاسایەکی تەواو و تەواوکار جێبەجێ بکرایە، بەڵام هێشتا قۆناغە نوێیەکە پێویستی بە یاسایەک هەیە، کە لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێت، لەبەر سێ هۆکار:

هۆکاری یەکەم: لە عێراقدا یاسایەکی یەکگرتووی نەوت و غاز پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بوونی نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵە یاسایەک هەبوون کە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو بەسەردا چووە.

هۆکاری دووەم: سیستەمی ئابووریی کۆن لەسەر فەلسەفەی ئابووریی ئاراستەکراو لەژێر کۆنترۆڵی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی گشتگیر بونیات نرابوو، یاسا نەوتییەکان گوزارشتیان لەو فەرمانڕەواییە گشتگیرە دەکرد، بەڵام سیستەمی ئابووریی نوێ پاش بەکارخستنی دەستووری نوێ 2005ی عێراق، بەپێی فەلسەفەی ئابووریی ئازاد و کرانەوە بە ڕووی وەبەرهێنەرانی بیانی بونیات نراوە، ئەوەش مانای وایە کە یاسا کۆنەکان لەگەڵ دۆخی نوێدا ناگونجێن، بۆیە دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ نەوت و غاز دەکاتە حەتمی.

هۆکاری سێیەم: دەستوور بە دەق جەخت لە (هاوبەشیکردن لە ئیدارەدانی نەوت و غاز لەنێوان حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمەکان، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و تەرخانکردنی پشکی هەرێمە زیانلێکەوتووەکان) دەکاتەوە، بەڵام ئەو بابەتانە لە یاسا کۆنەکاندا ڕێک نەخرابوون، بۆیە ڕێکخستنیان لە یاسایەکی نوێدا بە زەرووەت زانراوە.

*لەگەڵ ئەوەدا حکوومەتەکانی عێراق بوونەتە لەمپەر لەبەردەم دەرکردنی یاسای نەوت و غاز، لە کاتێکدا لە 4ـ7ـ2007ەوە پرۆژەیاسایەک لەمبارەیەوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، هۆکارەکەشی بۆ بوونی دەسەڵاتی هەرێمەکان لە ئیدارەدان و پێشخستنی کەرتی نەوت و غاز دەگەڕێتەوە. پێشتریش پرۆژە یاساکە لە 26ـ2ـ2007 پێشکەش بە ئەنجوومەنی شووڕای دەوڵەتی عێراق کرابوو، کە دەسەڵاتەکانی لە دارشتنەوەی یاسایی و زمانەوانی زیاتر نییە و حکوومەتی ئیتیحادیش ڕێگەی بەم دەستێوەردانە دابوو، بەڵام ئەمە لەکارخستنی بڕگەی یەکەمی ماددەی 112ی دەستووری عێراقییە، کە بڕیاری لەسەر بنەمای هاوبەشیی تەواو لە کەرتی نەوت و غاز لەنێوان حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمەکان داوە.

ئێستا کە 20 ساڵ بەسەر دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام هێشتا عێراق لە بۆشایی یاساییدایە لە گرنگترین کەرتی ئابووریی خۆیدا، بەهۆی ڕەتکردنەوەی بنەمای هاوبەشکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (تاکە هەرێمی عێراق) لەم کەرتەدا. ئەمەش مانای وایە کە حکوومەتی ئیتیحادی سەرجەم بەرپرسیارێتیی یاسایی گرێبەستە نەوتییەکانی لەگەڵ لایەنی بیانی و تەواوی پرۆسەکانی تایبەت بە نەوت و غاز دەکەوێتە ئەستۆ.

پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان...

پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان بەشێکن لە بنەماکانی هەر دەستوورێکی سەردەمییانە لە جیهاندا. دەستووری عێراقیش لە چەندان جێگەدا بڕیاری لەسەر ئەم بنەمایە داوە، لە دیباچەکەی و چەندان بەشدا ئاماژەی پێ داوە. پێشێلکردنی ئەو مافانە بە تەنیا کاریگەرییان لەسەر تاک لە عێراقدا نابێت، بەڵکوو کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەبێت، لەمەشدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە پێشێلکردنی ئەو ماف و ئازادییە گشتییانە بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێکخستنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، لەو شوێنانەی کە خەڵکەکەی پەراوێز خرابوون و حکوومەتی ئیتیحادی سادەترین مافەکانیان پێ ڕەوا نەدەبینین. دەستووری هەمیشەیی عێراق لەم بڕگە و ماددانەدا ماف و ئازادییە گشتییەکانی دیاری کردووە:

١-بڕگەی دووەمی ماددەی 2

ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەم دەستوورە تەواوی مافە ئایینییەکان بۆ سەرجەم تاکەکان دابین دەکات، لە ئازادیی بیروباوەڕ و مومارەسەکردنی ئایینی خۆیان). بەڵام حکوومەتەکانی عێراق نەیانتوانیوە بەرگری لە ئازادیی بیروباوەڕ و مومارەسەکردنی ئایینیی کەمینە ئایینییەکانی وەک (ئێزدی، مەسیحی، سابیئە و کاکەیی) بکات و پەیوەندی ئەو ئایینانە لە ساڵی 2005ەوە ناتوانن لە ئاسایشێکی دڵنیادا پەیوەیی لە ئایینەکانیان بکەن، لەکاتێکدا گرنگترین ئەرکی حکوومەتی عێراق بەپێی ئەو ماددەیە، پاراستنی پەیوەندی ئەو ئایینانە و ئاسانکاری بۆ پەیوەکردنی ئایینەکانیان بووە.

٢- ماددەی 14

ئەو ماددەیە جەختی لەوە کردووەتەوە (عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، بەبێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز، نەتەوە و .. هتد). بەڵام حکوومەتەکانی عێراق سیاسەتی جیاکاریی ڕەگەزییان بەرامبەر پێکهاتەکان گرتووەتە بەر و لە زۆر بواردا پێکهاتەی شیعەیان لە تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق جیا کردووەتەوە، وەک (کارکردن لەگەڵ حکوومەت، دابەشکردنی داهاتەکان، خوێندنی باڵا و زەمالات، نێردەی دیپلۆماسی و تەنانەت لە دابینکردنی ئاسایش بۆ دانیشتووان). تەنانەت کردارى کۆچپێکردنی ناچاری بەرامبەر بەزۆر لە نەتەوە و مەزهەبەکانی عێراق جگە لە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە گیراوەتە بەر و ئامارەکانی تایبەت بە کۆچ و کۆچبەران دەریدەخەن کە زۆربەی ئەوانەی کۆچیان کردووە، لە (عەرەبی سوننە، مەسیحی، سابیئە و خاوەنی ئایینەکانی دیکە)ن و بەڵگەی یەکلاکەرەوەش لەمبارەیەوە لێدوانی سەرۆکی وەقفی شیعییە کە لە ساڵی 2017 داویەتی و جەخت لەوە دەکاتەوە، (مەسیحییەکان یان دەبێت (جزیە) بدەن، یان دەبێت ببنە موسڵمان، یانیش دەبێ بکوژرێن)، بەڵام کەس لەسەر ئەو لێدوانە لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکردووە.

٣- ماددەی (15 و 37\ب

ئەو ماددەیە ئاماژەی بەوە داوە: (هەموو کەسێک مافی ژیان، ئاسایش و ئازادیی هەیە و نابێ لەو مافانە بێبەش بکرێن یان کۆتوبەندیان بۆ دابنرێ، تەنیا بەپێی یاسا و لەژێر ڕۆشنایی بڕیارێکی دەرکراو لە لایەنی دادوەری نەبێت). ماددەی (37\ب) دووپاتی کردووەتەوە: نابێ هیچ کەسێک ڕابگیرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، تەنیا بەپێی بڕیاری دادگا نەبێت.

٤- بڕگەی دووەمی ماددەی 28 و ماددەی 29 و 30

ئەو ماددانە جەختیان لە مافە کەسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تاکەکەس لە عێراق کردووەتەوە، وەک (کەمکردنەوەی باج لەسەر ئەو کەسانەی داهاتیان سنووردارە، پاراستنی کیانی خێزان، پاراستنی دایکان و منداڵان و بەسااڵچووان، چاودێریکردنی گەنجان، قەدەغەکردنی ئیستغلاڵکردنی ئابووریی منداڵان، قەدەغەکردنی تۆندوتیژی لە خێزان و قوتابخانە، دەستەبەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بنەما سەرەکییەکان بۆ ژیانێکی شەرەفمەندانە، دابینکردنی داهات و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ تاک و خێزان و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ عێراقییەکان لە حاڵەتی بەسااڵچوون یان نەخۆشی یان... هتد.) حکوومەتەکانی عێراق هیچ یەکێک لەو مافانەیان بە دروستی دابین نەکردووە و هەزاران خێزانی عێراقی بەهۆی شەڕ و هەژاری و نەزانییەوە لێکهەڵوەشاونەتەوە، هەزاران ژن و منداڵ بەهۆی تیرۆر و کۆچپێکردنی ناچاری و نەبوونی توانای حکوومەتی عێراق بۆ پاراستنی سەقامگیری، شوێنەکانیان بەجێ هێشتووە. هەزاران منداڵ لە مافی خوێندن و ژیانێکی شایستە بێبەش کراون و هەزارانیان لەسەر شەقامەکان ڕووبەڕووی جۆرەها شێوەی پێشێلکاری دەبنەوە.

٥- ماددەکانی 31 و 32

خۆی لە کۆمەڵێک مافی تەندروستی بۆ تاکەکانی عێراق وەک (مافی چاودێریی تەندروستی، دامەزراندنی نەخۆشخانە و دامەزراوەی تەندروستی، چاودێریی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) دەبینێتەوە. حکوومەتەکانی عێراق نەیانتوانیوە ڕەچاوی ئەو مافانە بکەن بۆ هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی خەرجییەکانی تەرخانکراو بۆ کرینی دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکان لەنێو خەرجییە سیادییەکانی عێراقدان و بودجەی ئەم جۆرە خەرجییە پێش هەر بڕگەیەکی دیکەی بودجەی گشتیی عێراق دابین دەکرێت، بەڵام حکوومەتی عێراق پشکی هەرێمی کوردستانی لە دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکان کەم کردووەتەوە، لە جێگەی ئەوەی زیادی بکات، هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە زیاتر لە یەک ملیۆن و 800 هەزار ئاوارەی پارێزگاکانی عێراق کردووە، کە ئەم ژمارە بەرزە پێویستییان بە هاوکاریکردنی پزیشکی هەبووە.

٦- ماددەی 33

جەختی لە (زەرووەتی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ هاووڵاتییانی عێراق) کردووەتەوە. بەڵام حکوومەتی ئیتیحادی نەیتوانیوە پابەندیی خۆی بەرامبەر ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی هاووڵاتییان جێبەجێ بکات و ژینگەی عێراق لەدوای ساڵی 2003وە زیاتر تووشی پیسبوون بووەتەوە.

٧- ماددەی 41

لە دەقەکەیدا هاتووە: (عێراقییەکان لە پابەندییەکانیان بە باری کەسێتییاندا بەپێی ئایین و مەزهەب و بیروباوەڕ و هەڵبژاردن و.. هتد ئازادن)، بەڵام حکوومەتەکانی عێراق ئەو ماددەیەیان پەک خست، بۆ پەیڕەوانی ئایینەکانی (مەسیحی، ئێزدی، سابیئە و ئەوانەی دیکە) یاسای باری کەسێتییان بەپێی مەزهەب و بیروباوەڕیان ڕێک نەخست، ئەمەش سەرپێچیکردنێکی ڕاشکاوانەیە لە بنەمای ئازادیی بیروباوەڕ کە بە یەکێک لە گرنگترین مافەکانی هاووڵاتییان و بنەمای پێکهوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی عێراق دادەنرێ.

٨-بڕگەی یەکەمی ماددەی 44ی دەستووری هەمیشەیی عێراق

تێیدا هاتووە (عێراقییەکان ئازادیی گواستنەوە و نیشتەجێبوونیان لەنێو عێراق و دەرەوەیدا هەیە). بەڵام حکوومەتەکانی عێراق ئەم بڕگەیەشیان پێشێل کردووە و گەشتکردنی ئافرەتیان بە تەنیا قەدەغە کردووە.

٩- بڕگەی سێیەمی ماددەی 37

جەختی لە (قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە ئافرەتان) کردووەتەوە. حکوومەتەکانی عێراق زۆر کەمتەرخەمییان لەم بڕگەیەشدا کردووە و دیاردەی هاوسەرگیریکردنی کێژۆڵان و کچانی خوار تەمەنی 18 ساڵان بڵاو بووەتەوە.

١٠- ماددەی 125

تێیدا هاتووە: (ئەو دەستوورە مافە ئیداری، سیاسی، ڕۆشنبیری و فێرکارییەکان بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان.. هتد، گەرەنتی دەکات). حکوومەتی عێراق ئەو ماددەیەشی پەک خست، لەو ڕوانگەیەوە کە وەکوو پێویست بوو، هیچ یەکێک لەم مافە ئیداری، سیاسی، ڕۆشنبیری و تەعلیمییانە بە نەتەوە جیاوازەکانی عێراق نەدران.

١١- ماددەی 11\ یەکەم و دووەم

تێیدا هاتووە: (دەوڵەت چاودێریکردنی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و.... قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان و بریندارانی کردەوە تیرۆریستییەکان لەئەستۆ دەگرێ). حکوومەتەکانی عێراق مافەکانی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی، بەتایبەتیش کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەئەستۆ نەگرتووە، ئەرکی حکوومەتەکانی عێراق بوو کە کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان (لە هەڵەبجە و ئەو شوێنانەی دیکە کە لە خەباتیاندا دژی ڕژێمی دیکتاتۆری شەهید بوون) قەرەبوو بکاتەوە، لە کاتێکدا پەرلەمانی عێراق ئەنفال و شەهیدکردنی هاووڵاتییانی هەڵەبجەی لە کۆمەڵێک کرداری کۆمەڵکوژیدا بەفەرمی ناساندووە.

هەرچی پەیوەندیی بە قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان و بریندارانی کردەوە تیرۆریستییەکانە، حکوومەتەکانی عێراق کەمتەرخەمییەکی زۆریان لەمبارەیەوە هەیە، بۆ نمونە لە شەڕی دژ بە داعشدا تەنیا لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگە هەزار و 693 پێشمەرگە شەهید بوون و نزیکەی 10 هەزار پێشمەرگەش بریندار بوون، بەڵام حکوومەتەکانی عێراق کەسوکاری ئەو شەهیدانە و بریندارەکانیان قەرەبوو نەکردووەتەوە، تەنانەت نیازی قەرەبووکردنەوەشیانی نییە. هەمان شتیش لەبارەی کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی کردەوە تیرۆریستییەکان لە 2003وە تا 2017.



www.xebat.net
یەك شەممە 31ی ئابی 2025 ژمارە(7047)
خەبات



لە ئەمەریکاوە ..

کوشتن و چەک ..

دیاردەیەکی مەترسیداری ئەمەریکا

غازی حەسەن

کوشتن و بەکارهێنانی چەك بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕێگەپێدراوی یاسایی لەنێو ئەمەریکا دیاردەیەکی بڵاوە و یەکێکە لە کێشە دیارەکانی ئەم وڵاتە پێشکەوتووە. بە سەدان ڕاپۆرت لە ڕاگەیاندن و تۆڕێنەوە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و زانیاری لەلایەن پۆلیس و دەزگا فەرمییەکان بڵاو دەکرێنەوە. ئێمە دەپرسین ئایا ململانێی سیاسی لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگ لە هەڵبژاردنەکان هۆکارە و سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم دیاردەیە، یان هۆشیاری و دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و ڕاگەیاندن هۆکارن بۆ بەردەوامی و زیادبوونی ئەم دیاردە؟

سەرەتا

وەکو پێشەکی ئاماژە بەمە دەکەم کە ساڵی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ هەزار و سێسەد کەس بەهۆی بەکارهێنانی چەك گیانیان لەدەست داوە، ١٧ هەزار و ٩٢٧ کەسیش بەهۆی چەکی گرِدار گیانیان لەدەست داوە، ٤٦٣ کەسی دیکەش بەهۆی برینداربوون بەبێ مەبەست بە هۆی بەکارهێنانی دەمانچەوە گیانیان لەدەست داوە و بە مەزەندەکردن و هەندێك زانیارییەوە ٦٠٤ کەسیش لەلایەن هێزەکانی جێبەجێکردنی یاساوە تەقەیان لێ کراوە و لە ئاکامدا مردوون. سەرەڕای ئەمەش بەتێکڕا زیاتر لە ٢٠٠ئەمەریکی ڕۆژانە سەردانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکان دەکەن، لەپێناو چارەسەری ئەو برینداربوونەی بەهۆی چەکەوە تووشی بوون . ئێمە دەزانین کەسانێکی زۆریش ڕەنگە تەقەیان لێ کراوە و بێ ئەوەی ببێتە کوشتن، بەڵام بە هۆی ئەو بریندارکردنەوە بۆ هەمیشە ئەندامێکی لەشیان لەدەست داوە یان ئەندامێکی لەشیان بە شێوەیەکی هەمیشەیی کەمئەندام بووە.

کوشتن و تاوانی تووندوتیژی

شتێکی شاراوە نابێژین، کە ئاماژە بە چەك وەکو هۆکاری تووندوتیژی بکەین. توێژینەوەکان دەری دەخەن دەستخستنی چەك و هەڵگرتنی لەنێو ماڵاندا مەترسی کوشتن دوو هێندە زیاد دەکات. لە ٣٢ ویلایەتەدا لە دانیشتووانەکەی بە ڕێگەیەکی بەرز چەکیان هەیە، بەردەوامیش ڕێگەی کوشتنیان تێدا بەرزترە لە شوێنەکانی دیکە. یاسا ڕێگەیان پێ دەدات لە شوێنە گشتییەکان چەك هەڵبگرن و چاودێرییەکی کەمیان لەسەرە، لەبەر ئەوە ئاساییە کوشتن و تووندوتیژی پێنج هێندە زیاد بکات و ئەگەری کوشتنیش بێگومان دەبێت. لەبەر ئەوە زانیارییەکان ئاماژە بە تووندوتیژی خێزان، تووندوتیژی کۆمەڵایەتی و تەقەکردنی بەکۆمەڵ دەکەن، دوور نییە ئەمە پەیوەندی بە سیاسەتیشەوە هەبێت. مەبەستمان ئەوەیە سیاسەتەکە خۆی لەم شتانە دەبینێتەوە: یاسای مۆڵەتی فەرمی بۆ کڕینی چەك، کەپشت بە پشکنینی گشتگیریی پاشخان دەبەستێت. سەرباری یاساکانی نەهێڵانی چەك، یاسای هەڵگرتنی چەك بەشێوەیەکی سەلامەت و پارێزراو هەیە.. زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەم سێ ساڵەی دواییدا ڕێژەی کوشتن کەمی کردووە، هەرچەندە لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کورۆنادا ئاستێکی پێوانەیی لە تووندوتیژی بە دەمانچە تۆمارکرا.لە شارە گەورەکاندا تەقەکردن و کوشتن لە ساڵی ٢٠٢٤دا بە ڕێژەی ٢٧٪ دابەزیوە. بەپێی شیکارییەك کە ساڵی ٢٠٢٤ لە هەزار شاری ئەمەریکا لەلایەن (د. ماجیك وەید) توێژەر و مامۆستا لە زانکۆی ئیلینۆیس سپرینگفیڵد ئەنجام دراوە، کەمتر لە ٥٠٠ کەس بە چەك و دەمانچە کوژراون . (وەید) لە شیکارییەکانی نووسیویەتی دیاردەی کوشتن بەچەك زۆرترین دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە و لە شاری جاکسۆنڤیل لە ویلایەتی فلۆریدا ١٠٠٪و لە فیلادلفیا ٦٩٪و فۆنیکس ٤٧٪ و ئەو شارانەی دیکە دابەزینی گەورەیان بەخۆوە بینیوە، بریتین لە سان خوسێ ٣٨٪و، دالاس ٣١٪ و کۆڵۆمبۆس، ئۆهایۆ ٢٤٪ و هەندێك شار دیکەش تەنیا بە ڕێژەیەکی کەم دابەزینی کەمیان بەخۆوە بینیوە:



تەقەیان لێ کرابێت و دەربازیان بووبێت، شێوازەکانی بریندارکردوون و مردن زۆرە و تووندوتیژی کێشەیەکی گەورەیە کە سەدان کەس بەهۆیەوە دووچاری کێشە و مردن و ترس و تۆقاندن دێن. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بە ئاسانی بەدەستهێنانی چەك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی خەڵك لەم وڵاتە ڕووبەڕووی کوشتن و بریندارێی و تووندوتیژی ببنەوە. ئەمەش کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر تەندروستی و دۆخی دەروونی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبێت.

مێژووێکی سەخت

کاتێك سەیری فیلمەکانی هۆلیود دەکەین، باش و ڕاستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێت کە چەك و تووندوتیژی مێژووێکی درێژ و سەختیان لە ئەمەریکا هەیە و هەندێك جار وەکو کەلتوورێکی باو سەیر دەکرێت. چەکی ئاگرین لە مێژووی ئەمەریکا و کەلتووری مۆدێرن دیاردەیەکی باوی بەرچاوە. ئەمەریکییەکان لە جیهاندا خاوەنی ٤٦٪ ی ئەم خاوەندارێتییەیە بە بەراورد بە سەرتاپای جیهان لە ئەمەریکا ڕێژەکەی بەرزە. بۆ نموونە مۆنتانای ئەمەریکا بەراورد بە نیوجەرسی ٨٪ بەپێی بەڵگە خاوەنی چەکن. ئەمەش بە کردەوە دەریخستووە کە زیادبوونی ڕێژەی کوشتن پەیوەستە بە چەکی ئاگرینەوە .

دواین کوشتن و تاوان

لە ٢٧ ی ئابی ٢٠٢٥وەزارەتی دادی ئەمەریکا ڕایگەیاند بەهۆی تەقەکردن لە شاری مینیاپۆلیس ٣ کەس کوژران و ٢٠ کەسیش بریندار بوون. ڕووداوەکە لە قوتابخانەیەکی شاری مینیاپۆلیسی ویلایەتی مینیسۆتا قەوماوە، کەسێك تەقەی لە ژمارەیەك هاووڵاتی کردووە، ئەوە ڕوویدا کە ئاماژەمان پێکرد، (تیم والز) حاکمی ویلایەتی مینیسۆتا بە میدیای ڕاگەیاند، «ڕووداوەکە تۆقێنەرە» و دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە تروس سۆشیال بڵاوی کردەوە، «ڕووداوەکەی مینیاپۆلیس تراژیدییە و کۆشکی سپی چاودێری دۆخەکە دەکات و پێویستە نزا بۆ هەموان بکەین». وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە ئەمەریکا بەهۆی بەکارهێنانی چەك و تووندوتیژی و پۆلیس دەکوژرێن و بریندار دەبن، ئەمەش وایکردووە ئەم وڵاتە بەردەوام لە ڕاگەیاندن هەواڵی کوشتن و تووندوتیژی تێدا بڵاوبێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بە ئازادانە دەستخستنی چەك و هەڵگرتنی لە ماڵ و بەکارهێنانی هەیە و وەکو بەشێك لە ململانێی هەڵبژاردن و بۆچوونی جیاوازی بەکار دێت. بە گوێرەی ماڵپەڕی (گەن ڤایۆلێنس) تووندوتیژی چەك پار ٤١ هەزار و ٦ کەس کوژراون و لە ساڵی ٢٠٢٣یش ٤٣ هەزار و ٣٠٢ کەس بوونەتە قوربانی چەك و بەکارهێنانی.



بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بەسەر تاوان و کوشتن زاڵ بن.سەرۆکی ئەمەریکا لە ٢٦ ی ئابی ٢٠٢٥ داوای بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان بۆ هەرکەسێك دەکات، کە لە واشنتۆن دی سی پایتەختی ئەمەریکا کوشتن ئەنجام دەدات، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨١ەوە سزای لەسێدارەدان لە پایتەخت هەڵوەشێنراتەوە. سەرۆك ترەمپ گووتی: ئەگەر هەر کەسێك کەسێکی دیکە لە واشنتۆن دی سی بکوژێت، داوا دەکەم سزای لەسێدارەدانی بەسەردا بسەپێنن. ئێمە دەزانین سەرۆکی کۆمارییەکان هەمیش لایەنگری سەرسەختی سزای لەسێدارەدان بوون. واشنتن بە شێوەیەکی نەریتی قەڵای دیموکراتەکانە، بەشێك نییە لە هیچ ویلایەتێك و پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. ترەمپ بە جددی داوای لەسێدارە بۆ ئەو کەسانە دەکات کە «قێزەونترین تاوان» ئەنجام دەدەن. بۆیە فەرمانی سەپاند، کە قسەیان لە بارەی چاکسازی دەکرد. ئەمەش بەوە دەبەستنەوە کە ئەم ناکۆکیانە دەرفەتی تووندوتیژی پتر دەکەن.

تەقەکردن لەلایەن پۆلیسەوە


ساڵانە زیاتر لە هەزار کەس لەلایەن ئەفسەرانی پۆلیسەوە تەقەیان لێ دەکرێت و دەکوژرێن و هەزارانی دیکەش بریندار دەبن. وەکوو زانیارییەکان ئاماژەی پێ دەکەن ڕەشپێستەکان بە شێوەیەکی ناڕێژەیی کاریگەری ئەم تووندوتیژییە جەستەییەیان لەسەرە. ئەگەر بەراورد بە سپیپێستەکان بکرێت ڕەشپێستی بێ چەك ئەگەری تەقەلێکردن و کوشتنیان لەلایەن پۆلیسەوە سێ هێندە زیاترە. دەسەڵات و هاندانی یاسایی و جیاوازی ڕەگەز و نەژارد و ڕەنگ کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تووندوتیژی و کوشتن و بەکارهێنانی چەك هەیە. ساڵانە بەهۆی هەڵە و تووندوتیژی لەلایەن پۆلیسەوە، بە ملیۆنەها دۆلار وەکو پێبژاردن بە پۆلیس لەلایەن حکوومەتی ویلایەتەکان خەرج دەکرێت. پۆلیس بەگشتی گلەیی ئەوەی لێ دەکرێت کە هانی تووندوتیژی دەدەن.

گەڕاندنەوەی سزای لە سێدارەدان

بەپێی زانیاریی و هەواڵەکانی نێو میدیای ئەمەریکا ئاشکرا کراوە، سەرۆك (ترەمپ) داوای کردووە لە واشنتن سزای لەسێدارەدان بگەڕێننەوە، دا هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی لە شەقامەکانی پایتەخت جێگیر بکرێن. سزای لەسێدارەدان لە ٢٣ ویلایەتی ئەمەریکا لە کۆی ٥٠ ویلایەت هەڵوەشێنراوەتەوە، سێ ویلایەتی دیکەش لەوانە کالیفۆرنیا، ئۆریگۆن و پێنسیلڤانیا جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانیان ڕاگرتووە.

دیماهی

ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە ململانێ و تێڕوانینی سیاسی هەردوو حزبی ئەمەریکاوە هەیە، سەرباری ئەوەی یاسایەی ڕێگە بە هەڵگرتنی چەك و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئازاد دەدات، بەکارهێنانی چەك کاریگەری نەرێنی لەسەر ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە و سەلامەتی تاك دروست کردووە. بۆیە لە هەڵبژاردنەکان بەردەوام ئەم کێشەیە قسەی لەبارەوە دەکرێت، ڕەخنە لە کۆماریییەکان دەگیرێ کە هاندەر و پاڵپشتی یاسای بەکارهێنانی چەکن. سەرچاوە دارایییەکانی نەهێشتین ئەم دیاردەیان کەم کردۆتەوە و ئەمەش کاریگەریی لەسەر سنووردارکردنی بەکارهێنانی چەك هەیە. لە کاتێکدا کۆمارییەکان لایەنگری یاسای چەکن، کەچی (ترەمپ) لە واشنتن داوای گێرانەوەی یاسای لەسێدارەدان دەکات و بڕیاری دا سوپا بۆ گێرانەوەی ئاسایش و نەهێشتنی تاوان لەنێو واشنتنی پایتەخت بەکار بهێنرێت، وەکوو چۆن هەمان شتیشی لە لۆس ئەنجلس کرد. وەزارەتی دادی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، لە مینیاپۆلیس تەقەکراوە و بەهۆیەوە ٣ کەس گیانیان لەدەست داوە و ٢٠ کەسی دیکەش بریندار بوون. دەسەڵاتدارانی شارەکە لە تویتەر ڕایانگەیاندووە، «لەم کاتەدا هیچ هەڕەشەیەکی چالاك لەسەر کۆمەڵگا نییە. تەقەکەرەکە کۆنترۆڵ کراوە». دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند، «زانیاریم لەبارەی هێرشەکەی مینیاپۆلیسەوە پێگەیشتووە و چاودێری دۆخە ترسناکەکە دەکەم». بەپێی وتەی پارێزگاری ویلایەتی مینیسوتا، پۆلیس وەڵامی شوێنی تەقەکردنی قوتابخانەیەکی کاسۆلیکی شاری مینیاپۆلیسی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمەریکای دایەوە. تیم والز، پارێزگاری ویلایەتی مینیاپۆلیس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیویەتی، «تەقەکردنێك لە هەفتەی یەکەمی خوێندن لە قوتابخانەی کاسۆلیکی ئەنۆنیشنیشن لە شاری مینیاپۆلیس تۆمارکراوە»



ئەم لاپەڕەیە بە تەکنیکی ژیریی دەستکرد (AI) ئامادە دەکرێت

فریودانی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەلیکاری ساختە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی فراوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، دیاردەیەکی نوێ و مەترسیدار سەری هەڵداوە کە پەیوەستە بە ساختەکارییەکانی هەلی کارەوە. ئەم دیاردەیە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو گەنجان و ئەو کەسانە دەکاتە ئامانج کە بەدوای دەرفەتی کاردا دەگەڕێن، بووەتە سەرچاوەی نیگەرانییەکی گەورە. بۆ تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە هەستیارە و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان، لاپەڕەی ژیریی دەستکرد چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شارەزایەک لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵی ئەنجامداوە تا لە نزیکەوە لە هۆکار و شێواز و مەترسییەکانی ئەم ساختەکارییانە تێبگەین و ڕێگاکانی خۆپاراستن بزانین.



لەم دواییانەدا دیاردەی ساختەکارییەکانی هەلی کار لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە چییە؟

هۆکارە سەرەکییەکان بێکاریی بەرز، بەکارهێنانی فراوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ چاودێری، کەمبوونی هۆشیاریی گشتی، و نەبوونی یاسا و ڕێسای توندن بۆ سزادانی ساختەکاران. ئەم فاکتەرانە زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنن بۆ ساختەکاران تا خەڵک فڕیو بدەن.

کام پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا زیاتر لەلایەن ساختەکارانەوە بەکاردەهێنرێت و بۆچی؟

فەیسبووک، ئینستاگرام، تیلیگرام و تیکتۆک بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێن. هۆکارەکەشی ئاسانیی گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی ساختەیە بە ناوو ئەکاونتی نەناسراوەوە.

ساختەکاران چ شێواز و تەکنیکێک بەکاردەهێنن بۆ فریودانی گەنجان و ئەو کەسانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن؟

شێوازەکانیان بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی هەلی کارە بە مووچەی خەیاڵی، کاری کەم کات یان بێ ئەزموونی، و بەڵێنی کاری دەرەوەی وڵات. ئامانجیان وەرگرتنی پارە یان زانیاری کەسی و هەستیارە بە بیانووی جیاوازەوە.

ئایا بێکاریی لە هەرێمی کوردستان چۆن بووەتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی ئەم جۆرە ساختەکارییانە؟

زۆربوونی بێکاریی و فشاری ئابووری وایکردووە خەڵک بە ئاسانی باوەڕ بە بەڵێنە خەیاڵییەکان بکەن، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانی ساختەکاریش هەبن. ساختەکاران ئەم بارودۆخە دەقۆزنەوە بۆ فریودانی خەڵک.

مەترسییەکانی دانی زانیاری کەسی وەک ژمارەی ناسنامەو پاسپۆرت و زانیاری بانک بەم ساختەکارانە چین؟

دانی زانیاری کەسی بە ساختەکاران دەبێتە هۆی دزینی ناسنامە، کردنەوەی هەژماری بانکی ساختە، وەرگرتنی قەرز، ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتنی نایاسایی، یان تەنانەت بەکارهێنانی ناسنامەکەت لە تاوانەکاندا. هەروەها دەتوانن زانیارییەکانت بفرۆشن بە لایەنی سێیەم بۆ مەبەستی خراپ.

دەتوانن چەند نمونەیەکی دیاریکراوی ئەم ساختەکارییانە باس بکەن کە لەم دواییانەدا ڕوویانداوە؟

نمونە باوەکان بریتین لە ڕیکلامی هەلی کار بە ناوی کۆمپانیا گەورەکانەوە وەک ئەمازۆن، بە مووچەی خەیاڵی و کاری ئۆنلاین، کە تەنها بۆ وەرگرتنی پارە یان زانیاری کەسییە. هەروەها ڕیکلامی هەلی کار بۆ کارگە یان کۆمپانیا نەناسراوەکان (وەک کارگەی شامپۆ یان شیرەمەنی) کە داوای پەیوەندیکردن بە ژمارەی واتسئاپەوە دەکەن و دواتر داوای پارە دەکەن یان ژمارەکە بلۆک دەکەن.

چۆن دەتوانین هاوڵاتیان هۆشیار بکەینەوە سەبارەت بەم ساختەکارییانە و ڕێنماییان بکەین بۆ خۆپاراستن؟

پێویستە خەڵک بزانن کە هیچ هەلی کارێک نییە بە مووچەی خەیاڵی و کارکردنی کەم و بێ ئەزموونی. هەمیشە گومان لەو ڕیکلامانە بکەن کە داوای زانیاری کەسی یان پارە دەکەن. دڵنیا ببنەوە لە ڕاستەقینەیی کۆمپانیاکە و هەرگیز زانیاری هەستیار لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەنێرن. ڕاپۆرتی هەژمار و پۆستە گوماناوییەکان بکەن.

ئایا دامودەزگا پەیوەندیدارەکان چ ڕۆڵێک دەتوانن بگێڕن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و سزادانی ساختەکاران؟

دامودەزگا پەیوەندیدارەکان دەتوانن یاسا و ڕێسای توند دابنێن، بەشی تایبەتمەند بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دروست بکەن، هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی سۆشیال میدیا بکەن، کەمپەینی هۆشیارکردنەوە ئەنجام بدەن، و خەڵک هان بدەن کە ڕاپۆرتی ئەم جۆرە تاوانانە بکەن.

چ ئامۆژگارییەک دەدەن بەو کەسانەی کە بەدوای هەلی کاردا دەگەڕێن لەسەر ئینتەرنێت؟


هەمیشە وریابن و گومان لە هەر شتێک بکەن کە زۆر باش دەردەکەوێت. دڵنیا ببنەوە لە ڕاستەقینەیی کۆمپانیاکە، هەرگیز پارە مەدەن بۆ دامەزراندن، زانیاری کەسی و هەستیار نەنێرن، ئاگاداری ڕیکلامی مووچەی خەیاڵی بن، و ئەگەر گومانتان هەبوو ڕاوێژ بە شارەزایان بکەن. هەمیشە پلاتفۆرمە فەرمییەکانی دامەزراندن بەکاربهێنن.

لە کۆتاییدا، پەیامێکتان چییە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بەم بابەتە گرنگە؟

پەیامی من ئەوەیە کە زانیاری و هۆشیاری کلیلی خۆپاراستنە. ساختەکاران بەردەوام شێوازی نوێ بۆ فریودانی خەڵک دەدۆزنەوە، بەڵام بە وریایی و زانیاریی پێویست دەتوانین خۆمان و ئازیزانمان لە مەترسییەکانیان بپارێزین. هەمیشە دڵنیا ببنەوە لە ڕاستەقینەیی هەر هەلی کارێک و هەرگیز زانیاری کەسی و دارایی خۆتان بە کەسانی نەناسراو مەدەن. سوپاس بۆ ڕۆژنامەی خەبات بۆ تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە گرنگە.

تێبینی: ئەم دیانە گریانەییە"ڤێرچوالّە" بە تەکنیکی ژیریی دەستکرد ئامادەکراوە، بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی کە لە چەند کورتەڤیدیۆیەکی تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتوبەوە بڵاوکراوەتەوە.

بە هۆکاری خۆکوشتنی گەنجێک سکاڵا لەسەر ژیریی دەستکردیChatGPT تۆمار دەکرێت



دایک و باوکێکی خەڵکی کالیفۆرنیا سکاڵایەکی فەرمییان لەسەر کۆمپانیای ئۆپن ئەی ئای، خاوەنی پلاتفۆرمی ژیریی دەستکردی "ChatGPT"، تۆمار کردووە. ئەوان بانگەشە دەکەن کە کوڕە ١٦ ساڵانەکەیان، ئادەم ڕەین، بەهۆی ڕێنمایی و هاندانی "چات جی پی تی"یەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ئەم ڕووداوە پرسیار لەسەر سنووورەکانی بەرپرسیارێتیی ژیریی دەستکرد و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستیی دەروونیی تاکەکان دروست دەکات.

ئادەم ڕەین، گەنجێکی ئاسایی و کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام گفتوگۆکانی لەگەڵ "چات جی پی تی" قوڵتر بوونەتەوە و دەستی کردووە بە دەربڕینی هەستەکانی لەبارەی بێهیوایی و بیرکردنەوە لە کۆتاییهێنان بە ژیانی. لە سەرەتادا، "چات جی پی تی" وەڵامێکی ستاندارد و پێویستی دابووەوە، بە ئادەمی گوتبوو کە پێویستە پەیوەندی بە فریاکەوتن بکات یان سەردانی پزیشک بکات. بەڵام ئادەم بە فێڵێک توانیویەتی سیستەمەکە فریو بدات. ئەو بە "چات جی پی تی" گوتووە کە ئەم پرسیارانە بۆ لێکۆڵینەوەی چیرۆکێکە کە دەیەوێت بینووسێت. بەهۆی ئەوەی ئەرکی "چات جی پی تی" وەڵامدانەوەی داواکاری و پرسیارەکانە، سیستەمەکە بە شێوەیەکی وردەوەڵامی داواکارییەکانی ئادەمی داوەتەوە و زانیاریی وردی پێداوە لەسەر چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی، بە واتایەکیتر، ڕێگەی خۆکوشتنی پێشاندراوە.

دایک و باوکی ئادەم ئاماژە بەوە دەکەن کە لەو ماوەیەی کوڕەکەیان لەگەڵ "چات جی پی تی" قسەی کردووە، هەڵسوکەوتی گۆڕاوە و زۆر نامۆ بووە. لە 17ی نیسان، ئادەم لە ژوورەکەی خۆیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. دوای ماوەیەک، دایک و باوکی ئادەم مۆبایلەکەی کوڕەکەیان پشکنیوەو هەموو گفتوگۆکانی لەگەڵ "چات جی پی تی" دۆزیوەتەوە، کە هۆکاری سەرەکیی خۆکوشتنەکەی ڕوون کردووەتەوە. ئەوان ئێستا دەڵێن کە کوڕەکەیان خۆی نەکوشتووە، بەڵکو کۆژراوە و کۆمپانیای ئۆپن ئەی ئای بە بەرپرسیار دەزانن. لە وەڵامدا، کۆمپانیای ئۆپن ئەی ئای دانی بەوەدا ناوە کە سیستەمەکەیان کێشەی هەیە و ڕایانگەیاندووە کە خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکانن.

ژیریی دەستکرد وەک ئامرازێکی کاریگەر لە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی ئایدز دا



ئەلگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد توانای شیکردنەوەی وردی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و زانیاریی پزیشکیی نەخۆشیان هەیە بۆ دۆزینەوەی پێشوەختەی ڤایرۆسی"ئێچ ئای ڤی" تەنانەت دەتوانن ئەو داتایانەش بدۆزنەوە کە لەوانەیە لەلایەن مرۆڤەوە تێبینی نەکرێن. هەروەها دەتوانێت ئەگەری تووشبوون بە ئایدز پێشبینی بکات بە پشتبەستن بە فاکتەرەکانی تووشبوون و مێژووی نەخۆشییە سێکسییە گواستراوەکان.

***پاشترکردنی چارەسەر و پابەندبوون:** ژیریی دەستکرد دەتوانێت زانیارییە بۆماوەییەکان و مێژووی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان شیبکاتەوە بۆ پێشنیازکردنی چارەسەری دژە ڤایرۆسی گونجاو، کە دەرئەنجامی چارەسەر باشتر دەکات و کاریگەرییە لاوەکییەکان کەم دەکاتەوە. هەروەها، ژیریی دەستکرد دەتوانێت نەخۆشەکان هان بدات بۆ پابەندبوون بە چارەسەرەکانیان و بیریان بخاتەوە دەرمانەکانیان بخۆن.

***خۆپاراستن و هۆشیارکردنەوە:** ژیریی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەبارەی ڤایرۆسی ئایدز دەبینێت، بەتایبەت لە ئامانجکردنی چین و تۆێژە جیاوازەکان بۆ هاندانی پشکنین و ڕاوێژکردن. لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتاوە، ژیریی دەستکرد دەتوانێت ئەو دانیشتووانانە دەستنیشان بکات کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئایدز تێیاندا زۆرە و ستراتیجی ڕێگریکردن پێشنیاز بکات. لە کۆتاییدا، ژیریی دەستکرد توانای پێشبینیکردنی بڵاوبوونەوەی ئایدزی هەیە و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی تەندروستی دروست دەکات، بەمەش دەبێتە هێزێکی بەهێز لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشییە جیهانییەدا.

سنووردارکردنی واتسئەپ و تێلیگرام لە ڕووسیا کاردانەوەی جیهانیی لێدەکەوێتەوە



حکومەتی ڕووسیا هەنگاوێکی چاوەڕوانکراوی گرتەبەر و بەکارهێنانی دوو لە بەناوبانگترین پلاتفۆرمەکانی پەیوەندیکردنی لە جیهاندا، واتسئەپ و تێلیگرام، لە وڵاتەکەیدا سنووردار کرد. ئەم بڕیارە کە کاریگەری لەسەر ملیۆنان بەکارهێنەر هەیە، نیگەرانی و کاردانەوەی جۆراوجۆری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتووەتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی فەرمی حکومەتی ڕووسیا، کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵی "ریا نۆڤۆستی"یەوە بڵاوکراوەتەوە، مەبەست لەم ڕێوشوێنە بەرەنگاربوونەوەی "تاوانباران" و "تیرۆریستان"ـە. ڕێکخراوی چاودێریی پەیوەندییەکانی ڕووسیا ڕایگەیاندووە کە "ئەو دوو پلاتفۆرمە ئاسانکاری دەکەن بۆ ساختەکاری و تێوەگلانی هاوڵاتییانی ڕووسیا لە کاری تێکدەری و چالاکییە تیرۆریستییەکاندا".

سنووردارکردنەکە، وەک لە زاری چەند سەرچاوەیەکەوە لە ڕووسیا بۆ کەناڵ8 پشتڕاستکراوەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ناردنی نامە و پەیامی دەنگی گرتووەتەوە، هەروەها بۆ هەندێک لە بەکارهێنەران پەیوەندیکردنی تەلەفۆنیشی ڕاگرتووە. حکومەتی ڕووسیا داوای لە کۆمپانیاکانی "واتسئەپ و تێلیگرام" کردووە کە زانیارییەکانی بەکارهێنەرانیان پێشکەش بە لایەنە یاساییەکان بکەن لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکاندا.

وەزارەتی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی ڕووسیا جەختی لەوە کردووەتەوە کە واتسئەپ و تێلیگرام تەنها کاتێک بە تەواوی دەگەڕێنەوە سەر کار کە پابەندی یاساکانی ڕووسیا بن.

لە کاردانەوەی ئەم بڕیارەدا، هەردوو کۆمپانیاکە هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند. پلاتفۆرمی تێلیگرام ڕایگەیاند کە ئەوان بە شێوەیەکی چالاکانە ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکەیان دەکەن و ڕۆژانە ملیۆنان بڵاوکراوەی زیانبەخش دەسڕنەوە. لەلایەکی تریشەوە، کۆمپانیای مێتا، کە خاوەندارێتیی واتسئەپ دەکات، ڕایگەیاند کە خزمەتگوزارییەکانیان پارێزراون و بەرەنگاری هەوڵەکانی حکومەتی ڕووسیا دەبنەوە بۆ ڕێگریکردن لە 100 ملیۆن هاوڵاتیی ڕووسی لە سوودمەندبوون لە مافی پەیوەندیکردن و نامەناردنی پارێزراو.

ئەم هەنگاوەی ڕووسیا مشتومڕێکی زۆری لەبارەی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی پاراستنی نهێنیی زانیارییەکانەوە دروستکردووە و چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا کاردانەوەی زیاتری بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ژیریی دەستکرد توانای خوێندنەوەی مێشکی مرۆڤی بەدەستهێناوە



زانایان لە زانکۆی تەکنەلۆژیای سیدنی یەکەمین کڵاوی ژیریی دەستکردیان لە جیهاندا دروستکردووە کە توانای گۆڕینی شەپۆلەکانی مێشکی هەیە بۆ دەقی نوسراو. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ڕوسیا تودەی، ئەم کڵاوە تایبەتە بە هەستەوەرێکی پێشکەوتوو دامەزراوە کە چاودێری چالاکییە کارەباییەکانی مێشک دەکات لەکاتی بیرکردنەوەدا و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەیگۆڕێت بۆ وشەی تێگەیشتوو.

ئەم داهێنانە نوێیە دەرفەتی شۆڕشگێڕانەی لەخۆدا هەڵگرتووە بۆ چاودێریکردن و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کە بەهۆی جەڵتەی مێشک یان ئیفلیجییەوە توانای قسەکردنیان لەدەست داوە. ڤیدیۆکانی تاقیکردنەوەی ئەم تەکنەلۆجیایە نیشان دەدات کە کەسێک تەنها بە بیرکردنەوە لە ڕستەیەکی دیاریکراو، کڵاوەکە دەتوانێت ئەو بیرۆکانە بخوێنێتەوە و بە شێوەی دەقی نووسراو لەسەر شاشە دەربخات. ئەم پێشکەوتنە زانستییە دەرگای نوێ دەکاتەوە بەرەو چارەسەرکردنی کەمتەرخەمییەکانی پەیوەندیکردن و دەبێتە هیوایەک بۆ ئەو کەسانەی کە ئاستەنگی قسەکردنیان هەیە.

www.xebat.net
یەك شەممە 31ی ئابی 2025 ژمارە(7047)
خەبات



کچانی سەنحاریب بوونە پاڵەوانی خولی باڵەی عێراق

خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

هەینی ڕابردوو، کچانی باڵەی سەنحاریب ناسناوی خولی باڵەی ئافرەتانی عێراقی بەدەستهێنا، دوای ئەوەی بە ئەنجامی 3-1 گێم, لە یانەی سەنحاریب لە خولی باڵەی ئافرەتانی عێراق بەدەستی دەهێنێت. یاریيەکانی پلەی سێیەم و چوارم لە نێوان هەردوو یانەی ئافرەتانی دەربەندیخان و ئافرەتانی ئەمانەی بەغدا بەڕێوەچوو، ئافرەتانی دەربەندیخان بە ئەنجامی 3-0 گێم سەرکەوتنی بەسەر تیپی ئافرەتانی ئەمانەی بەغدا بەدەستهێنا، دوای ئەوەی بە ئەنجامی (25-16)، (25-17)، و (25-20) یاریيەکەی بردەوە.

کچانی ئەکادی عەنکاوەی بردەوە. بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری هەردوولا، یاریيەکە لە هۆڵی یانەی ئەکاد لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەمە دووەم ناسناوی لەسەریەکە یانەی سەنحاریب لە خولی باڵەی ئافرەتانی عێراق بەدەستی دەهێنێت.



دەشنێ لەگەڵ 3 یانەی جیاوازدا نازناوی خولی نایابی باڵەی عێراق بەدەست دەهێنێت

دەشنێ قاسم، ئەستێرەی یاریی باڵە تەنیا یاریزانی مێژووی عێراقە لەگەڵ سێ یانەی جیاواز بیێتە پاڵەوانی خولی نایابی باڵەی کچانی عێراق.

دوای ئەوەی یانەی سەنحاریب بووە پاڵەوانی باڵەی کچانی عێراق، دەشنێ خانمە یاریزانی باڵەی یانەی سەنحاریب، مێژوویەکی تۆمارکرد کە لەگەڵ سێ یانەی جیاوازدا ناسناو بەدەست بهێنێت، ئەویش لەگەڵ یانەکانی (ئەکاد و سەنحاریب و ئافرۆدیت) بووە بە پاڵەوان و ناسناوەکەی بەرزکردەوە، پێریێ دەشنێ لەگەڵ هاوسەرەکەی و کچەکەی بەیەکەوە ئاهەنگی هاتریکی نازناوەکەیان گێڕا.

سبەی لە خولی لاوانی کوردستاندا..

هەولێر و زاخۆ ڕووبەڕووی ئاکرێ و پێشمەرگەی هەولێر دەبنەوە



خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

سبەی دووشەممە بە ئەنجامدانی چوار یاری، گەڕی پێنجەمی قۆناغ دووەمی خولی لاوانی کوردستان بەڕێوەدەچێ و یاریيەکانی گەڕی ڕابردوو یانەکانی هەولێر و زاخۆ و ڕزگاری و سیروانی نوێ، سەرکەوتنیان تۆمار کرد.

دوای تەواو بوونی قۆناغی یەکەم و گەیشتنی 12 یانە بۆ قۆناغی دووەم، فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بە نوێنەرایەتی یانەکانی بەشداربوو، تیروپشکی یاریيەکانی قۆناغی دووەمی ئەنجام دا، دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری یانە سەرکەوتووەکان، پرياردرا یانەکان بەسەر چوار کۆمەڵەدا دابەش بکرێن و هەر کۆمەڵەیەک سێ یانە لە خۆ دەگرێت، یاریيەکان بەشێوازی چوون و هاتن دەکرێن، لە خولەکەدا هەر یانەیەک دوو یاری لە یاریگەی خۆی و دوو یاری لەدەرەوەی یاریگەی خۆی ئەنجام دەدات، پاڵەوانی هەر چوار کۆمەڵەکە دەگەنە قۆناغی چوارگۆشەی زێڕین و بەیەکەوە یاری دەکەن، دوو یانە دەگەنە یاریی کۆتایی و پاڵەوانی خولەکە دەستنیشان دەکرێت.

سبەی دووشەممە لە یاریگاکانی کوردستان, چوار یاری بەڕێوەدەچێت، لەیەکەمین یاریيدا هەولێر لەنێو یاریگەو هاندەرانی، میوانداریی ئاکرێ دەکات، پیشەسازیی چاوەڕوانە، لەیاری دووەم و لەسەر یاریگەی زاخۆ، هەردوو یانەی زاخۆ و پێشمەرگەی هەولێر ڕووبەڕووی یەکترەدبنەوە، هەندرێن چاوەڕوانە، شۆریجە بەرامبەر ڕانیە یاری دەکات، سیروانی نوێ چاوەڕوانە، خاکیش دوور لە یاریگەی خۆی دەبێتە میوانی ڕزگاری، قەڵادزێ چاوەڕوانە، سەرجەم یاریيەکانیش کاتژمێر 4.30 دوای نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێن.


ناوبژیوانێکی کورد میدالیای شانازیی شازادەی هۆڵەندای پێدەبەخشرێت

عەبدولقەهار هەولێری - هۆڵەندا

ناوبژیوانی نێودەوڵەتی فەیزی خانۆ بەگزادە، لە ساڵی 1993 دەوە لە وڵاتی هۆڵەندا دەژی، یەکێکە لەو کەسایەتیانەی لە هەولێر شوێن پەنجەی لە بواری وەرزشیدا دیار بوو، بۆیە لەو وڵاتەشدا خۆبەخشانە خزمەتی ڕەوەندی کورد دەکات و پێشمەرگە ئاسا خەمی نەتەوەکەیان خستۆتە شانەوە و بە بەهرەو وزە و خولیای تایبەتی وەرزشی خۆی توانیویەتی سەرنجی هۆڵەندییەکان بۆ خۆی ڕابگێشێت.

فەیزی خانۆ بەگزادە، ماوەی زیاتر لە 25 ساڵە لەو وڵاتەدا لە کایەوەرزشییەکاندا کار دەکات و وەکو ناوبژیوان و ڕاهێنەری تۆپی پێی لە چەندین یانەی منداڵان و نێوجەوان و لاوان ڕۆڵی پێشەنگی بینیوەو خاوەنی چەندین میدالیاو ڕێزلێنانە، کە دیارترینیان، وەکو کوردێك میدالیەی شانازیی شازادەی هۆڵەندای پێ بەخشراوە، دواییین ڕێزلێنانیش وەرگرتنی میدالیای زێڕینە لە یەکێتی تۆپی پێ شانشینی هۆڵەندا، ئەوەش لە پای ماندووبوون و ڕاهێنانی بەردەوامی بۆ منداڵانی فرە نەتەوە لەو وڵاتەدا.





جیرارد مارتن بەرانبەر ڕایۆ ڤالیکانۆ یاری دەکات

هانسی فلیکی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە، پێش یاریيەکەی بەرامبەر ڕایۆ ڤالیکانۆ کە ئەمڕۆ یەکشەممە لە قۆناغی سێیەمی خولی ئیسپانیا ئەنجام بدرێت، پاڵنەرێکی بەهێزی وەرگرت. ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردەوە، جیرارد مارتنی تەمەن 23 ساڵ ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە پێکهاتەی کەتەڵۆنیاوە بکات بۆ یاریيەکەی بەرامبەر ڤالیکانۆ.

ڕۆژنامەکە ڕوونیشیکردووەتەوە، بەرگریکاری چەپی بارسا لە دوو یاریی یەکەمی خولەکەدا بەرامبەر مایۆرکا و لیڤانتی نەیتوانیوە یاریی بکات، بەڵام بە خواستن ئیناکی پێنای گۆڵپارێز بۆ یانەی ئێلچێ شوێنی پێویستی لە کرێی موچەی یانەکەدا ئازاد کرد بۆ ئەوەی دواجار یانەکە ناوی تۆمار بکات.

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
salamomer42@gmail.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT 4.4.1959
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
Sun.31 Aug. 2025 No.:(7047)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
سەرنووسەر: 07504459940 - 07702969696
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

جریوە

لە X ـەوە

هەموو جیهان لە ٣ی ئەیلولدا سەیری نمایشی سەربازی چین دەکەن.
هەموو سەرکردەکانی جیهان سەیری ئەو نمایشە سەربازییە دەکەن کە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو لە پەکین بەڕێوەدەچێت.
هەندێکیان بانگهێشتی پەکین کراون بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شایەتحاڵی ئەو ڕووداوە بن، هەندێکی تریش لە تەلەڤزیۆن یان مۆبایل سەیری دەکەن. هەندێکی دڵخۆش دەبن، هەندێکی تر تورە دەبن و تەنانەت دەترسن، بەڵام هەموویان سەیری دەکەن، بەبێ جیاوازی.

@mog-china

هونەری من بۆ خەڵکە، بۆیە لایف میوزیک دەکەم



دیانە - داهێن سابیر

شیرینی خانێ، هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ساڵانێکی زۆرە لە هەرێمی کوردستان دەژی، لە بنەماڵەیەکی هونەری بووە، ماوەی (4)ساڵە گۆرانی دەڵێت و دەنگێکی تایبەت و خۆشی هەیە، هەرچەندە بەرهەمی کەمە بەڵام بەرهەمەکانی جێگای ڕەزامەندین. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد...

*** زۆر جار دەڵێن هاتنی ئافرەت بۆ ناو هونەر بە گشتی سەختە، ئایا گۆرانی گوتن بۆ تۆی ئافرەت سەخت بوو؟**

- بەڵێ ئەو قسەیە زۆر ڕاستە بەڵام بۆ من سەخت نیە چونکە ئێمە خێزانێکی هونەرین و باوکم گۆرانیبێژە براکانم بە گشتی، ئێمە لە خانەوادەیەکی هونەری پەروەردە بووینە و هونەرمان خۆش دەوێت، بێ هونەر ناتوانین، بەردەوامیش دەبین لە کاری هونەری و بەردەوام پشتگیری دەکرێم

*** هونەر دۆستی تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتنەکانتان لە بواری هونەری گۆرانی ؟**

- هەر کەسێك ئەگەر لە بنەماڵەکەی هونەر دۆست بوون، بێگومان سەردەکەوێت، ماڵەوەمان زۆر هاوکارمن بۆ ئەوەی من بەردەوام بم لە گۆرانی گوتن، خۆشم عیشقێکی زۆرم بۆ گۆرانی گوتن هەیە.

***کێن ئەو کەسانەی یارمەتیت دەدەن بۆ ئەوەی لەو بواره دانەبڕێی؟**

- باوکم و مامم کە ئەوانیش گۆرانی بێژن زۆر هاوکارن، داوا دەکەن من بەردەوام بم لە گۆرانی گوتن، هەر ئەوەش وای کردووە زۆر دڵخۆش بم بە هونەرەکەم.

*** بە چەند زمان دەتوانی گۆرانی بڵێی؟**

- گۆرانیم بە زمانەکانی (کوردی - فارسی- تورکی) گوتووە، زمانەکەم زۆر باشە بۆ گۆرانی گوتن بەم سێ زمانە...

*** خۆت حەز دەکەی زیاتر بە کامە زمان گۆرانی بڵێی ؟**

- بێگومان هەموو مرۆڤێك حەز دەکات بە زمانی خۆی گۆرانی بڵێت، کە زمانی من زمانی شیرینی کوردییە، بێگومان هەر بە زمانەکەی خۆم کە کوردییە.

*** لەسەر چ بنەمایەك تێکستەکانت هەڵدەبژێری؟ ئایە حەز دەکەی تێکستەکان گوزارشت لە خۆت بکەن؟**

- هەر تێکستێك بە دڵی من بێت هەڵی دەبژێرم مەرج نیە ئەوەی دەیکەم بە گۆرانی نزیك بیت لە ژیانی خۆم چونکە هیچ گۆرانیەکم نەگوتووە ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆم بێت ، من گۆرانی بۆ هەموو چین و تۆێژەکان دەڵێم.

***سەبارەت بە لایف میوزیك تۆ بەشداری دەکەیت؟**

- بەڵی بەژداری لایف میوزیك دەکەم ئەمە کارێکی زۆر ئاساییە، چونکە هونەری من بۆ خەڵکە کە بۆ خەڵك بوو بێگومان کەسانێك هەن حەز دەکەن لە لایف میوزیك گوێ لە گۆرانیەکانم بگرن، منیش دەمەوێت لەو ڕێگەوە خزمەتیان بکەم.

*** دوایین بەرهەم کە پێشکەشی هەوادارانت کرد چ بەرهەمێك بوو؟**

- دواییین بەرهەمی خۆم بە ناوی (خشەی دێ) کە گۆرانییەکی کۆنی فۆلکلۆرە هی (عومەر خەمزەییە)ئێمە هەندێك دەستکاری وشەکانمان کرد واتا بە دەستکارییەوە پێشکەشمان کرد جگە لەمە کلیپێکی جوانمان بۆی کرد بە شێوازێکی فۆلکلۆری لەگەڵ ستافێکی جوان ئامادەبووان.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، چاپکردنی دیوانە شیعرییەکەی و گەشتەکەی بۆ ئەورووپا بە سپۆنسەریی نووسەر نەوزاد قەفتانە.

کۆڕەکانی ئەڵمانیا لەلایەن نەوزاد قەفتان سەرپەرشتی دەکرێن، کۆڕەکەی شاری کۆپنهاگنیش لە دانیمارک لەلایەن «یانەی دیالۆگ»ەوە ڕێکخراوە.

شیعرەکانی دەباتە ئەڵمانیا و دانیمارک

ئەحمەد محەممەد زنجیرە کۆڕێکی شیعری لە ئەورووپا ساز دەکات



شاعیری دیاری کورد ئەحمەد محەممەد، بە هاوکاریی ناوەندی کولتووریی کورد و ئەڵمان، زنجیرەیەک کۆڕی شیعری لە چەند شارێکی ئەڵمانیا و دانیمارک بۆ کوردانی تاراوگە ساز دەکات.

ئەحمەد محەممەد ڕاگەیاند: لە کۆڕە شیعرییەکاندا جگە لە خوێندنەوەی شیعر، نوێترین دیوانی شیعریی بەناوی (تەمەن) بە واژۆی خۆیەوە بڵاودەکاتەوە و دەیخاتە بەردەستی

چین.. بۆ یەکەمجار سی بەرازیان بۆ مرۆڤ چاند



زانایان لەوڵاتی چین، بۆ یەکەمجار سیی بەرازیان بۆ پیاوێك چاند. بەرازەکە بە شێوەیەکی تایبەت دەستکاری کرا بە گۆڕینی هەندێک لە جینەکانی بۆ ئەوەی جەستەی مرۆڤ کەمتر ئەو ئەندامە ڕەت بکاتەوە. دوای نەشتەرگەرییەکە، سییەکان بۆ ماوەی نزیکەی نۆ ڕۆژکاریان کرد، یارمەتی هەناسەدانیان دەدا، پێش ئەوەی هێواش هێواش دەست بکات بە تێکچوون لەلایەن سیستەمی بەرگرییەوە. پزیشکەکان لەم پشکنینە سەرەتاییانەدا نەخۆشە مردووەکانی مێشک بەکاردەهێنن بۆیە هیچ کەسێکی زیندوو ناخرێتە مەترسییەوە. ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە، چونکە چاندنی سییەکان قورسە و سییەکانی بەخشەر بەشی پێویست نییە بۆ نەخۆشەکان. هەرچەندە ئەمە هێشتا ئامادە نییە بۆ مرۆڤە زیندووەکان، بەڵام هیوایەک دەبەخشێت کە ڕۆژێک ئەندامەکانی بەراز ڕەنگە یارمەتیدەر بن لە ڕزگارکردنی ژیانی زۆر کەس.

(کەڤاڵی هەتیوەکان) نیگارکێشی ئیتاڵی لویجی داریوس

گۆرانی (تو ئیشەڤ)ی بڵاوکردەوە

ڕۆژ عەلی: ڕەخنەم لێبگرن بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکەم



هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕۆژ عەلی، بەرهەمێکی نوێی بە ناوی (تو ئیشەڤ) لە شێوەی ڤیدیۆ کلیپدا بڵاوکردەوە کە تێکستی بەرهەمەکەی چەرگیزە ڕەش بۆی داناوە.

ڕۆژ عەلی, بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی هەر خۆی ئاوازیان بۆ دادەنێت و ژەنیاری ئامێری عودە و دانیشتووی ئەڵمانیایە، گۆرانیی(تو ئیشەڤ) نوێترین بەرهەمییەتی و خۆی ئاوازی بۆ داناوە و شیعری چەرگیزە ڕەشە.

ڕۆژ عەلی، خاوەنی چەند ئەلبوومێکی هونەرییە و ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە چەنالی یوتیوبەکەیدا نووسیویەتی ڕەخنەم لێبگرن بۆ ئەوەی زیاتر پێشکەوم و خزمەتی هونەر و ڕۆشنبیریی کوردیی بکەم.



لافی مەردی لێمەدە تا دەس لە دنیا بەرنەدەی
سەیری عیساکە بە ڕووتیی کەوتە سەر پێغەمبەری
ماڵی دنیا دەوری داوی، پیاوەتیت بۆ ناکرێ
بەندی گژنیژەی تەڵایە مۆری ناو ئەنگوشتەریی
قانع